WWW.RUDAW.NET

# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4 14ی گوڵانی 2715 (750) دینار

## 23 هەزار لایەنگری یەکێتی مووچەیان لەسەر وەزارەتی کارە

**رووداو- هەولێر**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو) راگەیاند "ماوەی چەند ساڵێکە مەڵبەندەکانی یەکێتی مووچەیەک بەناوی مووچەی تایبەت دەدەنە 23 هەزار لایەنگری خۆیان، ئەم مووچەیەش لەسەر بودجەی وەزارەتی کارە، بەڵام بەدەر لە رێنماییەکانی وەزارەتی کار دابەش دەکرێ". هەروەها گوتی "ناوی وەهمی لە لیستی ئەو مووچەخۆرانەدا بووە".

کەمترین مووچەی ئەو کەسانە 15 هەزار دینارە و زۆرترینیشیان 650 هەزار دینارە. بڕی ئەو مووچەیەی دەدرێتە ئەو 23 هەزار کەسە، ساڵانە دەگاتە 11 ملیار دینار.

ئێستا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ پێداچوونەوە بە مووچەی ئەو 23 هەزار کەسە و هەر کەسێک مووچەی دیکەی هەبێت، یان رێنماییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی نەیگرێتەوە مووچەکەی دەبڕدرێت.

مامۆستا رێبوار ئیسماعیل، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سێی رێکخستنی یەکێتی لە هەولێر کە لە نزیکەوە ئاگاداری دابەشکردنی ئەو مووچەیەیە، گوتی "ساڵێک زیاترە من ئاگام لە دابەشکردنی ئەو مووچەیە هەیە، نەمزانیوە مووچەخۆری وەهمی هەبووبێت".


گوتیشی "ئەم مووچەیە بە ئاگاداری بەرپرسانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەدرێت".



بەرپرسێکی پارتی لە کەرکووک:

### بە زەبری هێز رێگە لە بە هەرێمبوونی کەرکووک دەگرین

7



جەعفەر شێخ مستەفا:

### مام جەلال پێیگوتم پابەندی بڕیارەکانی کاک مەسعود بە

5

شیروان عەبدوڵڵا بۆ (رووداو):

### شانازی بە نازناوی مامۆساوە دەکەم

12



رووداو زانیاری لەبارەی مەترسیدارترین کەسی جیهان بڵاودەکاتەوە

# کەسایەتی ئەبوبەکری بەغدادی لە زمانی هاوڕێیەکییەوە

3 «




راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

## ئاوی خواردنەوە لە مەخموور کرمی تێدایە

**ڕووداو- هەولێر**

لەبەر کەمی ئاو و پیسبوونی ئاوی شارۆچکەی مەخموور، هاووڵاتیانی شارۆچکەکە دەڵێن دوو ڕۆژە ئاوی مەخموور کرمی هەڵێناوە و ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هەیە. غازی جەعفەر، بەڕێوەبەری ئاوی مەخموور بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاوی قەزای مەخموور لە بناری چیای قەرەچووغ دابیندەکرێت و هاوکات بەهۆی کەمی ئاوەکە و هەڵگرتنی لەناو بۆڕییەکاندا، تووشی پیسی بووە، ئێمەش ماددەی کلۆرمان نییە ئاوەکە پاکبکەینەوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری هەولێرمان لەو کێشەیە ئاگادارکردووەتەوە". ناوبراو گوتیشی "لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان خەریکی چارەسەرکردن و پاککردنەوەی ئاوی مەخموورین".



سالانە نزیکەی 11 ملیار دینار بووە

# 23 هەزار لایەنگری یەکێتی مووچەیان لەسەر وەزارەتی کارە

## "مووچەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە وەردەگیرا و دەبرایە مەڵبەندەکان بۆ دابەشکردنی"

**ساڵح قادر**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی چەند ساڵێکە فەرمانگەیەکی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان مانگانە نزیکەی ملیارێک دینار دەداتە مەڵبەندەکانی یەکێتی و ئەوانیش دابەشی سەر لایەنگرانی خۆیانی دەکەن. تاوەکو ئێستاش وەزارەتی کار دوو لیژنەی پێکهێناوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و دوایین لیژنەش بڕیاری داوە ئەو مووچەخۆرانە بخرێنە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ماوەی چەند ساڵێکە مەڵبەندەکانی یەکێتی مووچەیەک بەناوی مووچەی تایبەت دەدەنە 23 هەزار لایەنگری خۆیان، ئەم مووچەیەش لەسەر بودجەی وەزارەتی کارە، بەڵام بەدەر لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی کار دابەش دەکرێن".

بەپێی زانیارییەکان، کەمترین مووچەی ئەو کەسانە 15 هەزار دینارە و زۆرترینیشیان 650 هەزار دینارە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "هیچ بنەمایەک نییە بۆ دابەشکردنی ئەم مووچەیە، لە بنەڕەتدا مووچەکە بەناوی کەسانی کەمدەرامەت درا، بەڵام هەیە زۆر دەوڵەمەندە و ئەم مووچەیە وەردەگرێت، هەشیانە مووچەی دیکەی هەیە و ئەو مووچەیەش وەردەگرێت".

لەو 23 هەزار کەسە 10 هەزاریان لە سەنتەری شاری سلێمانین، 6800 کەس لە هەولێر، 1400 کەس لە دهۆک، 1300 کەس لە مووسڵ، 850 لە سۆران و 1900 کەسیش لە گەرمیانن. مووچەکەش لەسەر بودجەی وەزارەتی کارە، بەڵام لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە دابەش دەکرێت.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) بڕی ئەو مووچەیەی ئاشکرا کرد کە ساڵانە نزیکەی 11 ملیار دینارە. گوتیشی "لە نێو ئەو مووچەخۆرە تایبەتانە ناوی 350 کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەن کە لە کۆیە دادەنیشن". وەک ئەو گوتی "پێدانی ئەم مووچەیە زیاتر بۆ کەسبی حیزبییە".

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەدوای یەکخستنەوەی ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی لەدەستی یەکێتی نیشتمانی بوو، لەم کابینەیەی ئێستاشدا لەدەستی یەکگرتووی ئیسلامییە.

سەبارەت بە بوونی ئەم جۆرە مووچەخۆرانە لە نێو پارتیدا، ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "پارتیش ئەو جۆرە مووچەخۆرانەی هەبوو، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو، 30 کەسێک دەبوون، ئێستا تەنیا 15 کەس ئەو مووچەیە لە نێو پارتی وەردەگرن".

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا بە لیستی مووچەدا بچێتەوە، وەزارەتی کار لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا لیژنەیەکی بۆ پێداچوونەوە بە لیستی مووچەی وەزارەتەکەی پێکهێنا و لە ڕێگەی ئەو لیژنەیەوە ئاشکرا بوو کە 23 هەزار کەس لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سلێمانی "مووچەی تایبەت"یان هەیە، بەڵام مووچەکە لە ڕێگەی مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە دابەش دەکرێ.

ئێستا وەزارەتی کار لیژنەیەکی دیکەی پێکهێناوە بۆ ڕێکخستنی مووچەی ئەو کەسانە. هەر بۆیەش پێدانی ئەم مووچەیەی ڕاگرتووە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "مووچەی مانگی 10 و 11 و 12ی ئەو کەسانە هاتووە، بەڵام دابەشکردنەکەی لە هەولێر ڕاگیراوە، تەنیا لە سلێمانی دابەشکراوە".

بەپێی زانیارییەکان ئەو لیژنەیە بڕیاری داوە هەر کەسێک ڕێنمایی چاودێریی کۆمەڵایەتی نەیگرێتەوە، مووچەکەی ببڕدرێت، هەروەها ئەوانەی دوو مووچەشیان هەیە سەرپشکیان دەکات کە کام مووچە وەردەگرن، جگە لەوەش ئەوانەی مووچەیان کەمە، مووچەکەیان زیاد دەکرێت.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) گومانی هەیە کە ئەو 23 هەزار کەسە هەموویان مووچەکەیان وەرگرتبێ "چونکە مووچەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە وەردەگیرا و بە لیست دەبرایە مەڵبەندەکان و لەوێ دابەش دەکرا، بۆ نموونە کەسی وا هەبووە لیستێکی 2-3 هەزار کەسی لەلا بووە، مووچەی چەند کەسێکی داوە، ئەوانەی دیکە ناوی وەهمین و پارەکەی بۆ خۆی گلداوەتەوە، خەڵک هەیە لەو ڕێگەیەوە زۆر دەوڵەمەند بووە".

ئیبراهیم ڕۆستەم، بەڕێوەبەری گشتیی پشکنین لە وەزارەتی کار کە سەرۆکایەتی لیژنەی دووەم دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "نازانین ناوی وەهمی تێدایە یان نا، ئێمە لە قۆناغی پێداچوونەوەین، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی ناشایستەن ناوەکانیان دەردەهێنرێت و لە دەسەڵاتی وەزیردایە خەڵکی دیکە لە شوێنیان دابنێت".

لە مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر مووچەی 6500 کەس دابەش دەکرێت. بەڵام مامۆستا ڕێبوار ئیسماعیل، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سێی ڕێکخستنی یەکێتی لە هەولێر کە لە نزیکەوە ئاگاداری دابەشکردنی ئەو مووچەیەیە، گوتی "ساڵێک زیاترە من ئاگام لە دابەشکردنی ئەو مووچەیە هەیە، نەمزانیوە مووچەخۆری وەهمی لە نێو لیستی مووچەخۆران هەبووبێت". گوتیشی "ئەم مووچەیە بە ئاگاداری بەرپرسانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەدرێت و لە کاتی دابەشکردنی مووچەکەش نوێنەریان ئامادە دەبێت".

پەرلەمانی کوردستانیش ئاگاداری پێکهێنانی ئەو لیژنەیەیە بۆ ئەو 23 هەزار مووچەخۆرە. عومەر ساڵح، سەرۆکی لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە زانیومانە ئەو پارەیە بەبێ هیچ پێوەرێک دابەشکراوە و ئێستا لیژنەیەکی بۆ پێکهاتووە". دابەشبکرێت، بە هەدەردانی موڵکی گشتییە".

# بوتڵە غازەکانی دوو کارگەی سلێمانی قەدەغە دەکرێن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی پیشەسازی و وزەی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بەدواداچوون بۆ کێشەی ئەو بوتڵە غازانە دەکەن کە لە کارگەکانی سلێمانی دروست دەکرێن. بەڵام خاوەنی یەکێک لە کارگەکان دەڵێ بوتڵەکانیان هیچ کێشەیەکیان نییە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مەترسی تەقینەوە لە بوتڵی دوو کارگەی دروستکردنی بوتڵی غاز لە شاری سلێمانی بڵاوبووەوە. ژمارەیەک هاووڵاتی سکاڵایان گەیاندووەتە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆیە ئێستا لیژنەکانی پیشەسازی و وزەی ئەنجوومەنی پارێزگا و پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لەو بوتڵانە.

ئەو دوو کارگەیە ڕووبەڕووی دوو کێشە بوونەتەوە، یەکێکیان مۆڵەتەکەیانە کە پێشتر لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە پێیان دراوە، کێشەی دووەمیشیان جۆری بوتڵەکانیانە.

نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەژمارە 285 کە لە ڕۆژی 2012/2/1 بەواژۆی فەوزی فەرەنسۆ هەریری، سەرۆکی پێشووی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە و ئاراستەی وەزارەتەکانی (سامانە سروشتییەکان و بازرگانی و پیشەسازی کراوە)، ئاماژەی بە فەرمانێکی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە و تێیدا هاتووە "لەسەر فەرمانێکی ڕێزدار جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی دیاردەی بڵاوبوونەوەی بوتڵی غازی خراپ لە کوردستان، بەپێی یاسا ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێن و هەر سەرپێچییەک ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی لە بەرامبەردا بگیرێتە بەر".

لە نووسراوەکەدا هاتووە "سەرجەم خاڵە سنوورییەکان، بازگە نێوخۆییەکان ئاگادار بکرێنەوە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەن هیچ جۆرە بوتڵێک بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بێتە ناو هەرێمی کوردستان. مۆڵەتی مەرجداری کۆمپانیای (ڤا غاز) پووچەڵ بکرێتەوە بەهۆی سەرپێچیکردنی لە مۆڵەتەکەی، هەروەها ژیانی هاووڵاتیانی خستووەتە مەترسییەوە".

نووسراوەکە هەروەها داوای کردووە کە لەڕێگەی لیژنەی سووتەمەنیی پارێزگاکانەوە گشت بوتڵەکانی غازی خراپ و لەکارکەوتوو کۆبکەنەوە بۆ لەناوبردنیان. پێویستە مۆڵەتی کارگەی تایبەت بۆ دروستکردنی بوتڵی غاز یان مۆڵەتی هێنانی بوتڵی غاز لەڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بێت. هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەو گرێبەستانە پووچەڵ بکاتەوە کە لەنێوان پارێزگاکانی دهۆک و سلێمانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ هاوردەکردنی بوتڵی غاز کراون، چونکە بوتڵەکان بەپێی ستاندارد نین".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش نووسراوێکی بە ژمارە 2621 لە 2015/2/3 ئاراستەی گشت کارگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کردووەتەوە سەبارەت بە کێشەی بوتڵی غازەکان.



### "مۆڵەت کێشە نییە"

کارگەی غازی هەڵاڵە ساڵی 2012 لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانییەوە مۆڵەتی دروستکردنی بوتڵی غازی پێدراوە، دواتریش مۆڵەتی وەبەرهێنانی وەرگرتووە، سەبارەت بەچۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتەکەیان، بەکر غەریب، بەڕێوەبەری کارگەی بوتڵی غازی هەڵاڵە گوتی "ئێمە پێش ئەو نووسراوە کارگەکەمان دامەزراندووە".

فایەق مستەفا، ئەندامی لیژنەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕوونیکردەوە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەهۆی دروستبوونی کێشەی مۆڵەتەوە، نووسراوێکیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمە نەوتییەکان کردووە کە هەر بوتڵێک لەلایەن ئەو دوو کارگەیەوە دروستکرابێت، ڕێگە بەپڕکردنەوەی نادرێ، بۆیە وەکو پەرلەمان قسە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەن.

هەروەها تەها زەنگەنە بریکاری وەزیری سامانە سروشتییەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان کێشەیان نییە لە پێدانی مۆڵەت بەو کارگانە، بەڵام دەبێت کارەکانیان ستاندارد بێت و لە کوالێتی کۆنترۆڵ تاقیبکرێتەوە و دەربچێت".

دروستکردنی بوتڵی غاز پێویستی بە چەند پێداویستییەکە، لەوانەش (پلێت، سەمامە، لەحیم و تێست)، بەکر غەریب ڕوونیکردەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێیانگوتراوە بەستانداری عێراقی کار بکەن "بەپێی ستاندارد دەبێت پلێتەکە 3 ملم بێت و ئەوەی ئێمەش هەر ئەوەندەیە".

هەروەها لە دروستکردنی غازدا پێویستە سەمامەی (فەڕەنسی، دانیمارکی، ئەڵمانی و ئیتاڵی) بەکاربێت، چەند جۆرێکیشی هەیە لەوانە (سیراجە، ئۆمیگا، کۆسان)، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، جۆری سەمامەی ئەو کارگەیە ئێرانییە و لەگەڵ ستانداردی عێراقی ناگونجێ، بەکر غەریب ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەسڵەن ئێران ناتوانێ ئەو سەمامانە دروست بکات، پێشتر سەمامەی تورکیمان بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا ئیتاڵی بەکاردێنین".

هەر بەپێی زانیارییەکان، ئەو بوتڵە غازانە بە قاچاخ براونەتە شاری هەولێر و ئێستا لەو شارە فرۆشتنیان قەدەغە کراوە، بەڵام بەکر غەریب ئەوەشی ڕەتکردەوە و گوتی "لەساڵی 2012ەوە بوتڵی غاز بەڕەسمی بۆ شاری هەولێر دەبەین و پسوولەشمان هەیە، تاوەکو ئێستاش کەس بەخراپی قسەی لەسەر نەکردووە".

هەرچەندە تەها زەنگەنە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە داوایان لەو کارگانە کردووە سەردانیان بکەن تا بزانن شێوازی دروستکردنەکەیان چۆنە، بەڵام وەڵامی وەزارەتیان نەداوەتەوە. بەڕێوەبەری کارگەی بوتڵی غازی هەڵاڵە گوتی "ئامادەم چەندین نووسراویان بۆ بکەم تا لیژنە بنێرن و لێکۆڵینەوە لەکارەکانمان بکەن، بەڵام بەداخەوە هیچ بەدواداچوونێکیان نەکردووە".

ئەندامەکەی لیژنەی پەرلەمانیش دەڵێت کە لەگەڵ 4 بەڕێوەبەرایەتی شاری سلێمانی و خاوەن کارگەکانیش کۆبوونەتەوە بۆ زانینی کوالێتی بوتڵەکان، بەڕێوەبەری هەر 4 فەرمانگەکە بە دۆکیومێنت، پشکنینی بوتڵەکانیان سەلماندووە و گوتوویانە "سەلامەتیی ئەو بوتڵانە دەخەینە ئەستۆی خۆمان".

هەر لەسەر کوالێتی بوتڵەکان، ژمارەیەک سکاڵا بە لیژنەی وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا گەیشتووە، مەهدی مەحموود ئەندامی لیژنەی ناوبراو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم هەفتەیە سەردانی ئەو دوو کارگەیە دەکەین".

# بەڕێوەبەری پەروەردەیەک بە "گەندەڵی" تۆمەتبار دەکرێ

پەروەردەی دهۆک:

لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان لەسەر پێکهێناوە




**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دۆسیەیەک لەسەر بەڕێوەبەری پەروەردەی سێمێل دراوەتە لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان و کۆپیەکیشی نێردراوە بۆ وەزیری پەروەردە. بەڕێوەبەری پەروەردەی دهۆکیش دەڵێت "لیژنەیەکی لێکوڵینەوەمان لەسەر ئەو بەڕێوەبەرە پێکهێناوە".

چەند کەسێک هەندێک بەڵگە و زانیاری لەسەر بەڕێوەبەری پەروەردەی سێمێل کۆدەکەنەوە و بەڵگەکان دەدەنە لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمانی کوردستان.

عومەر کۆچەر، سەرۆکی ئەو لیژنەیەی پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دۆسیەیەکیان بەدەست گەیشتووە و گوتی "ئێمە دۆسیەکەمان بە ڕاپۆرت داوەتە وەزارەتی پەروەردە و خۆشم لەگەڵ وەزیری پەروەردە لەسەر ئەو پرسە قسەم کردووە".

عومەر کۆچەر ئامادە نەبوو ناوەڕۆکی بەڵگەکان ئاشکرا بکات و گوتی "جارێ کەس تۆمەتبار ناکەین و چاوەڕێی ئەنجامی ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەت دەکەین، ئەگەر قەناعەتمان پێکرد تەواو، ئەگەر نا لە بەدواداچوونی خۆمان بەردەوام دەبین".

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پەروەردەی دهۆک هەندێ زانیاری نێو ڕاپۆرتی لیژنەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "فەرمانبەری بندیوار هەبووە و مووچەی وەرگرتووە، مامۆستا هەبووە چەند مانگێک حوکمدراوە کەچی مانگانە مووچەکەیان بۆ بردووەتەماڵەوە، خەڵک هەبووە شایستە نەبووە گرێبەستی بۆ بکرێ، بەڵام کراوە، قوتابی هەبووە داخلی ئەزموونەکانی وزاری کراوە، هەبووە لە قوتابخانە دەرنەچووە کەچی نمرەی پێدراوە و دەرچووێندراوە. هەروەها بەڕێوەبەر بەدەر لە ڕێنماییەکان دەسەڵاتی بەکارهێناوە".

عەبد یوسف، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆکیش لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکمان لەسەر ئاستی پەروەردەی گشتی لەسەر ئەو کەیسە پێکهێناوە". گوتیشی "هەندێک شتی زۆر بچووکن و بەڵگەی بەهێز نین، بەڵام لیژنەکەمان بڕیاری خۆی دەدات و دواتر بە نووسراوی فەرمی وەڵامی وەزارەت دەدەینەوە"

عەبدوڵڵا حەسەن، بەڕێوەبەری پەروەردەی سێمێل بێ ئاگایی خۆی لە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە ڕاگەیاند و گوتی "ئاگام لە پێکهێنانی لیژنە و لێکۆڵینەوەی هیچ لیژنەیەک نییە". ناوبراو کە 13 ساڵە بەڕێوەبەری پەروەردەی سێمێلە، گوتی "سەد دەر سەد پێتاندەڵێم گەندەڵیم نەکردووە، دواتریش ئەنجامەکەی دەبینن".

## یەکگرتوو: پێشوازی لە پڕچەککردنی پێشمەرگە دەکەین

**رووداو- هەولێر**

رۆژی یەکشەممە 3ی ئایاری 2015 ، مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداو بەپێی راگەیێنراوێکی میدیا فەرمییەکانی یەکگرتوو، هەڵوێستی ئەو حیزبە لەسەر پرۆژە بڕیاری کۆمارییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە خراوەتە روو و تێیدا هاتووە "پێشوازی لێدەکەین و دەکرێت سەرەتایەکی بەهێزبێت بۆ ئایندەیەکی سیاسی گەش بۆ میللەتەکەمان، چونکە پێشمەرگە ئەمڕۆ لەجیاتی جیهان دژی تیرۆریزمی جیهانی (داعش) دەجەنگێت و پارێزگاری لە بەشێکی فراوانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، بۆیە مافی خۆیەتی پڕ چەکبکرێت".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

**رووداو زانیاری لەبارەی مەترسیدارترین کەسی جیهان بڵاودەکاتەوە**

# کەسایەتی ئەبوبەکری بەغدادی لە زمانی هاوڕێیەکییەوە



دەرکەوتنەوەی بەوشێوەیە لە مووسڵ بۆ من سەدمە بوو

- هەندێجار بۆ فەرمانگە حکومییەکان تیشێرتی لەبەردەکرد
- قوتابیانی مووسڵ و دهۆکیش لە مزگەوتەکەی دەمانەوە
- شێخ ئیبراهیمی پێش داعش بەتەواوی جیاوازبوو لەوەی ئێستا

ئەبوبەکر بەغدادی، بووەتە کەسایەتی جێی بایەخی ژمارە یەک بۆ میدیا و خەڵکی جیهان. ئەو ئێستا بە "مەترسیدارترین کەسی جیهان" دەناسێنرێت . بەهۆی ئەوەی سەرۆکایەتی (دەوڵەتی ئیسلامی) ناسراو بە (داعش) دەکات کە ئێستا بە مەترسیدارترین رێکخراوی چەکداری توندڕەو دادەنرێت لە جیهاندا . تۆڕی میدیایی رووداو ، بۆ یەکەمجار لە زمانی هاوڕێیەکی ئەبوبەکر بەغدادییەوە ، هەندێ زانیاری نەزانراو لەبارەی ئەو کەسایەتییە ئاڵۆز و شاراوەیە ئاشکرا دەکات .

**عومەر عەلی**
**رووداو — بەغدا**

### ئێستا چی دەکات ؟

ماوەیەکە هەواڵی زۆر لەبارەی دوورکەوتنەوەی ئەبوبەکر بەغدادی لە سەرکردایەتیکردنی کردەییانەی داعش بڵاودەبنەوە، بەهۆی ئەوەی دەگوترێت گوایە لە هێرشێکی فڕۆکەکانی هاوپەیمانانـدا لە پارێزگای مووسڵ برینداربووەو ئێستا بڕبڕەی پشتی تەواو تێکچووە ، بەڵام ئەبو ئەسعەدی ئەنساری، گوتاربێژی داعش لە مووسڵ کە هەموو هەفتەیەک لە گوتارەکەیدا باسی رەوش و روانگەی داعش دەکات ، رایگەیاند کە ئەبوبەکری بەغدادی سەلامەتە و هەواڵی برینداربوونی راست نییە و ئێستا لە ئەنبار سەرپەرشتی شەڕ دەکات .

### لە کوێوە دەستیپێکرد ؟

ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم بەدری ناسراو بە (ئەبوبەکر بەغدادی) ، ساڵی 1971 لە قەزای سامەڕای سەر بە پارێزگای سەلاحەدین لەدایکبووە . ساڵی 2010 بووەتە ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق، لە تەمموزی 2014دا خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند و خۆیشی لە رۆژی 5ی تەممووزی 2014دا لە (مزگەوتی نوری گەورە ) وتاری نوێژی هەینی پێشکەش کرد وەکو خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی .

ئەبوبەکر بەغدادی ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دکتۆرای لە زانکۆی ئیسلامی لە بەغدا بەدەستهێناوە . بەلانیکەم دوو هاوژینی هەیە . لە کۆتایی ساڵی 2004 لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دەستگیرکرا و تاوەکو ئازادکردنی لەساڵی 2006 لە سەربازگەی بوکا زیندانی بوو لە بەسرا . چەند رێکخراوێکی بچووکی دامەزراندووەو، دوای کوژرانی زەرقاوی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە ، بووەتە کەسێکی دیار لەنێو لقی قاعیدەدا لە عێراق . دوای کوژرانی ئەبو حەمزەی موهاجیر ، بووەتە کەسی یەکەمی قاعیدە لە عێراق .

ئەبوبەکر بەغدادی ، تائێستا تەنیا یەک جار بەشێوەی ڤیدیۆیی دەرکەوتووەو، چوار کاسێتی دەنگیشی بڵاوکردووەتەوە . خۆی لە دەرکەوتن پاراستووە . ئەو کەسێک بووە لەنێو رێکخراوەکەشیدا زۆر جار بە دەمامکداری قسەی بۆ بەرپرسانی رێکخراوەکەی کردووە ، بۆیە ماوەیەک بە ناوی " شێخی دەمامکدار" نێوبانگی دەرکردبوو . هەموو ئەوانەی پێش تێکەڵاوبوونی ئەبوبەکر بەغدادی لەگەڵ رێکخراوە چەکدارە توندڕەوەکاندا ئەویان دەناسی، دەڵێن کەسێکی زۆر قسەزان و لەسەرەخۆ و ئارام بوو .

### هاوڕێیەکەی قسە دەکات

تائێستا هەموو شتێکی رێبەری دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە (داعش) تەمومژاوییە . تۆڕی میدیایی رووداو بۆ یەکەمجار زانیاری نەزانراو لەبارەیەوە ئاشکرا دەکات .

ئەبوبەکر بەغدادی ، ماوەیەک لە ساڵانی نەوتەکانی سەدەی رابردوودا لە گەڕەکێکی میللی شاری بەغدای پایتەختی عێراق ژیاوە. لە خوێندنەکەیدا هەر خەریکی شەریعەتی ئیسلامی بووە ، پێش ئەوەی ببێتە کەسی یەکەمی مەترسیدارترین گرووپی چەکدار لە جیهاندا .

بەپێی گێڕانەوەی دراوسێیەکانی ئەو مزگەوتەی ناوچەی تۆپچی کە ئەبوبەکر بەغدادی وتارخوێن و پێشنوێژکاری بوو ، بۆ (رووداو)، کەسایەتیی ئەبوبەکر بەغدادی زۆر دژیەکیی تێدابوو .

ئەبوبەکر بەغدادی لە مزگەوتی (حاجی زێدان) خوێندوویەتی کە بە قوتابخانەیەکی ئایینی دادەنرێت و شوێنی نووستن و مانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابیانە بوو کە خەڵکی مووسڵ و تکریت بوون و لە کۆلیژی شەریعەتی بەغدا دەیانخوێند ( کە ئەوەش بە رێککەوتن دەبێت لەگەڵ سەرپەرشتیاری مزگەوتەکە). ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خوێندنی شەریعەتی ئیسلامی بوو، روویاندەکردە ئەو مزگەوتە .

باوکی محەممەد ، کەسێکی تەمەن 40 ساڵە و چەند ساڵێک لەگەڵ ئەبوبەکر بەغدادیدا ژیاوە . یەکەمجار سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا بەرامبەر ئەو وێنەیەی بەغدادی کە وەک مەترسیدارترین کەسی جیهان ناسێندراوە ، چونکە ئەوکاتەی ئەو ئەبوبەکر بەغدادی دەناسی، کەسێکی زۆر سادە و نادیاربووەو، هیچ جۆرە پێشبینییەکی بەوشێوەیەی لێنەکردووە .

باوکی محەممەد کە فەرمانبەرێکی حکومەتە لە بەغدا ، رازیبوو وەڵامی پرسیارەکانی رووداو بداتەوە ، بەڵام بەومەرجەی وێنە و ڤیدیۆیەکەی بڵاونەکرێتەوە .

**رووداو: بیرت لەچی دەکردەوە ئەوکاتەی بیستت ئەبوبەکری بەغدادی دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامیی راگەیاند و خۆیشی بووە خەلیفەی ؟**

**باوکی محەممەد:** هیچ چاوەڕێ نەبووم رۆژێک لە رۆژان ئەو کەسە ئارام و لەسەرخۆیە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی گەڕەکەکە ، ببێتە مەترسیدارترین کەس و مرۆڤکوژ و بەوشێوەیە توندوتیژبێت ، کە وایکرد بتوانێ دەست بەسەر پارێزگایەکی گەورەی وەک نەینەوادا بگرێت و بیکاتە بارەگای دەوڵەتەکەی .

### نەیدەتوانی کۆنترۆڵی حوزەیفەی کوڕی بکات

### کە تووشی پێکان هات من چارەسەرم کرد

**رووداو : ئێوە کاتی خۆی بە چ ناوێک بانگتان دەکرد ؟**

**باوکی محەممەد :** پێماندەگوت (مەلا) یان (شێخ ئیبراهیم ) ، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە گەڕەکی تۆپچی دەژیا . لەوێ خانووێکی بەرامبەر مزگەوتەکە بەکرێ گرتبوو کە بریتی بوو لە دوو ژوور.

**رووداو : چۆن دەتوانی وەسفی کەسایەتی شێخ ئیبراهیممان بۆ بکەی ؟**

**باوکی محەممەد :** وەک کەسێکی ئاسایی دەردەکەوت ، زیاتر لەوەی وەک کەسێکی ئایینی و وتارخوێن دەربکەوێت . جارێک کوڕە بچووکەکەی خۆم بردە ماڵی ، چونکە زۆر لە نوێژکەرانی ناوچەکە منداڵەکانیان دەهێنایە لای بۆ ئەوەی قورئانیان بەسەردا بخوێنێت . ئەوکات وەڵامی دامەوەو گوتی: "ئەگەر خێر لەوەدابووایە، کوڕە هاروهاجەکەی خۆم پێ چارەسەر دەکرد ". کوڕەکەی ناوی حوزەیفە بوو ، زۆر هاروهاج بوو ، نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات .

**رووداو: ئایا هیچ سرووت و شتی تایبەتی هەبوو؟**

**باوکی محەممەد:** هیچ شتێکی تایبەتی نەبوو ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە دەتوانێ سەرکردایەتی کۆمەڵێک کەس بکات، هەروەها جلوبەرگەکانیشی کراس و پانتۆڵ بوون و هەندێجار تیشێرتی لەبەر دەکرد کە بۆ کاروباری خۆی دەچووە فەرمانگەکانی حکومەت . بەڵام لەکاتی پێشنوێژەکانیدا مێزەر و جوبەی لەبەردەکرد ، لەنێو مزگەوتیشدا بەزۆری جلوبەرگی ئاسایی عەرەبی لەبەر دەکرد ، واتە دشداشە و عەرەقچین .

**رووداو : چۆن رۆژی خۆی بەڕێدەکرد ؟**

**باوکی محەممەد:** شێخ ئیبراهیم پێیخۆش نەبوو بە تەنیا بژیت ، بۆیە بەردەوام برادەرەکانی لە دەوروبەری بوون ، لە مزگەوت و دەرەوەش هەر بەوشێوەیە دەژیا . بەڵام زۆربەی کاتی خۆی لەنێو مزگەوتدا بەسەردەبرد و خەریکی گوتنەوەی وانە ئاینییەکان بوو بە قوتابیانی شەریعە و هەروەها خەریکی خولەکانی لەبەرکردنی قورئان بوو بە منداڵان . شێخ ئیبراهیم وتارخوێنی مزگەوت نەبوو ، تەنیا دووجار ئەو کارەی کردبوو، ئەوەندەی بەبیرم دێت لە ساڵی 1995 بوو کە چووە سەر سەکۆی وتاردان، بەڵام بەدرێژایی کات پێشنوێژکاری مزگەوت بوو . مزگەوتی گەڕەکی تۆپچی بریتی بوو لە قوتابخانەیەکی ئاینی و قوتابییەکان لە چەندین پارێزگاوە بۆی دەهاتن، وەک پارێزگاکانی: ئەنبار، مووسڵ، دهۆک و سەڵاحەدین و چەند شەوێک لە مزگەوتدا دەمانەوە . زۆربەی ئەوانەی لە دەوروبەری شێخ ئیبراهیم بوون لە دوای 2003 لەشەڕدا لەگەڵ ئەمریکییەکان کوژران. شێخ ئیبراهیم لەدوای 2004 بە تەواوی ونبوو و لە ناوچەی تۆپچی دیار نەما .

**رووداو: بەپێی نزیکییەکەت لێیەوە، پێشبینیت دەکرد رۆژێک لە رۆژان ببێتە رێبەری مەترسیدارترین گرووپی چەکدار لە جیهاندا ؟**

**باوکی محەممەد:** ئەوەی جێی سەرنجە ، شێخ ئیبراهیمی پێش داعش بەتەواوی جیاوازبوو لەوەی ئێستا دەردەکەوێت . تەنانەت ئەوکاتەی پێشنوێژیی دەکرد ، هیچ ئەوەی لێ تێبینی نەدەکرا کە کەسێکی جیهادییە ، بەڵام رەوشەکە دواتر تەواو گۆڕا . دوای داگیرکردنی عێراق و خاوەندارێتیکردنی لە بیری جیهادی ، جارێکیان بە رێکەوت لەشاری فەللوجە بینیم کە بۆ سەردانی خزمێکم چووبوومە ئەوێ . لەوێ سڵاوم لێکرد و پێمگوت تۆ لێرە چی دەکەی ، خۆ خزمەکانت لە سامەڕان ؟ ئەویش پێیگوتم : من ئێستا شەڕی ئەمریکییەکان دەکەم . ئینجا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیرا و زیندانی کرا . پاشان هاوینی رابردوو لەسەر تەلەڤزیۆن بینیمان دەچێتە سەر سەکۆی مزگەوتی گەورەی مووسڵ و وتار دەدات ، ئەوکات یەکەمجار وامانزانی شێتە .

**رووداو : واتە دەرکەوتنی بەوشێوەیە بۆ ئێوە شتێکی سەیربوو ؟**

**باوکی محەممەد:** سەرەتا دەزگا میدیاییەکان وێنەیەکی شێخ ئیبراهیمان بڵاودەکردەوە کە زۆر نزیک بوو لەشێوەی ئەو کەسەی ماوەیەک لەنێو ئێمەدا ژیابوو و وانەی شەرعی و لەبەرکردنی قورئانی فێری منداڵەکانی ئێمە کردبوو . بەڵام سەیرەکە لە یەکەم دەرکەوتنە تەلەڤزیۆنییەکەیدا بوو ، لە گوتارە بەنێوبانگەکەیدا لە مووسڵ . شتەکە بۆ من وەک سەدمە بوو . دواتر هەواڵی شێخ ئیبراهیم (ئەبوبەکر بەغدادی) بەشێوەیەکی بەربڵاو بەنێو گەڕەکی تۆپچیدا بڵاوبووەوە. لەخۆیان دەپرسی، دەبێ ئەوە هەمان شێخ ئیبراهیمە خاکەرا و ساکارەکەی لای ئێمە بێت؟

**رووداو : هیچ جارێک هەڵوێستێکی سەیر لەنێوان تۆ و بەغدادیدا دروستبووە ؟**

**باوکی محەممەد:** جارێک یاریی تۆپی پێمان دەکرد لە گۆڕەپانی میللی گەڕەکی تۆپچی . گۆڕەپانەکە نزیکی مزگەوت بوو و دروست دەکەوێتە کارگەی چوت . ئەوکات لە یارییەکەدا پێی شێخ ئیبراهیم تووشی پێکانێکی سەخت بوو ، لەبەرئەوەی من شارەزای فریاگوزاری سەرەتایی بووم ، من چارەسەرم کرد ، بەڵام دوایی کە بەوشێوەیە بینیم زۆر پەشیمان بوومەوە و هەمیشە بە بنەماڵەکەم دەڵێم ئەگەر بمزانیبا دەبێتە مەترسیدارترین تاوانبار لە جیهاندا ، بەهیچ شێوەیەک لێی نزیک نەدەبوومەوەو چارەسەرم نەدەکرد و، ئەگەر بمزانیبا لاقەکەیم دەشکاند نەک چارەسەرم نەدەکرد . شێخ ئیبراهیم یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێ بوو ، راگرتنی زۆر زەحمەت بوو .

**رووداو : چۆن ئەوە لێکدەدەیەوە کە ئەو شێخ ئیبراهیمە ساکارە بووەتە رێبەری مەترسیدارترین گرووپی چەکدار لە جیهاندا ؟**

**باوکی محەممەد:** شێخ ئیبراهیم خاوەن پەیوەندییەکی فراوان بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینیدا. لەبەرئەوەی خەڵکی جیاواز لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراقەوە دەهاتن و لە مزگەوتەکەی دەمانەوە . مزگەوتی حاجی زێدان وەک میوانخانەیەکی قوتابیانی شەریعەتی ئیسلامی لێ هاتبوو، بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانیان دەکرد. بەڵام برادەری هەرە نزیکی شێخ ئیبراهیم کە بەردەوام سەردانی دەکرد (ئەبو زەهرا) بوو ، ئەبو زەهرا لە ساڵانی نەوەتەکاندا برادەری بوو، ئەویش قوتابی کۆلیژی شەریعەت بوو . خەڵکی شاری مووسڵ بوو ، بەپێی زانیاریی من پێشنوێژکار و گوتارخوێنی مزگەوتێکی مووسڵ بوو، بە نێوەندی و میانڕەوی بەنێوبانگ بوو . لەگەڵ دەستگرتنی داعش بەسەر مووسڵدا ، ئەبو زەهرا وازی لە گوتاربێژی و پێشنوێژکاری هێنا و تەنیا وەک کەسێکی ئاسایی نوێژی دەکرد لە هەمان مزگەوتدا . دیارە کەسێک خەبەری لێدا لای داعش، ئەوانیش ئەبو زەهرایان گرت و ئەشکەنجەیان دا و سووکایەتیان پێکرد و، لێیانپرسی کە بۆچی دوای ئەوەی ئێمە هاتین وازت هێنا؟ ئەویش پێیگوتبوون من باوەڕم بە بیری تەکفیریی ئێوە نییە ، ئەوەش وایکرد کە سزای ساڵێک دەرنەچوون لەماڵی بەسەردا بسەپێنن .

### داعش دوای گرتنی مووسڵ نزیکترین هاوڕێی ئەبوبەکر بەغدادی سزا دا



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

## وەزیری کارەبا بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت



**ڕووداو- سلێمانی**

بە مەبەستی بەرگرتن لە ڕووبەڕوونەوەی گرفتی کەمی کارەبا لە وەرزی هاویندا، بڕیارە وەزیری کارەبا بانگهێشتی پەرلەمان بکرێ. فایەق مستەفا ئەندامی لیژنەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند بانگهێشتی سەلاحەددین بابەکر، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کێشەکانی کارەبا ئاگادار بن، تاوەکو بزانرێ ئامادەکاری تەواو کراوە بۆ وەرزی هاوین و گرفتی کەمی کارەبا سەرهەڵنەداتەوە.

# پێشمەرگە بۆچی لە کۆبانی کشانەوە؟

## سەرپەرشتیاری ڕەوانەکردنی چەک بۆ کۆبانی: 130 تۆن گوللەمان تەقاند

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

پێشمەرگە بەنیاز نەبوون بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان تاوەکو سەرجەم سنووری کانتۆنی کۆبانێ لە چەکدارانی داعش پاکنەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەقەمەنی و چەکی پێویستیان پێ نەمابوو، تورکیاش ڕێگەی بە ناردنی چەک نەدا بۆ ئەو پێشمەرگانە، بۆیە ناچاربوون بگەڕێنەوە.

ئەو کەسەی سەرپەرشتی ناردنی چەک و تەقەمەنی دەکرد بۆ هێزەکەی پێشمەرگە لە کۆبانی، ئاشکرای کرد کە لەو ماوەیەی پێشمەرگە لە کۆبانی بوو، 26 بارهەڵگری پڕ لە چەک و تەقەمەنییان بۆ ڕەوانە کراوە، بەڵام فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت تورکیا چیدی ڕێگەی بەناردنی تەقەمەنی نەدا بۆ پێشمەرگە لە کۆبانی.

لیوا قەهار دۆسکی کە سەرپەرشتی یەکەم کاروانی پێشمەرگەی کرد بۆ کۆبانی، بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێککەوتنی کورد و تورکیا و ئەمریکا ئەوەبوو، پێشمەرگە تەنیا بەشداری لە شەڕی نێو سەنتەری کۆبانێدا بکەن و و دواتر بگەڕێنەوە، بەڵام کاک مەسعود بارزانی پێی باش بوو هاوکاری هێزەکانی ڕۆژئاڤا بکەین تاوەکو گوند بەگوندی کۆبانی لە دەستی داعش دەردێنین".

نزیکەی حەوت مانگ لەمەوبەر بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان 150 پێشمەرگە بە چەک و تەقەمەنییەوە لە باشووری کوردستانەوە بە ڕێگەی تورکیادا گەیشتنە کۆبانێ، ئەوکات تەنیا 20%ی کۆبانی بەدەست شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە مابوو. بەڵام پێشمەرگە توانی باڵانسی شەڕەکە بەلای کورددا بشکێنێتەوە و داعش لە شارەکە وەدەرنرا.

ئەو هێزانەی چووبوونە کۆبانێ لە ماوەی ئەو 7 مانگەدا چوار جار ئاڵوگۆڕیان پێکرا لەگەڵ هێزی دیکە، بەڵام لە 29ی مانگی ڕابردوو دوایین کاروانی پێشمەرگە لە کۆبانێ بە یەکجاری گەڕانەوە کوردستان، هەروەها دوێنێ یەکشەممە چەک و تەقەمەنییەکانی پێشمەرگەش هێنرانەوە، لە کاتێکدا بەشێک لە گوندەکانی کۆبانی هێشتا لە دەست چەکدارانی داعشدا ماون.

لیوا قەهار دۆسکی جگە لەوەی کە فەرماندەی یەکەم کاروانی پێشمەرگە بوو بۆ کۆبانێ، سەرپەرشتیاری ڕەوانەکردنی چەک و تەقەمەنیش بوو بۆ ئەو شارەی ڕۆژئاوای کوردستان. دۆسکی بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا ڕێککەوتنی نێوان بارزانی و تورکیا و ئەمریکا ئەوە بوو کە پێشمەرگە تەنیا بۆ ڕزگارکردنی سەنتەری شاری کۆبانێ بچن، دوای ئەوەی سەنتەری کۆبانێ هەموو ئازادبوو، ئیدی بەپێی ڕێککەوتنەکە دەبووایە پێشمەرگە گەڕابانەوە، بەڵام سەرۆک بارزانی پێیخۆش بوو هاوکاری یەپەگە بکەین هەتاوەکو سەرجەم گوندەکانی کۆبانێ ئازاد دەبن".

دۆسکی باسی بڕی ئەو چەک و تەقەمەنیانە دەکات کە لە ماوەی ئەو حەوت مانگە بۆ هێزەکانی پێشمەرگ لەو شارە ڕەوانە کراون و گوتی "کاروانی یەکەم 7 بارهەڵگر چەک و تەقەمەنیمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، چەکەکانیش بریتی بوون لە کلاشینکوف، بیکەیسی، ڕەشاش، هاوەنی 120 ملم، 51 ملم، 81 ملم، 62 ملم و دۆشکە و نارنجۆک و چەندین جۆرە چەکی دیکە. سەرجەم ئەو چەکانە لەلایەن تورکیاوە تۆمار دەکران، لەوێ پێویستمان بە تەقەمەنی بوو، چوار لۆری تەقەمەنیمان لەلایەن تورکیاوە بۆ ڕەوانەکرا. لە سێ کاروانەکەی دیکەش بۆ هەر کاروانێک 5 لۆری چەک و تەقەمەنیمان ڕەوانە کرد، ئێمە لەم ماوەیەدا 22 لۆری چەک و تەقەمەنیمان بۆ کۆبانێ نارد، چوار لۆریشمان لە تورکیاوە بۆ هات، سەرجەم تەقەمەنییەکە 130 تۆن بوو، هەموویمان لە شەڕدا بەکارهێنا".

### تورکیا بە چوار لۆری تەقەمەنی هاوکاریی پێشمەرگەی کرد لە کۆبانی

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە باسی هۆکاری سەرەکی گەڕانەوەی پێشمەرگە لە کوبانێ دەکات و دەڵێت "کە تورکیا زانی سەنتەری کۆبانێ تەواو ڕزگار بوو، ئیدی ڕێگەی نەدا چەک بۆ پێشمەرگە بگاتە کۆبانێ، هەرچەندە بارزانی زۆر هەوڵیشی دا، بەڵام تورکیا ڕازی نەبوو، ئیدی پێشمەرگە تەقەمەنی تەواو بوو، بۆیە بەناچاری گەڕانەوە".

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئەو چەک و تەقەمەنیانەی لەگەڵ خۆیان بردبوو، لیوا قەهار دۆسکی گوتی "وەکو تەقەمەنی 130 تۆنمان بردوو، لەگەڵ یەپەگە هەموومان بەکارهێنا، بەڵام ئەو چەکانەی بردبوومان، هەموومان گەڕاندەوە. ئێستا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ گەیاندنی چەک بە یەپەگە، تەنیا ڕێگای قاچاخ نەبێ".

جگە لە سەنتەری کۆبانێ، پێشمەرگە هاوکاری یەپەگەی کرد بۆ ڕزگارکردنی 300 گوندی سەر بەو شارە سنووریە، ئێستا تەنیا 15 گوندی کۆبانێ لەبن دەستی داعش ماون.

موسلیح زێباری کە فەرماندەیی سێیەم کاروانی پێشمەرگەی کرد بۆ کۆبانێ. باسی خەرجییەکانی پێشمەرگە دەکات لەو شارە و دەڵێت "لەو ماوەیەی پێشمەرگە لە کۆبانێ بوو، هەر پێشمەرگەیەک ملیۆنێک و 500 هەزار دیناری پێدراوە، خەرجیی مانگانەی هەر کاروانێک 50 هەزار دۆلار بوو کە بۆ ئەو حەوت مانگە دەکاتە 350 هەزار دۆلار".

موسلیح زێباری باسی هاوکارییەکانی تورکیای بۆ پێشمەرگە کرد و گوتی "جگە لەو چوار لۆریە تەقەمەنییەی تورکیا بۆی ڕەوانە کردین، ڕۆژانەش بە دوو کاروان لە پرسوسەوە خواردنی ئامادەکراو و شیرینی و میوە بۆ پێشمەرگە دەهات، بۆ هەر پێشمەرگەیەک ڕۆژانە نزیکەی 20 دۆلاری خەرج دەکرد، خەرجیی ئەو خواردن و شیرینی و میوەیە لەو ماوەیەدا گەیشتە 630 هەزار دۆلار، ئەمەش وەک هاوکارییەکی تورکیا بوو بۆ شەڕی کۆبانێ".




گەڕانەوەی دوایین کاروانی پێشمەرگە لە کۆبانێ

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# ژنێکی ئێزدی: 1000 کوردی ئێزدی لە شاری ڕەقەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ژنێکی ئێزدی کە دوای دەستگیرکردنی لایەن داعشەوە، براوەتە پارێزگای ڕەقە لە سووریا، زانیاری نەگوتراو لەبارەی ئێزدییەکانی بندەستی داعش باسدەکات و دەڵێت نزیکەی 1000 کوردی ئێزدی لە پارێزگای ڕەققەن و ڕەوشی ژیانیان زۆر خراپە و زۆر بە کەمی خواردنیان دەستدەکەوێت.

حەربێ خدر، تەمەن 60 ساڵ، لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئاوارەکان لە دهۆک، چاوەڕێی وەرگرتنی هاوکاری دەکرد، ئەو یەکێک بوو لەو ئێزدیانەی دوای داگیرکردنی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری لە 3ی ئابی ڕابردوو لەگەڵ هەزاران ئێزدی دیکە کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش و بۆ مووسڵ و تەلعەفەر گواسترانەوە، هەندێکیشیان برانە پارێزگای ڕەققە لە سووریا.

حەربێ باسی ئەو ڕۆژەی کرد کە کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش "لە نزیک چیای شنگال کەوتینە دەستی داعش، زۆربەی چەکدارەکانی داعش عەرەبی ناوچەکە بوون، نزیکەی دوو مانگ ئێمە لە عێراق ماینەوە، چوار جێگەیان گۆڕی، سەرەتا لە شنگال بووین، پاشان گوازراینەوە بۆ گوندی کۆچۆ، دواتر بردیانین بۆ شاری مووسڵ، لەوێ کچەکانیان لە ئێمە جیاکردەوە و ئینجا بردیانین بۆ قەزای تەلعەفەر".

ئەو ژنە زوو زوو دووبارەی دەکردەوە کە وێنەکەی بڵاونەکرێتەوە، ئەو ئێستاش لە چەکدارانی داعش دەترسێ و دەڵێت "هێشتا هەندێ کەسی نزیکم لەلای چەکدارانی داعشن، دەترسم ئەگەر وێنەکەم ببین و بمناسنەوە، مێردەکەم و منداڵەکانم بکوژن".

چەکدارانی داعش بەردەوام جێگۆڕکێ بە ئێزدییە دەستبەسەرکراوەکان دەکەن. وەک حەربێ گوتی "ڕۆژێکیان سێ پاسیان بۆ هێناین و ئێمەیان سەرخستە نێو پاسەکان، بەڵام هیچکام لە خزم و کەسەکانم لەگەڵ نەبوو، نزیکەی دوو ڕۆژ بەڕێگاوە بووین، پاشان گەیشتینە شارێک و دایانبەزاندین، ئێمەیان بردە کێڵگەیەکی پەلەوەر. نەماندەزانی شوێنەکە کوێیە. دواتر لە پاسەوانەکەم پرسی: ئێرە کوێیە؟ گوتی: ئێرە شاری ڕەققەیە".

ڕەوشی ژیانی ئێزدییەکان وەک ئەو ژنە بەساڵاچووە باسیکرد، لەو شوێنە زۆر خراپ بووە "نزیکەی 20 ڕۆژ خواردن و خواردنەوە زۆر کەم بوو، خواردنەکە زۆر خراپ بوو".

بەهۆی ئەوەی لە زێدی خۆیان دوور بوون، چەکدارانی داعش چاودێری توندیان نەخستووەتە سەر دەستبەسەرکراوەکان. بۆیە دەرفەتی ئەوەیان هەبووە تێکەڵی خەڵک ببن. حەربێ دەڵێت "بۆمان هەبوو بچینە دەوروبەری دەواجنەکە، ڕۆژێکیان دوو ژنم بینین جلی کوردییان لەبەربوو، خەریکی کڕینی خۆراک بوون، بەڵام دڵنیا نەبووم کە کوردن. کە لە دووکانەکە هاتنە دەرەوە بە کوردی بانگم کردن، ئاوڕیان دایەوە و یەکسەر باوەشیان لێدام و گریان. ژنەکان گوتیان ئێمە دەزانین داعش چ بەڵایەکی بەسەر ئێوە هێناوە، بەڵام ئێمە هیچ دەسەڵاتمان نییە، خودا حەقی ئێوە بستێنێ".

حەربێ هەڵوێستی کوردی ڕەققە قەت لەبیرناکات و دەڵێت "دوای ئاشنابوونمان بەو ژنانە، بەردەوام خواردنیان بۆ دەهێناین و هاوکارییەکی باشیان دەکردین".

ئەو ژنانە باسی ڕەوشی خۆیان بۆ حەربێ کردووە و گوتوویانە ژمارەیەکی زۆری کورد لە پارێزگای ڕەققە هەن، بەڵام ئێستا تەنیا ژن و منداڵەکانیان لەوێن و زۆربەی پیاوەکانیان لەوێ نەماون.

حەربێ دوو مانگ و نیو لە سووریا بووە، سەبارەت بە ژمارەی ئەو کوردە ئێزدیانەی براون بۆ سووریا، دەڵێت "بەپێی زانیاری من لە ماوەی ئەو دوو مانگ و نیوەدا، نزیکەی هەزار کوردی ئێزدی لە مووسڵەوە گوازراونەوە بۆ شاری ڕەققە، بەڵام هەموویان لە شوێنێک نین و پەرتوبڵاون".

### چۆن ڕزگاری بوو؟

حەربێ باسی ڕزگاربوونی خۆی دەکات، بەڵام هەموو زانیارییەک نادرکێنێ و دەڵێت بەهاوکاری ئەو کوردانەی لە ڕەققەن خۆی گەیاندووەتە تورکیا و لەوێشەوە هاتووەتەوە هەرێمی کوردستان.

ئەو گوتی "ناتوانم بەتەواوی چیرۆکی ڕزگاربوونم بگێڕمەوە، لەبەر ئەوانەی لە سووریا ماون. بە هاوکاری ئەو کوردانەی لە ڕەققەن، هەروەها بە هاوکاری ماددی نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ئاوارەکان، توانیمان خۆمان بگەیەنینە تورکیا و پاشان گەڕامەوە کوردستان".

ئێستا حەربێ ئیش و کاری بووەتە گوێگرتن و سەیرکردنی هەواڵەکان، بەڵکو هەواڵێکی منداڵەکانی و هاوژینەکەی بزانێت.

مەحمود عەبدولڕەحمان لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ ئاوارەکان، دەربارەی ڕزگارکردنی ئەو ڕفێنراوانە لە سووریا بە (ڕووداو)ی گوت "لە چوار مانگی یەکەمدا توانیمان نزیکەی 50 کورد لەوانەی ڕەوانەی سووریا کراون ڕزگار بکەین، بەڵام دواتر پلانەکەمان تێکچوو، ئێستا ناتوانین ئەوانی دیکە ڕزگار بکەین، لەگەڵ ئەوەش لە هەوڵەکانمان بەردەوامین بۆئەوەی ڕێگایەکی دیکە بدۆزینەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی ماون".




(سێڤان محەممەد سەلیم)

## جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان:

# 1%ی پێداویستی شەڕی داعشمان پێنەدراوە

**جەعفەر شێخ مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە و فەرماندەی هێزەکانی حەفتایە کە بریتین لە پێشمەرگەکانی یەکێتی، بەڵام بەهۆی لێدوانە ئەرێنییەکانی لەسەر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، زۆرجار دەگوترێ پارتییە لەنێو یەکێتیدا. شێخ جەعفەر وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە و دەڵێت "ئەوانە عەقڵیان لە چاویاندایە" و ئەو تا دەمرێت یەکێتییە. شێخ جەعفەر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) قسە لەسەر بەرەکانی شەڕی دژی داعش و پێداویستییەکانی پێشمەرگە و بارودۆخی یەکێتی و یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان دەکات.**

**هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**



**رووداو: دوایین زانیاری لەسەر شەڕی دژی داعش چییە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئێستا بەگشتی لە سەرتاسەری بەرەکاندا داعش لەشکستدایە و پێشمەرگە هەر لەشنگال تاوەکو سەعدیە و کوباشی سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، سەدان داعش کوژراون و روو لە شکانن، ئێستا لەسەرجەمی ناوچە کوردییەکان رووبەرێکی زۆر کەم ماوە ئازاد نەکرابێت.

**رووداو: یەکخستنی هێزەکانی 70ی یەکێتی و 80ی پارتی بە کوێ گەیشت؟**

**شێخ جەعفەر:** دیارە ئەوە بڕیاری سیاسی سەرکردایەتی و پەرلەمان و حکومەتە کە دەبێت یەکبگرنەوەو هەندێک هەنگاویش چووەتە پێشەوە. ئێستا 14 لیوا لە ژێر فەرمانی وەزارەتدان، هێزی زۆریش ماون بۆ یەکگرتنەوە، بەڵام لەڕووی تەکنیکییەوە لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتن. دەتوانم بڵێم ئاستەنگەکانی یەکنەگرتنەوەش سیاسی نین، بەڵکو موستەلزەماتەکانی یەکخستنەوە وەکو پێویست نەبووە، بۆ نموونە تاوەکو ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە بودجەیەکی دیاریکراوی نییە بۆ هەنگاوەکانی ئەم یەکخستنەوەیە. هەروەها حکومەتی عێراق خەرجکردنی بودجەی پێشمەرگەی جێبەجێ نەکردووە. جگە لەوەش پێشمەرگە ئێستا لە شەڕدایە لە دژی داعش، بۆیە پێموانییە یەکگرتنەوەکە ئەوەندە ئاسان بێت.

**رووداو: کەی ئەو دوو هێزە بە تەواوی یەکدەخرێن؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر پێداویستیەکانی دابین بکرێن یەکخستنەوەکە ئاسانە.

**رووداو: هەڵسوڕاوێکی گۆڕان داوای دروستکردنی هێزی 90 بۆ بزووتنەوەکەی دەکات، رای ئێوە چییە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئێمە دەمانەوێ هێزەکانی 70 و 80 نەمێنن نەک هێزی دیکە دروست بکرێ، تەنانەت پارتی و یەکێتیش نابێت ئەو هێزانەیان بمێنێ، چونکە ئێمە کە حکومەت و پەرلەمانمان هەبێت، پێویستە هێزی دەرەوەی یاسامان نەمێنێ. بۆیە ئەوە قابیلی قبووڵ نییە بۆ پارتی و یەکێتیش کە هێزی تازە دروست بکەن، بەڵام نازانم ئەو هەڵسوڕاوە چۆن گوتوویەتی، ئەگینا پێموانییە کەسێک مسقاڵە زەڕەیەک هەست بەوە بکات پێویستمان بەوە هەبێت، هێزی تازە دروست بکرێ.

**رووداو: ئەوەندەی لە گۆڕان نزیکی بەنیازی شتی لەو شێوەیە نین؟**

**شێخ جەعفەر:** هیچ بیروبۆچوونێکی وایان نییە، لەنزیکەوە کاک نەوشیروانیشم بینیوەو پێیوایە دەبێت حکومەت خاوەنی هێزێکی پێشمەرگەی مۆدێرنی مەشقپێکراو بێت کە فەرمان لە هیچ حیزبێک وەرنەگرن.

**رووداو: قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت رایگەیاندووە کە دڵۆپ دڵۆپ چەک بە کوردستان دەدرێ، کێ رێگرە؟**

**شێخ جەعفەر:** تاوەکو ئێستا هیچ دەوڵەتێک راستەوخۆ مامەڵەمان لەگەڵ ناکات، بەڵکو لەرێگەی حکومەتی عێراقەوە دەیکەن و عێراقییەکانیش رێگری تەواون لە گەیشتنی پێداویستییەکانی پێشمەرگە، چونکە عەقڵیەتی ئێستای عێراقییەکان هەر عەقڵیەتەکەی پێشووی سەددامە.

**رووداو: پێداویستی باشی سەربازیتان بۆ دێت؟**

**شێخ جەعفەر:** نەخێر ئەسڵەن 1%ی پێداویستی ئەم شەڕەمان بۆ نەهاتووە، ئەگەر حیسابی 50 دۆشکە و چەند هەزار پارچە چەکێک و 20-30 قاعیدەی مووشەک بکەیت، ئەوە لە ئاستی ئەو شەڕەدا نییە.

**رووداو: بە پلەی یەک پێویستتان بە چییە؟**

**شێخ جەعفەر:** لە چەکی بچووکی دەستی پێشمەرگەوە هەتا مامناوەند و دەبابە و تۆپ، تەنانەت پێویستمان بە هەلیکۆپتەریشە. هەروەها پێویستمان بە مەشقیش هەیە.

**رووداو: یەکێتی و پەکەکە، پارتی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە رێگرە لە گرتنەوەی شنگال، بۆچی گرتنەوەی شنگال کرایە ململانێی سیاسی؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر ئەو قسانە بکرێن بۆ دروستکردنی ئاژاوەیە لەنێو ریزەکانی میللەتەکەماندا. جاری وا هەبووە گوشاریشیان لێکردووم بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنێک بکەم، بەڵام زانیومە کاتی نییە، چونکە هەر ئیشێک بکەیت دەبێت کات و شوێن هەڵبژێری بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت. شنگال شوێنێکە گرێدراوە بە مووسڵ و تەلەعفەرەوە، تۆ دەبێ کارێک بکەی شوێنەکە بپارێزی نەک قوربانی بۆ بدەی. ئێستا هێرش بکەینە سەر هەر شوێنێک دەیگرین، بەڵام گرنگ پاراستنێتی. لە جەلەولاش قسە لەسەر هێزەکانی 70 دەکرا، پێموایە ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن لە ئاستی بەرپرسیارێتی نین و دەیانەوێ لایەنەکان تۆمەتبار بکەن، وەکو خۆم باوەڕم بەو بۆچوونانە نییە.

**رووداو: پێشتر وەزیری پێشمەرگە بوویت، ئێستا نێوانت لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە چۆنە؟**

**شێخ جەعفەر:** پەیوەندیمان زۆر باشە و ئیشوکارەکانمان لەرێگەی وەزارەتەوە دەڕوات، چونکە وەزیر دەسەڵاتەکانی منی دیاریکردووە و ئەو شتەی دەسەڵاتی منیش نەبێت دەڕواتە وەزارەت.

**رووداو: دەڵێن 3 وەزیر هەیە، یەکەمیان مستەفای سەید قادرە، دووەمیان تۆ و سێیەمیش ئەنوەری حاجی عوسمان، کامتان وەزیری یەکەمن؟**

**شێخ جەعفەر:** یەک وەزیرمان هەیەو وەک گوتم وەزیر دەسەڵاتی پێداوم، پێشتریش کە وەزیر بووم کاک ئەنوەری حاجی عوسمان لەو دەسەڵاتەی هەیبووە زێدەڕۆیی نەکردووە. من وەکو خۆم تەنانەت بە وەکالەتی کاک ئەنوەریش ئەم قسەیە دەکەم و دەڵێم کاک مستەفا بەرپرس و براگەورەی ئێمەیە.

**رووداو: واتە مستەفای سەید قادر وەزیری هەموو پێشمەرگەیە؟**

**شێخ جەعفەر:** هێزەکانی 70و 80 هەن کە بەشێک نین لە وەزارەت و دەتوانێت جوڵە بەو هێزانەش بکات بۆ ئەو شوێنانەی پێویستن، ئێستاش یەک وەحدەی حیساباتی دروستکردووە، هەموو حیساباتێکی ئەو دوو هێزەش دەچێتە سەر وەزارەت.

**رووداو: وردە وردە لە شەڕی مووسڵ نزیک دەبینەوە، زیانە گیانییەکانی ئەو شەڕەتان خەمڵاندووە؟**

**شێخ جەعفەر:** وەکو پێشمەرگە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لە مووسڵ قوربانی بدەین باشترە، نەک شەڕ بێنینە سلێمانی و هەولێر، بەڵام ناچینە شەڕێکەوە کە بزانین سەرکەوتوو نین و پشتیوانیمان نییە. بۆیە ئەگەر پێداویستییەکانی شەڕەکەمان نەبێت شەڕی کوێرانە و بێ بەرنامە ناکەین.

**رووداو: وەکو فەرماندەیەکی سەربازی، پێتوایە پێداویستییەکانی ئەو شەڕە ئامادەکراوە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر پێداویستییەکان ئامادە نەکرابوو خۆ کەس دەستی نەبەستووین و بڵێن وەرن شەڕ بکەن، پێداویستییەکانیشمان دیارەو هەر کات گوتیان شەڕی مووسڵە، ئەگەر پێداویستییەکان دابین کرا، شەڕەکە دەکەین و دابینیش نەکرا بەپێی توانای خۆمان بەشداری دەکەین.

**رووداو: ئەمەریکییەکان گوشاریان لەسەرتان هەیە بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکە؟**

**شێخ جەعفەر:** هەموویان پێیانوایە بەبێ بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتن مەحاڵە.

## بۆ ئازادکردنی مووسڵ شەڕی کوێرانە و بێ بەرنامە ناکەین

## مام جەلال پێیگوتم پابەندی بڕیارەکانی کاک مەسعود بە

## ئەو پێشمەرگانەی واز دەهێنن، کاتی خۆیشی بۆ پێشمەرگایەتی نەهاتوون

## ئەگەر کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکرێ، بەیانی کۆنگرە دەبەستین

## ئەوانەی پێماندەڵێن پارتی نێو یەکێتی، عەقڵیان لە چاویاندایە

**رووداو: لە بەرامبەر بەشداریکردنی سەربازی، کورد مەرج و داواکاری سیاسی لە بەغدا دەبێت؟**

**شێخ جەعفەر:** داواکردنی مافی سیاسی پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە نییە، چونکە داعش هەڕەشەیە بۆ سەر کوردستان، مەرجدانان بۆ عێراق پێویستە لەشوێنی دیکە بکرێ نەک لەشوێنێکدا کە هەڕەشە هەیە لەسەر میللەتەکەمان.

**رووداو: بەنەخشەی خۆتان شەڕی مووسڵ دەکەن یاخود بە نەخشەی عێراق و ئەمریکییەکان؟**

**شێخ جەعفەر:** بۆ شەڕەکە دەبێت هەماهەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوپەیمانانندا هەبێت، بەتایبەتیش ئێستا لیژنەیەک لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان دروستکراوە بۆ دیراسەکردنی شەڕی مووسڵ، هەرچەندە ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، بەڵام ئەوەندەی بزانم هیچ شتێک بێ بەرنامە ناکرێ.

**رووداو: بە مەزەندەی تۆ ئەو شەڕە چەند دەخایەنێت؟**

**شێخ جەعفەر:** نازانم چەند دەخایەنێت، چونکە ئەوەندە ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر توانیمان هەندێک شوێن کە هەیە بیگرین و رێگەی هاتوچۆیان ببڕین، رەنگە ئاسان بێت و رەنگە قورسیش بێت.

**رووداو: دەگوترێ تاوەکو ئێستا 6 هەزار و 500 پێشمەرگە لەشەڕی داعش شەهید و بریندار بوون، ئەو ژمارەیە زۆر نییە؟**

**شێخ جەعفەر:** بۆ ژمارەکە ئامارم لا نییە و شەهیدێکیش بەزۆر دەزانم، بەڵام قورسیی شەڕەکە وایە و دەبێت خوێن بدەیت.

**رووداو: تۆ پێشتریش لە شاخ شەڕت کردووە، کامیان قورستر بوون؟**

**شێخ جەعفەر:** هیچ شەڕێک بەقەدەر ئەم شەڕە قورس نەبووە.

**رووداو: ئەوە پەیوەندی بە هێزی داعشەوە هەیە یاخود کەمیی پێداویستی پێشمەرگە؟**

**شێخ جەعفەر:** یەکێک لەهۆکارەکان ئەوەیە کە داعش هێزێکی راهێنراوی شارەزایە و خۆکوژن و چەکی دوو دەوڵەتی عێراق و سووریایان لەبەردەستە، پێشمەرگەش پێداویستی لەبەردەستدا نەبووە.

**رووداو: دوای داعش پێشبینی شەڕی دیکە دەکەن؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوە داعش بوو، کێ دەزانێت دوای داعشیش چی دیکە دێت.

**رووداو: حەشدی شەعبی مەترسی نابێت بۆ سەر کوردستان؟**

**شێخ جەعفەر:** پێموایە مەترسین لەسەر کوردستان، ئەگەر بەو عەقڵیەتەی ئێستای عێراق بێت، ئەگەر حەشدی شەعبیش نەبێت، هەر مەترسی هەیە.

**رووداو: دەگوترێ تائێستاش ئابوونەی حیزبی لە پێشمەرگە وەردەگیرێ، ئەوە راستە؟**

**شێخ جەعفەر:** هێزەکانی 70و 80 تاوەکو ئێستاش ئەندامی یەکێتی و پارتین، ئەوەی ئەندامی حیزب بوو بەئارەزووی خۆی ئابوونە دەدات، بەڵام نەمزانیوە بە زۆر پارە لە هیچ پێشمەرگەیەک وەرگیرابێت.

**رووداو: بۆچی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ واز دەهێنن؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەوانەی واز دەهێنن کاتی خۆیشی هەر بۆ پێشمەرگایەتی نەهاتوون، چونکە بە بارودۆخێکدا تێپەڕیوین رەنگە پێشمەرگە لە مانگێکدا 2 رۆژ دەوامی نەکردبێت و مووچەی وەرگرتووە. لەبەرئەوە هەندێک بۆ ژیان، یان بۆ هەندێک دەستکەوت هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی کە لەکاتی پشوودا ئەو شتانە زۆر دەبێت، بەڵام بەبۆنەی ئەم شەڕەوە ئێستا ریزەکانی پێشمەرگە تەسفیە بووە، ئەوانەی هەستی نیشتمانییان هەیە و بڕوایان بەمافی رەوای میللەتەکەیان هەیە، چەند مانگێکیشە مووچەیان وەرنەگرتووە یان ژیانیان خراپە، بەڵام وازیان نەهێناوە.

**رووداو: قسە هەیە لەبارەی یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان، پێت چۆنە؟**

**شێخ جەعفەر:** تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکم نەبینیوە، بەڵام لای من برایەتی و یەکڕیزیی نێوان لایەنەکان گرنگە.

**رووداو: بەڵام پێت باشە یەکبگرنەوە؟**

**شێخ جەعفەر:** یەکێتی و گۆڕان حیزبێک بوون و لەیەکتر جیابوونەتەوە، لەهەموو حیزبەکانی دیکەش لەیەکدی نزیکترن.

**رووداو: پێتوایە هەوڵەکانی ئێستا بەرەو یەکگرتنەوە بڕوات؟**

**شێخ جەعفەر:** من نەمبیستووە تاوەکو ئێستا بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو بنێن، بەڵام ئومێد دەکەم هەوڵ بدەن ببنەوە بەیەک حیزب، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمانە.

**رووداو: زەمینە لەبارە بۆ یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان؟**

**شێخ جەعفەر:** زەمینە زۆرباشە کە ئەمڕۆ بمانەوێ یەکڕیز بین و لەبیروبۆچوون و سیاسەتیشدا لەیەکتر نزیک بین و یەکبگرینەوە.

**رووداو: بەپێی زانیارییەکان، نەوشیروان مستەفا بۆ یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان داوای لابردنی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی دەکات، بۆچوونت چییە؟**

**شێخ جەعفەر:** وەکو خۆم ئامادەم ئێستا لە هەرچی پۆستمە وازبهێنم لە پێناو یەکێتی نێو یەکێتی، هەروەها لە پێناوی یەکڕیزیی میللەتەکەمان.

**رووداو: ئەوەندەی دەبینرێ بارودۆخی ئێستای یەکێتی باشە، بەتایبەتیش نێوانی هێرۆخان و بەرهەم ساڵح، چۆن لە ئایندەی یەکێتی دەڕوانیت؟**

**شێخ جەعفەر:** کوێرە چیت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ! وەکو خۆم یەکێتی نێو یەکێتیم زۆر پێ گرنگە و ئێستاش لەو پێناوەدا ئامادەم هەموو قوربانییەک بدەم بۆ ئەوەی یەکێتی بەیەکڕیزی بمێنێتەوە، چ هێرۆخان و کاک بەرهەم و هەر سەرکردەیەکی دیکە بێت کەسمان، کەسمان لێ زیاد نییە و هەمووشمان بەیەکەوە جوانین، بۆیە هەر کاتێک ریزەکانی یەکێتی تێکبچێت هەریەکە لەئاستی خۆی بچووک دەبێتەوە، زۆرم پێباشە و دەستخۆشی لەو خوشک و برایانە دەکەم کە لەیەکتر نزیک دەبنەوەو هەوڵی چارەسەری کێشەکان دەدەن.

**رووداو: ئەگەر بارودۆخی یەکێتی بەو شێوەیەی ئێستا بێت، پێتوایە بەستنی کۆنگرە ئاسان بێت؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر کێشەکانمان بۆ چارەسەر بکرێ، بەیانی کۆنگرە دەبەستین، بۆیە کۆنگرە نابەستین بۆ ئەوەی کێشەکانمان گەورەتر نەبن و لێکترازان روونەدات، بەڵام دەمانەوێ کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێت و پێشتر چارەسەری کێشەکانمان کردبێت.

## کاک مستەفا سەید قادر برا گەورە و بەرپرسمانە

## هیچ شەڕێک بەقەدەر شەڕی داعش قورس نەبووە

## لە هەڵسوکەوتەکانی یەکێتی و پارتی رازی نیم

## دروستکردنی هیچ هێزێک لە دەرەوەی وەزارەت قبووڵ نییە

**رووداو: پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ بارزانی هەیە، ئەوە پەیوەندی بە پێشمەرگایەتییەوە هەیە؟**

**شێخ جەعفەر:** بەڵێ پەیوەندی پێشمەرگایەتییە. کاتێک وەزیری پێشمەرگە بووم، جەنابی مام جەلال لەبەغدا پێیگوتم جەنابی کاک مەسعود فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەیە و دەبێت بڕیارەکانی جێبەجێ بکەیت.

**رووداو: زۆرجار ئێوە بە پارتییەکانی نێو یەکێتی تۆمەتبار دەکرێن، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەوەی وامان پێدەڵێ عەقڵی لەچاویدایە. من دەڵێم بەرد لە شوێنی خۆی سەنگینە، هەتا ئەو رۆژەی دەمرم یەکێتیم، خۆ مەرج نییە ئەوانەی لەنێو یەکێتیدان وامان پێبڵێن، ئەوانە گومانیان لەکەسایەتی خۆیان هەیە، بەڵام من لە پەیوەندی خۆم لەگەڵ پارتی و گۆڕان ناترسم.

**رووداو: ماوەیەک لەمەوبەر بارگرژی کەوتە نێوان تۆ و عادل موراد، ئێستا پەیوەندیت لەگەڵی چۆنە؟**

**شێخ جەعفەر:** پەیوەندیم لەگەڵ کەسدا خراپ نییە تەنانەت لەو کاتەدا کە شەڕە قسەشمان هەبێت، بەڵام پێش ئەو کاتەش بە 3 مانگ رەنگە کاک عادلم نەبینیبێ، ئێستاش بەهۆی ئەو شەڕەوە نەمبینیوە، رێزی تایبەتم هەیە بۆی.

**رووداو: ئەگەر بیبینی قسەی لەگەڵ دەکەی؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەی بۆچی قسەی لەگەڵ ناکەم، خۆ برای یەکمان نەکوشتووە.

**رووداو: ئەی بۆچی بە تەلەفۆن قسە ناکەن؟**

**شێخ جەعفەر:** رەنگە قەت بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەک نەکردبێت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەندێک برادەردا سیاسییە، پێشمەرگایەتی و خێزانییە، بەڵام رەنگە لەگەڵ هەندێکی دیکەش بۆ یەکتر خۆمان بە کوشتن بدەین، کەچی پەیوەندی تەلەفۆنیشمان نییە.

**رووداو: قسەکردن لەسەر چارەنووسی پۆستەکەی بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەرمە، قسەی تۆ چییە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەوە پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی هەیە و دادەنیشن لەسەر ئەو بابەتە.

**رووداو: بەشێکی زۆر لەسەرکردەکان دەڵێن بۆ ئەم بارودۆخە پێویستە، تۆ وەکو فەرماندەیەکی سەربازی بەپێویستی دەزانی بمێنێتەوە؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر لەبەر پێویستی بارودۆخەکە بڵێن ئەوە سەرکردەی حیزبەکان لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود گفتوگۆ دەکەن و دەنگی پێدەدەن کە زەرورەت بۆ ئەمڕۆ چییە. ئەگەر جەنابی کاک مەسعود یان هەر کەسێکی دیکە بێت، هەروەها کاک مەسعودیش لە لێدوانەکانیدا ئەوە نییە مولزەم بێت بەوەی سەرۆکی هەرێم بێت.

**رووداو: رای تایبەتی خۆتم دەوێ؟**

**شێخ جەعفەر:** ناتوانم رای خۆم بدەم، چونکە لە حیزبێکدا ئیش دەکەم و لە بڕیار و سیاسەتی حیزبەکەم دەرناچم.

**رووداو: فراکسیۆنەکانی یەکێتی و پارتی قسەی توند بەرامبەر یەکدی دەکەن، سەرکردەکانیش لەکۆبوونەوەکاندا بەپێچەوانەوە، بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن؟**

**شێخ جەعفەر:** ئەگەر راستیت دەوێ لە هەڵسوکەوتەکانی یەکێتی و پارتی رازی نیم. هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا دەیەوێ ئیستیغلالی شتێک بکات کە دەبێتە هۆی کاردانەوەی بەرامبەریش. ئەو لێدوانانە زەرەریان هەیە و هەندێکجاریش نائومێدت دەکەن.

## لەسەر سەلاحەدین ئەیوبی بەشەڕدێن

**رووداو- مانیسا**

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان HDP و ئەحمەد داودئۆغلو، سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەسەر ناوەکانیان کردیانە شەڕەقسە. داودئۆغلو بە دەمیرتاشی گوت کە چیدی پێی ناڵێت سەلاحەدین، چونکە نەیتوانیوە جێگەی سەلاحەدینی ئەیوبی بگرێتەوە. سەلاحەدین دەمیرتاشیش رۆژی 2015/5/3 لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کادیرانی پارتەکەی لە شاری مانیسای تورکیا گوتی "من زۆرباش سەلاحەدینی ئەیوبی دەناسم و باپیرەم کە حاجی بوو، بە بانگ و سەلەواتەوە ناوی ناوم". دەمیرتاش بە داودئۆغلۆی گوت "تۆ ناوت ئەحمەدە کە ناوی پێغەمبەرە، پێغەمبەر بە هەژاری ژیا و مرد، ئەی تۆ چۆن دەژیت؟".



### تینک تانکێکی ئەمریکی هۆشداری دەدات:

# ئەگەر HDP نەگاتە پەرلەمان تورکیا بەرەوڕووی توندوتیژی دەبێتەوە

**یەریڤان سەعید**
**رووداو- واشنتن**

دوای بردنەوەی 9.7%ی دەنگەکانی تورکیا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەو وڵاتەدا لە ساڵی رابردوو، ئێستا پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) دەیەوێت وەکو پارتێکی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بکات. ئەم بڕیارە ئەو پارتەی رووبەڕووی ستایش و رەخنەش کردووەتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە هەلی تێپەڕاندنی بەربەستی 10%ی دەنگەکان، نیوا و نیوە. بەڵام بەدەر لە چۆنێتی ئەنجامەکان، دوای هەڵبژاردنەکان HDP وەکو پارتێکی بەهێزتر دێتە مەیدان. ئەمەش وا دەکات HDP بتوانێت پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار بخاتە دۆخێکی ئاڵۆزەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا پارتە کوردییەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەم بەربەستە رزگار بکەن، ئەندامەکانیان وەکو کاندیدی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانیان دەکرد.

لەسەر پێشنیازی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ساڵی 2012دا HDP دامەزرا. ئامانجی HDP ئەوەبوو کە لەسەر ئاستی تورکیا خۆی بچەسپێنێ، نەک وەکو پارتێکی سنووردار لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژهەڵاتی باشووری تورکیا. لەبەر ئەم هۆکارەش، مانیفێستۆی هەڵبژاردنەکانی بەرفرە و گشتگیرن و هەوڵی لەخۆگرتنی هەموو چینەکانی تورکیا دەدات.

متمانە بەخۆبوونی HDP ساڵی رابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، ئەوەش دوای ئەوەی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی ئەو پارتە وەکو کاندیدای سەرۆک کۆمار هاتە مەیدان و نزیکەی 10%ی دەنگەکانی سەرانسەری تورکیای هێنا.

هەفتەی رابردوو هەردوو هاوسەرۆکی HDP، دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداگ مانیفێستۆی هەڵبژاردنی پارتەکەیان لە ئیستەنبوڵ راگەیاند و ئاماژەیان بە 12 خاڵ کرد "ئێمە ئافرەتین، لاوین، پەلکەزێڕینەین، منداڵین، ئێمە داکۆکیکارانی دیموکراسین. ئێمە نوێنەری هەموو شوناسەکانین. داکۆکیکاری جیهانێکی ئازادین. پارێزگاری سروشتین. بنیاتنەری ئابوورییەکی ژیانی سەلامەتین. ئێمە کرێکارین، پارێزەری مافە کۆمەڵایەتیەکانین".

ئەم دروشمانەی HDP لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەوە و زۆر کوردیان تووڕە و بێ هیوا کرد کە پێیانوایە HDP لە رەوتی ناسیۆنالیستی کوردیی خۆی لایداوە و هەوڵی راکێشانی دەنگی غەیری کورد دەدات. ئەمەش بۆ هەندێک بەو مانایە دێت کە HDP دەستبەرداری شوناسی کوردی خۆی بووە لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی زیاتردا.



**سەلاحەدین دەمیرتاش:** ئەگەر نەچینە پەرلەمان پلانی دووەممان نییە

بەشداربوونی HDP وەکو پارتێک لە هەڵبژاردنەکاندا گرنگی سیمبوڵی و مێژوویی خۆی هەیە. پارتە راستڕەوەکانی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و پارتی نەتەوە پەرستی تورکیا (مەهەپە) بە تەنیا خۆیان نەیانتوانیوە باڵانسی هێز لەبەرامبەر ئاکەپە رابگرن. لەبەرئەوە، بەشداربوونی HDP لە هەڵبژاردنەکانی مانگی حوزەیران دەکرێت کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕینی باڵانسی پارتەکانی تورکیا هەبێ.

بەڵام هێشتا هەندێک پرسیار لە ئارادان: ستراتیژی HDP چی دەبێت ئەگەر نەیتوانی بگاتە پەرلەمان؟ ئاڵتەرناتیڤی HDP چییە بۆ نوێنەرایەتیکردنی کورد و کەمینەکانی دیکە و بردنەسەری ئەو بەڵێنانەی کە بە لایەنگرانی خۆی داون؟ ئایا HDP شکست قبوڵ دەکات و چاوەڕێی هەڵبژاردنێکی دیکە دەکات دوای چوار ساڵ؟ یان چالاکییەکانی زیاتر دەکات و لە رێگەی پارتی بەدەپەوە بەهێزتر داوای مافی کورد دەکات؟ بەدەپە زۆربەی شارەوانییەکانی ناوچە کوردنشینەکانی بردووەتەوە.

ئەمەی دواییان پێدەچێت رێگەیەک بێت بۆ HDP بۆ ئەوەی وەکو پارتێکی سەر بە کورد بمێنێتەوە، ئەمە بە وتەی تینک تانکێکی ئەمریکی لە واشنتن بە ناوی ریتینک "لە ئەگەری شکستی HDPدا، بەدەپە دەبێتە پارتی سەرەکی یاسایی کورد و تەرکیزی تەواو دەخاتە سەر مەسەلەی خۆبەڕێوەبەریی کورد لە ناوچە کوردییەکاندا".

ئەم لێکدانەوەیەی تینک تانکەکەی واشنتن لە پەخشنامەیەکدا بەناوی "ئەگەرەکانی هەڵبژاردنەکەی تورکیا" لە سەرەتای مانگی رابردوودا بڵاوکرایەوە.

دەمیرتاشی هاوسەرۆکی HDP دانانی "پلانی دووەم"ی رەتکردووەتەوە، بەڵام بەڵێنی داوە کە بەردەوام دەبێت لەسەر داکۆکیکردن لە مافی خەڵکی "ئەگەر نەتوانین بەربەستەکە تێپەڕێنین، بەدڵنیاییەوە لە هەموو بوارەکانی تردا بەردەوام دەبین. ئێمە پارتێکین. کاتێک کە پارتێک ئەندامی لە پەرلەمان نەبێت، هێشتا هەروەکو پارت دەمێنێتەوە. ئەگەر تەنانەت 9.9ی دەنگەکانیش ببەینەوە، ئێمە هێشتا چوارەم گەورەترین پارتی تورکیا دەبین. تەنیا گرووپێکمان لە پەرلەمان نابێت. بەردەوام دەبین لە داکۆکیکردن لەو شتانەی داکۆکیمان لێکردوون و پشت لە بەڵێنەکانمان ناکەین. لەبەرئەوەیە دەڵێم پلانی دووەممان نییە". ئەمە قسەی دەمیرتاش بوو لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا.

سەرنەکەوتنی HDP بۆ پەرلەمان وا دەکات کە ئاکەپە و تورکیا بە گشتی بکەونە دۆخێکی نادیارەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کورد چیدی لە پەرلەمان نوێنەرایەتی نابێت. بۆ یەکەمجار لەماوەی بیست ساڵی رابردوودا پەرلەمانی تورکیا بێ نوێنەری کورد دەبێت. ئامادە نەبوونی کورد لە پەرلەمانی تورکیادا وا دەکات کە کورد زیاتر لە سیاسەتی نێوخۆی ئەو وڵاتەدا پەراوێز ببن و بۆشایی نێوان کورد و تورک زیاتر دەکات. هەروەها دیموکراسی تورکیا لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی زیانی بەردەکەوێت. ئەمەش لەبەرئەوەی کە زیاتر لە پازدە ملیۆن کورد لە نوێنەرایەتی و سیاسەتکردن لە تورکیا بێبەش دەبن.

تینک تانکەکەی واشنتن هەروەها پێشبینی دەکات کە ئەگەری ئەوە هەیە توندوتیژی جارێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە و هاوپەیمانیی نێوان چەپگەرانی کورد و تورک درزی تێبکەوێت "ئەمە وا دەکات کە چەپگەری تورک بزووتنەوەی کورد پەراوێز بخەن و لە ئەنجامدا ئەگەری توندوتیژی و جوداخوازی زیاد دەکات".

لە ئەگەری سەرکەوتنی HDPدا و چوونە پەرلەمانی تورکیا وەکو پارتێکی سیاسی، ئەگەری ئەوە هەیە کە پلانەکانی ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بۆ گواستنەوەی تورکیا لە سیستەمێکی پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی ئاڵۆز ببێت. لەو ئەگەرەشدا، ئەردۆغان ناچار دەبێت لە رێگەی ریفراندۆمی گشتییەوە هەوڵ بۆ تموحاتی سەرۆکایەتیەکەی بدات بێ ئەوەی دڵنیا بێت لە ئەنجامەکان. تەنیا لە حاڵێکدا نەبێت ئەویش بەستنی هاوپەیمانییە لەگەڵ HDP. بەمجۆرە کارتی دەستی کورد بەهێزتر دەبێت، ئیتر لە هەر دانوستاندنێکدا بێت لەمەڕ پرۆسەی ئاشتی. ئەم ئەنجامەش ژینگەیەکی لەبار بۆ بەستنی هاوپەیمانیی نێوان ئاکەپە و HDP دەخولقێنێ لەمەڕ هەردوو مەسەلەی سیستەمی سەرۆکایەتی و پرۆسەی ئاشتی.

هەرچەندە دەمیرتاش زۆر دژی پێدانی دەسەڵاتی زیاترە بە ئەردۆغان، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە HDP هێزی خۆی لە پەرلەمان (لە ئەگەری گەیشتنیدا بە پەرلەمان) بەکاربێنێت بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر ئاکەپە تاوەکو هەنگاوی کۆنکریتی لەمەڕ پرۆسەی ئاشتی بنێت. لە بەرامبەریشدا پشتگیری ئەردۆغان دەکات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەرۆک. لەم بارەدا، ئاکەپە و HDP هەردووکیان براوە دەبن.

رەنگە دەمیرتاش بیر لەم سیناریۆیەی دوایی بکاتەوە، لەبەرئەوەیە کە ئامادە نییە دەربارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ئەگەرەکانی دوای بردنەوەی 10%ی دەنگەکان بدوێت.

---

# سەددام قەرزداری چایخانەیەکی کوردانە

**بڕیار کۆتی**
**رووداو- قامشلۆ**

ئەگەر هەولێرییەکان شانازی بە چایخانەی مەچکۆ بکەن و سلێمانییەکان بە چایخانەی شەعب، ئەوا خەڵکی قامشلۆش خاوەنی شەعب و مەچکۆیەکی تایبەت بە خۆیانن کە شوێنی کۆبوونەوەی رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد و مەسیحی و عەرەبە.

دەڵێن ئەگەر بچیتە میسر و رووباری نیل نەبینی کەواتە سەردانی میسرت نەکردووە، یان سەردانی ئیتاڵیا بکەیت و بورجی بیزا نەبینی، یان بچیتە فەرەنسا و بورجی ئیڤڵ نەبینی، وەک ئەوەیە سەردانی ئەو شوێنانەت نەکردبێ. بۆ شاری قامشلۆی رۆژئاوای کوردستانیش هەر وایە، ئەگەر نەچیتە چایخانەی گەربیس و چا و قاوە نەخۆیتەوە.

مێژووی ئەو چایخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو، دوای ئەوەی شاری قامشلۆ لەلایەن فەرەنسییەکانەوە بنیاتنراوە، چایخانەکەش لەلایەن ئەرمەنییەکەوە بەناوی بارۆن گەربیس میرابیان لەو شارە کراوەتەوە و ئێستاش هەر بەناوی ئەوە، بەڵام ئێستا لەلایەن دوو هاووڵاتی کوردەوە بەڕێوەدەبرێت.

چایخانەکە هەر لە کۆنەوە شوێنی کۆبوونەوەی ئاغا و بەگ و سەرۆک عەشیرەت و سیاسەتمەدار و رۆشبیر و هونەرمەندان بووە. لەوانەی زۆر هاتوچۆی چایخانەکەیان کردووە: شێخ یوسف ئیبراهیم، سەرۆکی عەشیرەتی حەیالین. شێخ دەهام ئەلهادی لە شێخەکانی عەشیرەتی شەمەر، باوکی شێخ حمیدی ئەلهادی کە ئێستا حاکمی کانتۆنی جزیرەیە، حوسێن شێخۆ کە بە حوسێن دێرکانی ناسراوە، رەشاد بەگ و سوبحی بەگ و دەیان کەسایەتی دیکەی ناوچەکە.

محەممەد ئیبراهیم کە دانیشتوویەکی قامشلۆیە و بەردەوام سەردانی چایخانەکە دەکات، دەڵێت "چایخانەکە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو لەلایەن ئەرمەنییەکەوە بەناوی گەربیس دروستکراوە و ئێستاش هەر بەناوی ئەوە".

دەگێڕنەوە ئەو پیاوە ئەرمەنە کەسێکی خواپێداو بووە، ئەویش کەسێکی دەستکراوە و نانەدەر بووە و هەر کەسێک داوای یارمەتی لێ کردبێت، نائومێدی نەکردووە.

چایخانەکە وەکو خۆی نەماوەتەوە، سیما کۆنەکەی لەدەستداوە و دەستکاری کراوە. چایخانەکە لە خشت دروستکرابوو، لە نهۆمی ژێرەوە بوو، بەڵام بەهۆی بیناسازیی نوێ، چایخانەکە برایە نهۆمی سەرەوە و بەشێوەیەکی مۆدێرن دروستکرایەوە.

ئەحمەد حەمدان کە بەڕێوەبەری چایخانەیەکە، بە (رووداو)ی گوت "چایخانەکە دەستکاری کراوە، بەڵام هەندێک لە کەلوپەلە کۆنەکانی وەکو خۆیان ماون و دەستکاری نەکراون، لەوانەش مێز و کورسی و هەندێکی کەلوپەلی دیکە".

ئەحمەد باسی ئەو کەسانە دەکات کە هاتوچۆی چایخانەکەیان کردووە، پێشتر زۆرتر رۆشنبیر و کەسایەتییەکانی شارەکە دەهاتنە چایخانەکە، خەڵکی هەژار نەدەهاتن.

### سەددام قەرزاری چایخانەکەیە

زۆربەی ئەو سەرۆک وڵاتانەی سەردانی قامشلۆیان کردووە، لە چا و قاوەی چایخانەی گەربیسیان خواردووەتەوە. هەر یەک لە جەمال عەبدولناسر، سەرۆک کۆماری پێشووتری میسر. سەددام حوسێن، سەرۆک کۆماری عێراق لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی حیزبی بەعس و مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق سەردانی ئەو چایخانەیان کردووە و چا و قاوەیان لێ خواردووەتەوە.

ئەوانەی لەو چایخانەیە کار دەکەن، دەڵێن سەددام حوسێن قەرزداری چایخانەکەیە، چونکە قاوەی خواردووەتەوە و پارەی نەداوە. محەممەد دەڵێت "ئەوەندەی من ئاگادار بم، مام جەلال و سەددام حوسێن سەردانی ئەو چایخانەیان کردووە، بەڵام سەددام حوسێن کە لێرە چای خواردووەتەوە پارەی نەداوە و دەڵێن سێ لیرە قەرزاری چایخانەکەیە". گوتیشی "هەر بەرپرسێکی عێراقی، ئوردنی و سعودی سەردانی قامشلۆی کردبێ هاتووەتە ئەو چایخانەیە و چا و قاوەی خواردووەتەوە".

لەو سەردەمەی کە هێشتا تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت لە هەمووماڵێک نەبوو، زۆربەی خەڵکی ناوچەکە روویان لەو چایخانەیە دەکرد و کاتەکانیان بە تاوڵە و کۆنکەن و دۆمینە و چەند یارییەکی دیکە بەسەردەبرد، بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی سەردانیکەرانی چایخانەکە هەبووە.



مام جەلال و جەمال عەبدولناسر لە گربیس قاوەیان خواردووەتەوە (فۆتۆ: رووداو)

ئەحمەد حەمدان کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی چایخانەکە، گوتی "ئێستا چایخانەکە وەکو خۆی نەماوە، میوانەکانیش گۆڕاون و زیاتر گەنجن و ئەوانیش داوای تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت دەکەن، چایخانەکە لە سەردەمانی زوو زۆر خۆشتر بوو".

هەر بە تەنیا تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر چایخانەکە نەبووە، بەڵکو ئەو رەوشە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەی لە رۆژئاوای کوردستان هەیە و ئاوارەبوونی خەڵکی شارەکەش، موشتەرییەکانی چایخانەکەی کەم کردووەتەوە. بەڵام گەربیس پڕ بێت یان بەتاڵ لە موشتەرییەکانی، هەر گۆڕانکارییەک بەسەر شارەکەدا بێت، چایخانەکە بووەتە بەشێک لە دیرۆکی قامشلۆ.

بەرپرسێکی پارتی لە کەرکووک:

# بە زەبری هێز ڕێگە لە بە هەرێمبوونی کەرکووک دەگرین



د. نەجمەدین کەریم لەم کۆبوونەوەیە هەڕەشەی بەهەرێم بوونی کەرکووکی کرد

## ڕێبوار تاڵەبانی:

## کورد بڕیاری داوە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان نەک بکرێ بە هەرێمێک

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

کەرکووک ئەو شارەی بیکەر – هاملتن لە راپۆرتەکەیاندا بە "بەرمیلە باڕووت"ەکەی عێراق ناویان بردوو، خەریکە لەنێو کورد خۆیدا دەتەقێتەوە. نەجمەدین کەریم پارێزگاری ئەو شارە بە ئاشکرا هەڕەشەی پێکهێنانی هەرێمێک دەکات. بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت بە زەبری هێز رێ لە بەهەرێمبوونی کەرکووک دەگرن.

رۆژی 27/4/2015 کاتێک نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ بەڕێوەبەرە خزمەتگوزارییەکانی کەرکووک کۆدەبێتەوە، هەڕەشەی پێکهێنانی هەرێمێکی جیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات، ئەگەر ئەم دوو حکومەتە ئاوڕێک لە شارەکەی نەدەنەوە.

پێگەی فەرمی پارێزگاری کەرکووک بڵاوی کردووەتەوە کە نەجمەدین کەریم داوای گواستنەوەی خێرای دەسەڵاتەکانی کردووە لە بەغدا، چونکە وەزارەتەکانی عێراق توانای بەڕێوەبردن و ئیدارەدانیان نەماوە. پارێزگاری کەرکووک هەڕەشە دەکات و دەڵێ "بەپێچەوانەوە پارێزگاکان ناچار دەبن هەوڵی پێکهێنانی هەرێم بدەن". پارێزگاری کەرکووک، رەخنە لە وەزارەتەکانی بەغدا دەگرێ کە "بوونەتە بار بەسەر پارێزگاکانەوە".

بەڵام پێناچێ ئەم خواستەی پارێزگاری کەرکووک، نەک تەنیا لەلایەن عێراقەوە، بەڵکو لەلایەن کوردیشەوە بێ گێرمەوکێشە بێ.

سەلاح دەلۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە کەرکووک، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە هەوڵی دروستکردنی "هەرێمی کەرکووک" دەدات و دەڵێ "یەکێتی دەیەوێ کەرکووک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەمە بەتایبەتی رای نەجمەدین کەریمە".

سەلاح دەلۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نەتەوەکانی دیکەش پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکەن "تورکمان و عەرەبیش ئەو داوایەیان هەیە، چونکە کەرکووک شارێکی نەوتییە".

ئەو بەرپرسەی پارتی گوتی "عەرەب و تورکمان بۆیە پێیانخۆشە کەرکووک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، چونکە هەر هیچ نەبێ ئیدی ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان".

لە ماددەی 140ی دەستووری عێراقدا هاتووە کە لەبەرئەوەی کەرکووک ناوچەیەکی کێشە لەسەرە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، دەبێ خەڵکی کەرکووک خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی شارەکە بدەن لە ریفراندۆمێکدا کە پاش هەردوو قۆناغی ئاساییکردنەوە و سەرژمێریی دانیشتووانەکەی دێت بەگوێرەی دەقی هەمان ماددەی دەستوور. ماددەیەک کە هەتا ئەم ساتە شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکراوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت، لەبارەی بەهەرێمکردنی کەرکووک دەڵێ "هیچ بڕیارێکی فەرمی لەسەر ئەو پرسە باس نەکراوە، بەڵام هەندێ لایەن (بێ ئەوەی ناویان بهێنێ) لای رێکخستنەکانیان باسی ئەوە دەکەن".

ڕێبوار تاڵەبانی باسی رووە یاساییەکەی بەهەرێمکردنی پارێزگایەک دەکات و دەڵێت "ئەگەر 10 کەس لە ئەنجوومەنی پارێزگا یان یەک لەسەر 10ی کۆمەڵگا ئەو داوایە بکەن، ئەوا کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کار بۆ ئەنجامدانی راپرسی دەکات و خەڵک لە رێگەی راپرسییەوە بڕیار دەدات".

یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە دوایین هەڵبژاردنی شاری کەرکووکدا کە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو لە مانگی نیسانی 2014 ، لە کۆی 12 کورسی پارێزگای کەرکووک 6 کورسی بەدەستهێنا و پارتیش دوو کورسی بەدەستهێنا. بۆیە رەنگە یەکێتی بتوانێت ئەو خواستەی پارێزگاری کەرکووک لەڕێی راپرسییەوە بەدیبێنێ،

سەلاح دەلۆ دەڵێ "راستە یەکێتی شەش کورسی هەیە لە کەرکووک، بەڵام کەرکووک مەسەلەیەکی نەتەوەییە و بەهەرێمبوونی کەرکووک هێڵی سوورە". سەلاح دەلۆ کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیشە، هەڕەشەی توند دەکات ئەگەر یەکێتی کەرکووک بگاتە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەڵێت "پارتی هێزی هەیە و بە زەبری هێز رێگە لە دروستکردنی هەرێمی کەرکووک دەگرین".

ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک ملیۆنێک و 350 هەزار کەسە. ڕێبوار تاڵەبانی دەڵێ "لیستی برایەتی کەرکووک هەر لەکاتی دامەزراندنییەوە ئامانجی ئەوە بووە کە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان". گوتیشی "کاک مەسعود بارزانیش لەدوا سەردانیدا بۆ کەرکووک، لەبارەی چارەنووسی ئەم شارە گوتی کەرکووکییەکان بڕیاردەدەن و هەرچییان بڕیار دا ئێمە پێوەی پابەند دەبین".

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە کەرکووک بە دووری دەبینێ داوای دروستکردنی هەرێمی کەرکووک داوای هەموو یەکێتی بێت و پێیوایە کە "نەجمەدین کەریم لەگەڵ مالیکی و حکومەتی عێراق بەردەوام لەدانوستاندندایە و عەرەبیش مەبەستی خۆی هەیە لەوەی کەرکووک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، وەک چۆن نەجمەدین کەریمیش مەبەستی خۆی هەیە، بەڵام هەموو یەکێتی لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا نییە".

# وەزیری دارایی: 10 هەزار ئۆتۆمبێلی حکومی لە دەرەوەی فەرمانگەکانن

نەوزاد مەحموود و پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی




کۆبوونەوەی رۆژی شەممەی رابردووی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا، کۆبوونەوەیەکی درێژخایەنی 8 کاژێری بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا نەوشیروان مستەفا بە یەک رستە کۆتایی بە دەنگۆی یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی هێنا و گوتی "هیچ پرۆژەیەک نییە بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی".

لەو کۆبوونەوەیەدا نەوشیروان مستەفا پەسنی ئەدای وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی کردووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا وەزیری دارایی راپۆرتی خۆی خوێندووەتەوە و گوتوویەتی کە پارەیەکی زۆری بۆ حکومەت گەڕاندووەتەوە، هەروەها گوتبووی کە 10 هەزار ئۆتۆمبێلی حکومی لەلای کارمەند و بەڕێوەبەرەکانە و دوای دەوام لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە ماڵەوە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان، دەڵێ، جگە لەو راپۆرتانەی بەردەوام راگەیاندنەکان لە بارەی نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی یەکێتی و گۆڕان باسیدەکەن، هۆی دیکەش هەبوون بۆ ئەوەی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان ئەو قسانە بکات "هەندێک لە کادر و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەش بەڕاستی پرسیاریان بۆ دروستبوو لەو بارەیەوە، بۆیە کاک نەوشیروان هەموو لایەکی دڵنیا کردەوە".

بەهۆی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە کە سەرەتای ئەمساڵ کۆتایی هات، بزووتنەوەکە ماوەی 3 مانگە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی نەکردووە. کۆبوونەوەکەی رۆژی شەممەی رابردوو، لەکاژێر 10ی بەیانی دەستی پێکرد و کاژێر 5:30 ئێوارەی هەمان رۆژ کۆتایی هات، بەڵام بەکراوەیی هێڵرایەوە بۆ رۆژی شەممەی داهاتوو.

شاخەوان رەئوف، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان دەڵێ دانیشتنەکە زۆرتر باسی پەیوەندی نێوان گۆڕان و حیزبەکانی تێدا کرا، باس لەوە کرا کە بزووتنەوەی گۆڕان "لەگەڵ هەموو حیزبەکان پەیوەندییەکانی بەرەوپێش ببات، نەک لەگەڵ تەنیا لایەنێک، باسی دەستووریش کرا و دووپاتمان کردەوە کە سیستمی پەرلەمانی داواکاریی گۆڕانە".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان دەڵێ نەوشیروان مستەفا لەو کۆبوونەوەیەدا "زۆر لە ئەدای وەزیر و پەرلەمانتارەکانی گۆڕان لە بەغدا و کوردستان رازی بوو".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە سەرچاوەکانی نێو گۆڕان و یەکێتییەوە دەستیکەوتوون، پێش ئەوەی نەوشیروان مستەفا ئەو قسانە بکات، چەند کادر و هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان نیگەران بوون لە نزیکبوونەوە و پرسی یەکگرتنی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی و پێیانوابووە هەنگاوێکی لەوجۆرە قەبارەی گۆڕان بچوک دەکاتەوە.

یەکێک لە سەرکردەکانی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، نایشارێتەوە چەند سەرکردەیەک لەنێو یەکێتیدا خوازیاری یەکگرتنەوە نەبوون "کاک نەوشیروانیش تێگەیشتبوو کە کاردانەوەکانی نێو یەکێتی و گۆڕان بۆ ئەو پرسە چۆن دەبێ، بۆیە لەو قۆناخە وای پێ باشتر بوو بەوشێوەیە دۆخەکە بێدەنگ بمێنێتەوە".

بەڵام هوشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان، دەڵێ "هەندێک ئەو دوور و نزیکییەی گۆڕان و یەکێتی بە گەلەکۆمە لێکدەدەنەوە، بۆیە ئەو قسانەی کاک نەوشیروان پەیامێک بوو بۆ هەموولایەک کە گۆڕان نە رێبەرایەتی گەلەکۆمە دەکات و نە گەلەکۆمەش لە کەس دەکات، ئێمە جگە لە رێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت، هیچ رێککەوتنێکی دیکەمان لەگەڵ هیچ لایەنێک نییە".

جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بەرزترین دەسەڵاتی نێو بزووتنەوەکەیە کە لە 65 هەڵسوڕاو پێکهاتووە و دوو مانگ جارێک بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی نێوخۆیی بزووتنەوەکە کۆدەبێتەوە. هوشیار عەبدوڵڵا، دواخستنی کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بۆ شەممەی داهاتوو، تەنیا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە 5 تەوەریان هەبووە و تەنیا فریای 2 تەوەر کەوتوون.

لە کۆبوونەوەکەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕاندا، لە چوار وەزیرەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان، سێیان ئامادەبوون (وەزیری دارایی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، ئەوقاف و کاروباری ئاینی) بەڵام مستەفا سەید قادر بەهۆی ئەندامبوونی لەو شاندەی بەسەرۆکایەتی بارزانی چوونە ئەمریکا، نەیتوانی ئامادە بێت و تەنیا راپۆرتەکەی خوێندراوەتەوە.

### وەزیری دارایی: 10 هەزار ئۆتۆمبێلی حکومەت لە دەرەوەیە

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە چەند سەرچاوەیەکی نێو کۆبوونەوەکەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، ڕێباز محەممەد حەملان وەزیری دارایی و ئابووری باسی لەو چاکسازییانە کردووە کە لە نێو وەزارەتەکەیدا کردوونی و گوتبووی "پێشتر بودجەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان مانگانە ملیارێک و 500 ملیۆن دینار بوو، بەڵام لە چوارچێوەی چاکسازییەکاندا کەمکراوەتەوە بۆ ملیارێک دینار، هەروەها نەسریەی ئەنجوومەنی ئاسایشیش 7 ملیار و 500 ملیۆن بووە، ئەویش کەمکراوەتەوە بۆ 5 ملیار و 500 ملیۆن دینار".

ڕێباز حەملان ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئێستا 10 هەزار ئۆتۆمبێلی حکومی لەلای کارمەند و بەرپرسی فەرمانگەکانی حکومەتە و دوای دەوام لەگەڵ خۆیان دەیبنەوە ماڵەوە. گوتبووشی تاوەکو ئێستا 100 ئۆتۆمبێلی حکومەتیان لە حیزبەکان وەرگرتووەتەوە.

### 1800 فەرمانبەری بندیوار

هەر لە کۆبوونەوەکەدا سامال سەردار وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ئاشکرای کردووە کە لە کۆی 5 هەزار و 800 فەرمانبەری وەزارەتەکەی، تەنیا 4 هەزاریان فەرمانبەری راستەقینەن و هەزار و 800 فەرمانبەرەکەی دیکەی کە نزیکەی 20% پێکدێنن، فەرمانبەری بندیوارن.

رووداو
ئابووری
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

## عێراق 6.5 ملیار دۆلار قەرز دەکات



**رووداو – سلێمانی**

مەسعوود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، حکومەتی عێراق 4 ملیار ء 500 ملیۆن دۆلار لەسندووقی دراوی نێودەوڵەتیء 2 ملیار دۆلاریش لە بانکی نێودەوڵەتی قەرز دەکات، چونکە 20 ملیار دۆلار کورتهێنانی هەیە ء وەزارەتی داراییش سەرپشک کراوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە،. ناوبراو گوتی "ڕەنگە مەرجی ئەو 2 دەزگا نێودەوڵەتییەش بۆ پێدانی ئەو پارەیە بەعێراق ئەوە بێت کە دادپەروەردی لەدابەشکردنی قەرزەکە هەبێت بۆ ئەو ناوچانەی پێویستیانە".

### لە چوارچێوەی پرۆژەی قەرزی بچووک

# 76 ملیار دینار بە قەرز دراوەتە گەنجان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

سێ ساڵ لەمەوبەر هەردی نامیق قەرزێکی بچووکی لە حکومەت وەرگرت و سەرتاشخانەیەکی دانا. هەردی پێیوایە ئەگەر قەرزی بچووک نەبووایە، ئێستا بێ ئیش دەسووڕایەوە.

هەردی، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی ناحیەی تەقتەقی سەر بەقەزای کۆیەیە، هاوشێوەی گەنجانی دیکەی ناحیەکە بەمەبەستی گۆڕانگاری لە ژیانی ڕێگەی هەندەران دەگرێتەبەر، بەڵام لە نیوەی ڕێگا پارەی لێدەبڕێ و دەگەڕێتەوە. هەردی گوتی "دوای گەڕانەوەم بێکار بووم و پارەم نەبوو، لە ڕێگەی هاوڕێیەکمەوە زانیم پرۆژەی بەخشینی قەرزی بچووک هەیە، قەرزەکەم وەرگرت و سەرتاشخانەم پێ دانا، لەڕێگەی ئەو قەرزەوە بوومە خاوەن کار و توانیم جارێکی دیکە باری لاسەنگی ژیانم ڕاست بکەمەوە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانیی پرۆژە بچوکەکانی لاوان، لە ساڵی 2011 تاوەکو کۆتایی نیسانی ئەمساڵ، 7315 کەس لە وەرگرتنی قەرزی بچووک سوودمەند بوونە و 76 ملیار و 551 ملیۆن و 700 هەزار دینار لە ڕێگەی سندوقەکەوە بە قەرز دراوەتە گەنجان.

ئارام ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری قەرزی بچووک لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، گوتی "ئامانج لە دانانی ئەم سندوقە، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای لاوان و ڕەخساندنی هەلی کار و بەکارخستنی وزەی لاوانە لە گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان".

### قەرزەکە دەدرێتە کێ؟

بەپێی ڕێنماییەکانی سندوقی پشتیوانیی پرۆژە بچوکەکان، ئەو کەسەی ئارەزووی وەرگرتنی قەرزی هەبێت، دەبێت هاووڵاتیی نیشتەجێی کوردستان بێت و تەمەنی لەنێوان 16 بۆ 35 ساڵدا بێت، نابێت کارمەندی حکومی و کەرتی تایبەت بێت، توانای بەڕێوەبردنی پرۆژەی هەبێت، باری دارایی لاواز بێت یان سنووردار بێت.

ئەو بوارانەشی قەرزیان پێدەدرێت بریتین لە (بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، کشتوکاڵ، گەشتیاری و چەند بوارێکی دیکە).

ئارام ئەنوەر، دەڵێت "قەرز بۆ هەموو بوارەکان وەرگیراوە، بەڵام زۆرترین قەرز بۆ بواری بازرگانی بووە کە 3204 قەرز وەرگیراوە، بۆ خزمەتگوزاری 2263 قەرز و بۆ پیشەسازیش 1219 کەس قەرزیان وەرگرتووە".

زۆربەی سوودمەندبووان لەو قەرزە لە پارێزگای هەولێرن کە 2236 کەس بوون و لە سلێمانی 2217 کەس و لە دهۆکیش 2053 کەس، هەروەها لە گەرمیانیش 809 کەس سوودمەندبوونە.

بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی سندوقەکە، بۆ سەرجەم پرۆژەکان بەرزترین ئاستی قەرز 15 ملیۆن دینارە و بڕی قەرزەکەش بەپێی خەمڵاندنی جۆری پرۆژەکە دەگۆڕێت، پارەکەش بەدوو قۆناغ دەدرێت و دەبێت لەماوەی 6 ساڵ قەرزەکە بگەڕێنێتەوە، یەکەم قیستی وەرگرتنەوەشی دوای ساڵێک لە وەرگرتنی پارەکە دەبێت.

لە سنووری پارێزگای دهۆک جگە لە نووسینگەی سەرەکی ناو شاری دهۆک، سێ نووسینگەی دیکە لە قەزاکانی (زاخۆ، ئامێدی و ئاکرێ) هەن. ئەم نووسینگانە قەرزیان داوەتە 2053 گەنج کە 115یان لە ڕەگەزی مێن.

عەبدولکەریم عیماد، بەرپرسی نووسینگەی قەرزی بچووک لە ناوەندی شاری دهۆک بە (رووداو)ی گوت "لە پارێزگای دهۆک خواستێکی زۆر لەسەر وەرگرتنی قەرزی بچووک هەیە، لەڕێگەی ئەم قەرزەوە بەسەدان گەنج پرۆژەی بچووکیان دامەزراندووە و بوونەتە خاوەنکار".

سەبارەت بەکەمیی ژمارەی سوودمەندانی ڕەگەزی مێیینە لە پارێزگای دهۆک، عەبدولکەریم گوتی "لە پارێزگای دهۆک بەهۆی نەریتی کۆمەڵایەتی و عەشائیرییەوە کەمتر ڕێگە بەکچان دەدرێت لە دەرەوە کار بکەن، بۆیە ژنانی دهۆک کەمتر لە قەرزی بچووک سوودمەندبوون".

میدیا عوسمان محەممەد، دانیشتووی هەڵەبجە، یەکێکی دیکەیە لە سوودمەندانی قەرزی بچووک کە دوکانێکی بەرگدرووی ئافرەتانی لەماڵەکەی داناوە. میدیا گوتی "من بەرگدرووم، بەڵام توانای کڕینی ئامێر و پێداویستییەکانم نەبوو، بۆیە هەوڵمدا لە ڕێگەی ئەم قەرزەوە پێداویستیی دوکانەکەم دابین بکەم".

میدیا دوای ساڵێک چاوەڕوانی، مانگی ڕابردوو ناوی گەڕایەوە و دوو ملیۆن دینار قەرزی وەرگرت، ئەو گوتی "بەم پارەیە بەشێک لە پێداویستییەکانم کڕیوە، بۆیە ئێستا دەتوانم کارەکەم بکەم".

بۆ بەخشینی قەرز و بەدواداچوون بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکان، وەزارەتی کار 9 نووسینگەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردووەتەوە.

ئارام ئەنوەر دەڵێت "لەم نووسینگانە جگە لە بەخشینی قەرز، هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیش بۆ پرۆژەکان دەکرێت، خۆشمان ساڵانە بەشێوەی مەیدانی هەڵسەنگاندن بۆ بەشێک لە پرۆژەکان دەکەین، بۆ نموونە ئەمساڵ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی 180 پرۆژەمان لە ناوچە جیاوازەکان هەڵبژارد و سەردانی مەیدانی پرۆژەکانمان کرد، دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت 76%ی پرۆژەکان 100% سەرکەوتوو بوون، ئەوانی دیکەش بەڕێژەی جیاواز سەرکەوتوو بوون".

بەپێی یاسای پرۆژەکە، دەبێت هەموو ساڵێک حکومەت بڕی 25 ملیار دینار بۆ پرۆژەکە دابین بکات تا ئەو کاتەی داهاتی سندوقەکە دەبێتە 500 ملیار دینار، بەڵام دوو ساڵە بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ بڕە پارەیەک بۆ سندوقەکە دابین نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەخشینی قەرزەکە بەردەوامە".

ئارام ئەنوەر دەڵێت "ئەو بڕە پارانەی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە سێ ساڵی یەکەمدا بۆ سندوقەکە تەرخانکرا کە بڕەکەی 76 ملیار و 551 میلۆن و 700 هەزار دینارە، بەشی زۆری وەک قەرز بەخشراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی یاساکە هەر شەش مانگ جارێک کەسی سوودمەند بەشێک لە قەرزەکەی دەگەڕێنێتەوە، ئێمەش ئەو پارەیەی وەریدەگرینەوە جارێکی دیکە دەیبەخشین بەکەسێکی دیکە، بۆیە بەخشینی قەرز بەردەوامە".

بەپێی ئەو داتایەی لە بەڕێوەبەرایەتی قەرزی بچووک دراوەتە (رووداو)، 349 پرۆژە (55 لە هەولێر، 73 لە سلێمانی، 198 لە دهۆک و 23 پرۆژە لە گەرمیان) هەڵوەشاونەتەوە و پارەکەیان وەرگیراوەتەوە.

ئارام ئەنوەر گوتی "بەپێی یاساکە دەبێت کەسی سوودمەند هەر شەش مانگ جارێک قیستێک لە قەرزەکەی بگەڕێنێتەوە، بۆ هەر ڕۆژێک دواکەوتنیشی 5 هەزار دینار غەرامە دەکرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر دوای 90 ڕۆژ قیستەکەی نەگەڕاندەوە، گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێنینەوە و پارەکەشی لێ وەردەگرینەوە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### دووبارە توێژینەوەیان لەسەر دەکات

# بەغدا متمانەی بە توێژینەوە کشتوکاڵییەکانی کوردستان نییە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو– هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی ئەو ڕۆتینەی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردنی توێژینەوەکانی کوردستان لەلایەن لیژنەی باڵای وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق هەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ وەک پێویست نەیتوانیوە سوود لە توێژینەوەکان وەربگرێت و بەرهەمە ستراتیژیەکانی زیاد بکات.

بەمەبەستی یەکخستنی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگاکانی عێراق، لە ساڵی 1991ەوە وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لیژنەیەکی باڵای بۆ پەسەندکردنی توێژینەوە دامەزراندووە، ئەرکی ئەم لیژنەیە هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی سەرجەم ئەو توێژینەوانەیە کە لە بەڕێوەرایەتی توێژینەوەی پارێزگاکان دەکرێن.

بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەم لیژنەیە، ئەو توێژینەوانەی لە بارەی بەرهەمە ستراتیژییەکانی وەک (گەنم، جۆ و پاقلەمەنییەکان) لە پارێزگاکانی عێراق دەکرێن، دەبێت ئاراستەی لیژنەکە بکرێت بۆ پەسەندکردن، ئەگەرنا ڕێگە بەهاوردەکردنی تۆوەکانیان نادرێت و بەرهەمەکانیشیان لە سایلۆکان وەرناگیرێ.

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت پەسەندنەکردنی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان کێشەی زۆریان بۆ دروستدەکات بە تایبەتی لەکاتی وەرگرتنی گەنم، چونکە ئەگەر جۆری تۆوەکە لەلایەن بەغداوە پەسەند نەکرابێت، گەنمەکە لە سایلۆکان وەرناگیرێت.

بەڵام ناردنی ئەنجامی توێژینەوەکان بە تەنیا بەس نییە، وەک ئازوز گوتی "ئەگەر توێژینەوەکانیش بنێرین بەغدا متمانەی پێ ناکات و خۆی دوو سێ ساڵ توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکە دەکات، ئینجا پەسەندی دەکات. ئەمەش تەنیا ڕۆتین و بەفیرۆدانی کاتە".

پێشتر لیژنە باڵاکەی بەغدا بۆ پشتڕاستکردنەوە و پەسەندکردنی هەر توێژینەوەیەک 2 ملیۆن دیناری وەردەگرت. ئازوز دەڵێت "بەهۆی وەرگرتنی ئەو پارەیە پێشتر نەماندەتوانی بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکانمان بنێرین بۆ بەغدا بۆ پەسەندکردن".

ساڵی ڕابردوو لیژنەکەی بەغدا ڕەزامەندی نیشاندا بێ بەرامبەر توێژینەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی توێژینەوە پەسەند بکات.

ئازوز دەڵێت "ئێمەش ئەوەمان بە دەرفەت زانی و ئەنجامی حەوت توێژینەوەمان لە جۆرەکانی بەرهەمی پاقلەمەنی بۆ ڕەوانەکردن، بەڵام ئەوان بەهۆی کەمیی بڕی تۆوەکان پەسەندکردنی توێژینەوەکانیان ڕەتکردەوە، بۆیە بەناچاری ئەمساڵ دووبارە تۆوی توێژنەوەکانمان چاندەوە بۆ ئەوەی بڕەکەی بگەیەنین بە 25 کیلۆگرام، تاوەکو جارێکی دیکە بۆیان ڕەوانە بکەین بۆ پەسەندکردن".

بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتینی پەسەندکردنی توێژینەوەکان لەلایەن بەغدا، بەشێک لەشارەزایانی ئەم بوارە بەپێویستی دەزانن وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان خۆی لیژنەیەکی باڵا بۆ پەسەندکردنی توێژینەوەکان دابنێت.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، بوونی ئەم لیژنەیە زۆر بەپێویست دەزانێ و دەڵێت "ئەگەر سەرەتا ئەم لیژنەیە سەر بە لیژنە باڵاکەی بەغداش بێت گرفت نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم ڕۆتینە کەمبکرێتەوە کە لە پەسەندکردنی توێژینەوەکانی کوردستان لەلایەن بەغداوە هەیە".

هەروەها گوتیشی "ئەگەر بەهاوکاری شارەزا و پسپۆڕانی زانکۆکان توێژینەوە لەسەر تۆوی بەرهەمێک بکەین و ئەنجامی توێژینەوە بە پلەی زۆر باش دەربچێت، چ پێویست دەکات لیژنە باڵاکەی بەغدا بۆ پەسەندکردنی جارێکی دیکە ساڵێک یان دووساڵی دیکە توێژینەوە لەسەر هەمان تۆو بکاتەوە".

بەڕێوەبەری توێژینەوە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەپێویستی دەزانێ وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراندنی لیژنەی پەسەندکردنی توێژینەوەکان، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ عێراق گفتوگۆ بکات، ئەگەر ڕازیش نەبوون بەدانانی لیژنەکە، با نوێنەرێکیان لە کوردستان بێ، بۆ ئەوەی چاودێری توێژینەوەکان بکات".

### 3 توێژینەوەی پەسەند کردووە

د.عیماد مەحمود، مامۆستای کۆلێژی فاکەڵتی زانستەکانی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی کە پێشتر لەبەغدا بەرپرسی بنکەیەکی توێژینەوە بووە، دەڵێت "تاوەکو ئێستا توانیومە 3 لە توێژینەوەکانم لە بەغدا پەسەند بکەم کە توانیومە تۆوی گەنم پەرەپێبدەم، وای لێبکەم بەرگرییان لە نەخۆشییەکانی ژەنگ و ڕەشبوون هەبێت و بەرهەمیش بەڕێژەی بەرچاو زیاد بێت".

د.عیماد پێیوایە ئەگەر توێژینەوەکانی کاریان پێبکرێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا سوودێکی زۆری لێدەبینن، چونکە ئەو کات چیتر پێویستیان بەکڕینی دەرمانی قڕکەر نابێت.

ئەو مامۆستایە دەڵێت یەکێک لە توێژینەوەکانی 15 ساڵی خایاندووە، بەڵام دەڵێت "هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق و هەرێمی کوردستان وەک پێویست ماندووبوونی منیان لەبەرچاو نەگرت، تەنانەت دەستخۆشییان لێ نەکردم، بەڵام چەند جارێک لەلایەن ڕێکخراوی پەرەپێدانی کشتوکاڵی عەرەبییەوە خەڵاتکراوم".

سەبارەت بەدانانی لیژنەیەکی هاوشێوەی بەغدا بۆ پەسەندکردنی توێژینەوەکانی کوردستان، د.عیماد دەڵێت "لیژنەکەی بەغدا بەیاسا ڕێکخراوە، بەپێی یاساکەش نابێت لیژنەی هاوشێوە هەبێت، بۆیە بڕواناکەم بەغدا ڕێگە بە دروستکردنی لیژنەیەکی دیکە بدات. جگە لەوەش لیژنەکەی بەغدا چەندین پرۆفیسۆری بەتوانای تێدایە، بەڵام ئەوانەی کوردستان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ئەم کارە بکەن".

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و پەسەندکردنی بنەتۆو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە نوێنەری هەرێمی کوردستانیشە لە لیژنەی باڵای نیشتمانی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردنی جۆرەکانی کشتوکاڵ لەعێراق، دەڵێت "هەر توێژینەوەیەک لەسەر تۆوی هەر بەرهەمێک بکرێت، دەبێت بۆ پەسەندکردنی ئاراستەی ئەم لیژنە باڵایە بکرێت، ئەم لیژنەیەش ژمارەیەکی نهێنی پێدەدات و بۆ ماوەی ساڵێک لە سێ شوێن دووبارە توێژینەوەی لەسەر دەکاتەوە، ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئینجا پەسەندی دەکات".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، جگە لە گرفتی هاتوچۆ و ناردنی بڕێکی زۆر تۆوی توێژینەوە بۆ بەغدا، هیچ گرفتێکی دیکە لە پەسەندکردنی توێژینەوەکان نابینێ و دەڵێت "ئەم سیستەمە تەنیا لەسەر توێژینەوەی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو توێژینەوەی تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش دەگرێتەوە".

لیژنەکەی بەغدا تاوەکو ئێستا شەش جۆر گەنمی کوردستانی پەسەند کردووە، وەک جۆرەکانی (سمیتۆ، سەردار، ڕزگاری، ئەدەنە 99، ئۆڤانتۆ و کریسۆ) کە سەرجەمیان بەرهەمی توێژینەوە کشتوکاڵییەکانی کوردستانن.

ئازوز ئەحمەد دەڵێت "لەڕێی توێژینەوەکانمان توانیومانە جۆری زۆر باشی دانەوێڵە بەتایبەت گەنم بەرهەمبهێنین کە توانای بەرگریی لە نەخۆشی و وشکەساڵییان هەیە، ئەگەر بەغدا پەسەندیان بکات کاریگەری باشیان دەبێت لەسەر زیادبوونی بەرهەم".





(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

له بەشی بیۆگرافیای پەیجەکەیدا له تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کۆمەڵێک بڕوانامه هەر له بکالۆریۆسەوه تاوەکو دکتۆرا لەبواری پزیشکیدا نووسراون. د.ئاسۆ فەرەیدوون، بۆ ماوەی دوو ساڵ بووەته پزیشکی پارێزگایەک که دەمێکه به دەست ململانێی سیاسییەوه دەناڵێنێ. ئەو دەیەوێ له ماوەی ئەم دوو ساڵەدا سیمای سلێمانی بگۆڕێ. بۆ ئەمەش له ڕێگەی ئێرانەوه بەتایبەتیش پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووه و دەیەوێ وەبەرهێنەرانی ئێرانی رابکێشێته سلێمانی. پێدەچێت پارێزگاره نوێیەکەی سلێمانی ترسی له دروستکردنی کۆسپ و تەگەره هەبێ لەلایەن بەرپرسه ئیدارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان له فەرمانگەکانی سلێمانی، بۆیه له ماوەی رابردوودا به مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی گۆڕان، سەردانی نەوشیروان مستەفای ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکەی کرد.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

## ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی بۆ (ڕووداو):

# 200 میگاوات کارەبا لە ئێرانەوە رادەکێشین بۆ سلێمانی

- کاک نەوشیروان بەڵێنی تەواوی پێدام پشتگیریم بکات
- کۆمپانیاکانی سلێمانی لە شاری بانە پرۆژەیان هەیە
- دەرچووانی کشتوکاڵ دەنێرین بۆ شاری سنە
- لەم هەفتەیە کاندیدەکانی گۆڕان دەستبەکار دەبن

**ڕووداو: ماوەیـەک لەمەوبـەر سـەردانی کۆماری ئیسـلامیی ئێرانتان کرد و گرێبەست و پرۆتۆکۆڵــی بازرگانیتــان واژۆکـرد، دوای ماوەیەکی کەم دیسانەوه شاندێک له پارێزگای سنەوه هاتن و پرۆتۆکۆڵتان واژۆ کردەوه، ئەو هەمــوو گرێبەســت و پرۆتۆکۆڵــه بازرگانیانه چین؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسـلامیی ئێران و هەرێمی کوردسـتان، یان سـلێمانی و ژووره بازرگانییەکانــی پارێزگای سـنه زۆر لــه مێژینــه و کۆنــه. بەتایبەتــی لەکاتی قەیرانەکان و گەمارۆکاندا ئەم سنووره بازرگانییانه ڕۆڵی زۆریان بینیوه.

پەیوەندییــەکان فــره لایەنــن، بازرگانــی، ئابــووری، سیاســی و تەنانەت ئەمنیش. ئێمه هەموو کاتێک ئەم پەیوەندییانه ڕێکدەخەینەوه و ڕێکوپێکتریــان دەکەیــن. ئەمه لــه قازانجی هاووڵاتیانــی هەردوولایه. دووبــاره پرۆتۆکۆڵ واژۆکردن و هاتنی شــاندەکەی پارێزگای سنه پەیوەنــدی بەوەوه هەبوو کــه پارێزگاری تازه دەســتبەکاربووی ســنه، پارێزگای ســلێمانی نەبینیبــوو، بۆیــه ئەوان هاتن و ســلێمانییان بینی و پرۆتۆکۆڵەکەمان واژۆکردەوه.

**ڕووداو: ئەو ڕێککەوتنەتان چی تێدایه؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** دوو برگــەی تێدایه که تەواو به قازانجی سلێمانی دەشکێتەوه، یەکەم لایەنــی ئێرانی هەموو ئامادەکارییەکی کردووه بــۆ بەنێودەوڵەتیکردنــی مەرزی ســەیرانبەن و کێلــێ. ئێمــه پێشــوەخت لەگــەڵ جەنابی ســەرۆکی حکومــەت و جێگرەکەی قســەمان کردبــوو، ئێســتا راســتەوخۆ نووســراو بــۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەنێرین نەک وەزارەتی ناوخۆ. دەســتمان بــه لۆبییەکی باش کردووه لەنێو هەموو لایەنەکان و قەواره سیاسییەکان و دەزگاکانــی حکومەت و پەرلەمان بۆ ئەوەی پشــتیوانمان بــن لــه بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو دوو مەرزه.

**ڕووداو: ئەی خاڵی دووەم؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** ئێرانییەکان ئامادەیی خۆیــان دەربــڕی لــه ئێرانەوه بــه کێبڵ 200 میگاوات کارەبا بۆ ســلێمانی رابکێشــن. ئێمه چەند ساڵێکه کارەبامان راستەوخۆ له ئێرانەوه بۆ پێنجوێن راکێشــاوه، ئێســتا دەمانەوێ بۆ بەشــێکی ســلێمانی و چەند قەزا و ناحیەیەک کارەبا رابکێشــین. ئەوکات فشــاری کارەباش لەســەرمان کــەم دەبێتــەوه. پێویســتمان به پشــتیوانی و هاوکاریــی وەزارەتــی کارەبایه، بەڵام شــارەزوور ســوودمەندی یەکەم دەبێ و ئیدی کارەبای ئێرانی دەبێ.

**ڕووداو: لــه ســەردەمی دانــا ئەحمــەد مەجیــدەوه بــۆ بەهــرۆز محەممــەد ســاڵح، ژمارەیەکــی زۆر پرۆتۆکۆڵــی بازرگانــی و ئابووری لەنێوان ســلێمانی و ئێران واژۆکراون، وا تــۆش لەو مــاوه کەمەی دەســتبەکاربووی پرۆتۆکۆڵت واژۆکــرد لەگەڵیان، کوا بەرهەمی ئەو هەموو پرۆتۆکۆڵەی ســاڵانی پێشــوو؟ بۆ پرۆژەی ئێرانی له سلێمانی نابینرێ؟**

**ئاسۆ فەرەیــدوون:** ئێمــه کــه ســەردانی ئەوێمان کرد، بینیمان مەرزی باشماخ جوڵەی باشــی تێدابــوو، بــڕوام وایــه ڕێککەوتنەکان پێویســتی زۆریــان بــه بەدواداچــوون هەیه. ئەرکی سەرشانمانه بەدوای ڕێککەوتنەکانماندا بچین.

**ڕووداو: ئەی ڕێککەوتنه کۆنەکانتان؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** لەنێو ســلێمانی ئێستا کۆمپانیای ئێرانی هەیه پرۆژەی ئەنجامداوه، بۆ نموونه ڕێگای نێوان سلێمانی و دەربەندیخان. کۆمپانیــای خۆشــمان هەیه چوونەتــه بانه و لەوێ یاریگا دروســت دەکەن. جموجوڵی باش له نێوان هەردوولادا هەیه.

**ڕووداو: واته تۆ له ئیمزاکەی خۆت بێ هیوا نیت و چاوەڕوان دەبی؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** کاری من چاوەڕوانی نییه و هەوڵی بۆ دەدەم. وەک گوتم لۆبییەکی زۆر باشــی بۆ دەکەین، من هاوکاری باشم هەیه و خەڵکی خەمخۆرن.

**ڕووداو: ئەگــەر بچیته عەلوەی ســلێمانی، دەبینــی ئەو میوه و ســەوزەیەی لەو عەلوەیه هەیــه، نزیکــەی 80%ی له ئێرانــەوه هاتووه. ئێرانییــەکان لێــره بەتۆیان گوتــووه پڕۆژەی کشــتوکاڵیتان بۆ ئەنجــام دەدەن، ئایا ئەوان پڕۆژەیــەک ئەنجــام دەدەن کــه عەلوەکــه پڕ ببێتەوه له میوه و ســەوزەی خۆماڵی؟ پڕۆژه کشتوکاڵییەکەی ئەوان چییه؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** پڕۆژەکەیان ئەوەیه چۆن بازاڕێک بۆ میوەی سلێمانی دروستبکرێ. خۆی کاتێک وڵاتێک بەرەو پیشەســازیبوون هەنگاو بنێ، کەرتی کشتوکاڵی لاواز دەبێ. بۆیه دەبێ قۆنــاغ به قۆنــاغ کشــتوکاڵ بەهێزبکرێتەوه. میوەکانــی ئێمــه کێشــەی بازاڕیــان هەیــه. جوتیارانی شارباژێر پێویستیان به کارگەی له قوتونان و شــەربەتی میوەکانیان هەیه، بۆیه ئێرانییەکان بەڵێنیان داوه کارگەی له قوتونان و شەربەتی میوه له شارباژێر دروستبکەن.

**ڕووداو: پێــت نەگوتــم چارەنووســی ڕێککەوتننامه و گرێبەستەکانی پێشووتان چی لێهاتووه؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** ئێمه کێشەی دیکەشمان هەیــه و هێشــتا باســی هەمــوو وردەکاری ڕێککەوتنــه نوێیەکــەم بــۆ نەکــردووی، ئێمه خەڵکمان هەیه دەرچووی کۆلێژی کشــتوکاڵی و پۆلیتەکنیکییــه، بــەڵام کاریــان نییــه. یان شــارەزایی تەواویــان نییه و تەنیا دیراســاتی تیۆری هەیــه. ڕێککەوتووین کــه خوێندکاران بنێرین بۆ سنه. لەوێ سەنتەرێکی زۆر گرنگی ئینتەرناشــناڵ هەیــه و لــەوێ دەخوێنــن و کاردەکــەن به عەمەلــی. هەروەها ئێرانییەکان بڕیاریانــداوه ســەنتەرێکی هاوشــێوەمان بــۆ بکەنەوه.

**ڕووداو: بۆچــی هامشــۆ و بازرگانــی و ئابووریتــان تەنیا لەگــەڵ ئێرانییــەکان هەیه و هەولێریــش لەگــەڵ تورکیــا، ئەمه دیســان دابەشبوونێکی سیاسییه؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** ســەیری ئــەو باڵەخانه بەرزانــەت کــردووه؟ ئــەوه کۆمپانیای تورکی دروســتی کــردوون. واقعێکــی جوگرافی هەیه بەهۆی نزیکیی ســلێمانی لــه ئێران و نزیکیی دهۆک له تورکیا و لەهەمانکاتیشــدا واقیعێکی کۆمەڵایەتیش هەیه.

**ڕووداو: تۆ 3 مانگه پارێزگاری ســلێمانیت، بــەڵام هێشــتا ئیــدارەی پارێزگای ســلێمانی پێکنەهاتووه، بۆچی؟**

**ئاسۆ فەرەیدوون:** ئەم هەفتەیه کاندیدەکانی بزووتنــەوەی گــۆڕان دەســتبەکار دەبــن، شــانازی بەوه دەکــەم که یەکــەم پارێزگاری هەڵبژێــردراوی ســلێمانیم، شــانازی دەکــەم بەوەی ئیدارەی ســلێمانی پەلکــه زێڕینەیه و هەمەجــۆره. هیــوادارم وەک چــۆن هەمیشــه ســلێمانی پێشــەنگه، بتوانیــن حکومەتێکــی سەرکەوتوو پێکبێنین.

**ڕووداو: ئــەی گفتوگــۆکان لەگەڵ پارتی بۆ یەکی کەوتووه؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** ئــاگاداری گفتوگــۆی سیاسی نیم.

**ڕووداو: یەکێک لــه جێگرەکانت بەر پارتی کەوتووه، ئایا تا ئەوکاتەی گفتوگۆکان لەگەڵ پارتــی دەگەنه ئەنجام، ئەو کورســییه بەتاڵ دەبێ، یان به وەکالەت بەڕێوەدەبرێ؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** ئەگەر بەخواســتی من بێ حەزدەکــەم هەموو لایەنەکان بەشــداربن. پێشــموایه دواجار هەموو بەشــداردەبن، بەڵام هــەر چــۆن بێت، ئــەو کەســەی ئێســتا لەو پۆســتەدایه لــه شــوێنەکەی بــەردەوام دەبێ تاوەکو ڕێکدەکەون.

**ڕووداو: سەردانی نەوشیروان مستەفات کرد و داوای پشــتیوانیت لێکرد، بۆچی پشتگیریت بکات؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** کاک نەوشــیروان و بزووتنــەوەی گــۆڕان بەشــێکی گرنگی کایەی سیاسین لەم شارەدا. لەم شارەدا هاوبەشن له ئیدارەکردنی پارێزگای ســلێمانی، جگه لەوەی کاک نەوشــیروان کەســایەتییەکی سیاســی و ناســراوی هەرێمــی کوردســتانه. ئــەوەی مەبەســتمانه ئارامــی سیاســییه و لەســەری ســوور دەبین و ئەوەش نزیکبوونەوەی هەموو لایەنەکانی دەوێ.

**ڕووداو: ئەو بەڵێنی پێدای که پشــتگیریت بکات؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** بەڵێنــی تەواوی داوه و سوپاسی دەکەم.

**ڕووداو: تەنیا پشــتگیری کاک نەوشیروانت بەسه؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** ســلێمانی شــارێکی جیاوازه و من هەمیشه سەردانی هەموو حیزب و لایەنــەکان دەکەم، من بۆ خــۆم پەیوەندیم لەگەڵ هەموو لایەنەکان باشه.

**ڕووداو: چــۆن مامەڵــه لەگــەڵ ئیــداره سەربەخۆکان دەکەن؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** پێشتر چۆن بووه هەروا دەکەین.

**ڕووداو: بــەڵام ئــەوان ئەنجوومەنیان نییه چاودێرییان بکات؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** ئەنجوومەنی پارێزگای ســلێمانی چەند ئەندامێکــی هەیه که خەڵکی ئــەو ئیــداره ســەربەخۆیانەن، بەهــاوکاری و هەماهەنگــی یارمەتییــان دەدەیــن و ئیش و کارەکان بەڕێوەدەچن. ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەتوانێ به یاسای ژماره 3 چاودێری هەموو ئیدارەکان بکات.

**ڕووداو: ڕێوشــوێنەکانی بەپارێزگابوونــی هەڵەبجــه کۆتاییان هاتووه له ڕووی ئیداری و یاسایی و گواستنەوەی مامەڵەی هاووڵاتیان؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** هەتاوەکو ئەو شوێنەی پارێزگار دانراوه کێشەیەکی نییه لەو بارەیەوه، بــەڵام بەهــۆی ئــەوەی پارێزگایەکــی نوێیه، لەوانەیه کێشــەی تریان بۆ دروســت ببێ. من نموونەت بۆ دێنمەوه، من لێره تەنیا له بەشی هونەریــی پارێزگا 118 ئەندازیــارم هەیه، له بەشــی پلاندانان و بەدواچوون 27 ئەندازیارم هەیه، بزانه له بەشەکانی دیکه چەند کارمەند و پســپۆڕ و ئەندازیارت دەوێ. بەڵام هەڵەبجه ئەوانــەی نییه و دەبێ پارێزگای ســلێمانی و هەولێــر و دهۆک یارمەتــی هەڵەبجه بدەن بۆ ئەوەی بکەوێته ســەرپێی خۆی. چونکه جگه لەوانه چەندین شــارەزای مەســحی جیۆلۆجی و تەندەریــن و گرێبەســتەکان و پلاندانــان و ئەنــدازه و چاودێریکــردن و بەدواداچوونــی دەوێ.

**ڕووداو: لەوەتــەی تــۆ دەســتبەکاربوویت حکومەت پارەی نییه، وابزانم ئێوه لەو ماوەیه تەنیا چاڵتان پڕ کردووەتەوه؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** ئێمه بــه پڕکردنەوەی چاڵەکان دەستمان پێکردووه و چاڵی وا هەیه له 2012ەوه پڕ نەکراوەتەوه .لەم بێ پارەییەدا خەریکی پڕکردنەوەی چاڵی سەرجادەکانین.

**ڕووداو: بەپارەی چی چاڵ پڕدەکەنەوه؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** هەندێکــی هاوکارییه و هەندێکی پارەی وەزارەتەکانه.

**ڕووداو: ئــەی بودجــەی پەرەپێدانــی هەرێمەکان؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** وەســتاوه، بــەڵام گەشــەپێدانی وەزارەتــەکان خۆشــبەختانه دەســتی پێکردووەتەوه و هەواڵی ئەوەشــمان هەیه پارەی پڕۆژەکان دەستپێدەکاتەوه.

**ڕووداو: هیــچ وەبەرهێنێــک پێیگوتــووی ئامادەیه به پارەی خۆی پڕۆژه ئەنجام بدات، تاوەکو پارەتان دەستدەکەوێت؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** لەهەوڵداندایــن بــۆ زیاترکردنــی ڕووبــەری ســەوزایی، بیرمــان کــردووه بیدەیــن بــه کەرتی تایبــەت. زەوی باخچەکان دەدەین به کەرتی تایبەت و ئەوان ناچاردەبــن بەشــێکی بکــەن بــه نەمامگه و بەشــەکەی دیکەشی سەوز بکەن. بەوشێوەیه ئەرکی دروســتکردنی باخچەکان و ســەوزایی له سەرشــانی حکومــەت لادەچێت و جارێکی دیکه کەرتی تایبەت دەســتبەکار دەبێتەوه و هەلی کار زۆرتر دەبن و مەشــتەلەکان دەچنه نێوباخەکانەوه و لەقەراخ شەقامەکان نامێنن. ئێمــه هاتینــه ســەر خەزێنەی بەتــاڵ، بەڵام خەزێنەی بەتاڵیش وای لێکردووین که باشــتر بیربکەینەوه.

**ڕووداو: پێش دەستبەکاربوونی تۆ پلانێکی 3 ســاڵه بۆ ســلێمانی تاوتوێ کــرا، پلانەکه بەچی گەیشــت و ڕۆڵــی ئەنجوومەنی پارێزگا چییــه، لەکاتێکدا ئەوان هێشــتا دەســتبەکار نەبووبوون؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** لیژنــەی ئامــادەکاری پلانەکــه 3 ئەندامــی ئەنجوومەنــی تێدا بوو، خەڵکی شارەزا و پسپۆڕی دیکەشی تێدابوون. پلانەکه هێشتا کۆنســێپت نەبووه بەتەواوی، بــەڵام لــەڕووی کەلتــوری و فەرهەنگــی و پیشەســازی و بازرگانــی و گەشــتوگوزار زۆر گرنگه بۆ ســلێمانی. چــاوەڕوان دەبین بزانین گەڵاڵەکردنــی بەچــی دەگات و چاوەڕوانــی پارەش دەکات.

**ڕووداو: هەڵمەتەکەتــان بــۆ ڕووخاندنــی زێدەڕۆییــەکان بەردەوامــه، ســوورن لەســەر ئەوەی زێدەڕۆیی نەهێڵن؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** ئێمــه نــا، خەڵکیش سوورن لەسەر ئەوه. به نامه و له ڕێگەی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانــەوه خەڵک داوامان لێدەکەن ڕووبــەرووی زێدەڕۆیــی ببینــەوه. ئەمه جگه لەوەی له کۆبوونــەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنەی شــارەوانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا، بەردەوام جەختی لێدەکرێتەوه. بۆیه ئێمه بەردەوام دەبین و له ســلێمانی نزیکەی 9 هــەزار حاڵەتــی زێدەڕۆیی هەیه و کەمترین زێدەڕۆیــی هەیه، بەڵام لــه هەولێر 18 هەزار حاڵەتی زێدەڕۆیی هەیه.

**ڕووداو: وەزارەتــی کشــتوکاڵیش زۆر پێداگیــری لەســەر وەرگرتنــەوەی زەوییــه کشــتوکاڵییەکان دەکات، ئەوانــەی کراونەته باخ. له ســیتەک و مێرگەپانی زۆربەی زەوییه کشــتوکاڵییەکان کراونەتــه بــاخ، هەڵمەتــی لابردنی زێدەڕۆیی ئەوانیش ناگرێتەوه؟**

**ئاســۆ فەرەیــدوون:** ئێســتا بۆچوونێــک هەیــه که تازه ئەوانــه بوونەته ئەمری واقیع. جاران دەیانگوت ماڵ و باخی بەرپرســەکانه، بەڵام ئێســتا هەموو جۆره خەڵکێکی تێدایه، تەنانــەت ئێســتا خەڵکــی داهــات کەمیش لــەوێ باخی هەیــه. بووەته ئەمیــری واقع و ڕووبــەری سەوزاییشــی زیاد کــردووه، بەڵام لەوانەیــه بیرلەوەبکرێتــەوه حکومەت باجیان لێوەربگــرێ، چونکه حکوومەت پێویســتی به باج هەیه.

**ڕووداو: بەڕێوەبردنی سلێمانی سەختە؟**

**ئاســۆ فەرەیدوون:** نایشــارمەوه ئەوەی له ســلێمانی ســەختە، ڕاگرتنی هاوسەنگییه له نێوان لایەنه سیاسییەکان.



- ئێرانییەکان کارگەی لە قوتونان و شەربەتی میوە بۆ جووتیارانی شارباژێر دەکەنەوە
- 9 هەزار حاڵەتی زێدەڕۆیی لە سلێمانی هەیە
- لەبەر بێ پارەیی چاڵی ڕێگاوبانەکان پڕدەکەینەوە
- سەخترین کار لە سلێمانی ڕاگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان
- خەزێنەی بەتاڵ وای لێکردین کە باشتر بیربکەینەوە



ڤێرا یەعقوبیان، بەڕێوەبەری کۆمیتەی نیشتمانی ئەرمەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

# هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کورد نییە

○ سەرکردەکانی کورد داوای لێبووردنیان لە ئەرمەن کردووە

○ ئەنادۆڵ زەوی ئەرمەنە و دەبێ ڕۆژێک بۆی بگەڕێینەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وەک بڵێی ئەو زۆر هەواڵی نوێ لە بارەی ئایندەی نزیکی کوردەوە دەزانێ کە هێشتا کورد خۆی درکی پێنەکردووە، بەڕێوەبەری کۆمیتەی نیشتمانی ئەرمەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەشبینانە دەڵێت "کورد ئێستا دەوڵەتێکی هەیە و نزیکە لە سەربەخۆیی تەواو، تۆ کوردیت و هێشتا لە کوردستان دەژیت، بەڵام منی ئەرمەنی لە عێراق و سووریا و لوبنان دەژیم". ڤێرا یەعقوبیان، لە هۆڵێکی گەورەدا لە سلێمانی لەبەردەم ژمارەیەک لە مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ باسی ڕووداوەکانی 100 ساڵ لەمەوبەری کرد.

تاوەکو ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا 24 دەوڵەت دانیان بە کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنەکاندا ناوە، ئەمە جێی دڵخۆشیی ڤێرا یەعقوبیانە کە دەڵێ "پاپای ڤاتیکانیش دانی پێدا ناوە". بەڵام بۆ کۆششی 100 ساڵەی ئەرمەنەکان، ئەوە هێشتا نیوەی ڕێگاکەش نییە، چونکە لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا جەمسەرەکانی سیاسەتی جیهانی نابینرێ. ئەو دەڵێ "ئێمە دەزانین ئەمریکا هێشتا بەرژەوەندییەکی گەورەی لە ناوچەکەدا هەیە و ژمارەیەک بنکە و بارەگای سەربازی لە تورکیا هەن، ئەوەش بێدەنگی کردوون، بەڵام ئەمریکا دانی پێدا بنێ یان نا، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێ و هەموو دونیا دەزانن ئەوەی بەرامبەر ئەرمەن کراوە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کۆمەڵکوژییە".

بەبڕوای یەعقوبیان، تورکیای ئێستا و عوسمانییەکان هیچ جیاوازییەکیان نییە و پێیوایە دۆستایەتی ئەمریکا و تورکیا بەناوی شەڕی تیرۆرەوە، بێ مانایە. چونکە وەک ئەو دەڵێ "تورکیا خۆی بەئاشکرا هاوکاریی گرووپە تیرۆریستەکانی ناوچەکە دەکات".

لەبارەی ئیسرائیلیشەوە کە تاوەکو ئێستا دانی بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەندا نەناوە، ڤێرا یەعقوبیان، دیسانەوە باسی بەرژەوەندی دەکات و دەڵێ تورکیا و ئیسرائیل لە دوورەوە وەک نەیار مامەڵە لەگەڵ یەک دەکەن "بەڵام لە ژێرەوە بەرژەوەندیی زۆر باشیان پێکەوە هەیە، هەر ئیسرائیلییەکانن لۆبییەکی بەهێزیان هەیە لە ئەمریکا و گوشار دەخەنە سەر ئۆباما بۆئەوەی باسی کۆمەڵکوژیی ئەرمەن نەکات، تورکیا و ئیسرائیل بە تەواوی دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتە عەرەبییەکانیشدا هەیە".

ساڵی 1915 بۆ ئەرمەنەکان ساڵێکی شووم بوو. دەڵێن لەلایەن سوپای ئەوکاتی عوسمانییەکانەوە پەلاماردراون و دوای ڕەشبگیرییەکی بەربڵاو، بە سەدان هەزاریان کۆمەڵکوژ کراون و نزیک بوون لەوەی بەتەواوی لەنێو بچن. مێژوونووسە ئەرمەنەکان دەڵێن عوسمانییەکان لەلایەن ئەڵمانیاوە هاوکاری کراون و کوردیش لەو هەڵمەتانەدا بەشدارییان کردووە. ئەم چیرۆکە پڕ ئازارانە، ساڵەهایە لەنێو نەوەکاندا دەستاودەست دەکەن و هێشتا بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕێن مافی خۆیان وەربگرنەوە، بەڵام وەک ڤێرا دەڵێ "ئەوە کاتێک بەدی دێت کە تورکیا دانی پێدا بنێت".

سەبارەت بە بەشداریی کورد لەو کۆمەڵکوژییەدا، بەڕێوەبەری کۆمیتەی نیشتمانی ئەرمەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێ ئێستا ئەرمەن بۆچوونیان بەرامبەر کورد گۆڕاوە "تێگەیشتین کە ئەوان کاتی خۆی لە جینۆسایدی ئەرمەن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەکارهێنراون". هەروەها دەڵێ "ئەرمەنەکان لەو بارەیەوە دڵیان ئاوی خواردەوە،چونکە لە پەرلەمانی تورکیا پەرلەمانتارانی کورد داوای لێبووردنیان کرد و سەرکردەکانی کوردیش لەوبارەیەوە پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەرمەن هەیە، لەوانە بارزانی و تاڵەبانی "بارزانی پەیوەندییەکی لەمێژینە و زۆر باشی لەگەڵمان هەیە".

ڤێرا درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی "ئەمڕۆ کورد بۆ خۆی دان بەوەدا دەنێ کە بەکارهێنراون، سەرکردەکانی کورد داوای لێبووردنیان کرد و ئێستا ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کورد نییە، تەنانەت لەگەڵ گەلی تورکیش، چونکە دەوڵەت ئەوەی کردووە و گەلی تورک ئاگایان لێ نییە".

یەعقوبیان دوای کەمێک ڕاوەستان دەپرسێ "ئێوە 100 ساڵی دیکە سەددام حوسێنتان لەبیردەچێتەوە؟" بەو پرسیارە وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە ئایا نەوەی سێیەمی ئەرمەنەکان هێشتا دوای 100 ساڵ بە برینی باپیرانیانەوە دەتلێنەوە؟

یەعقوبیان چیرۆکی پەڕاگەندەبوونی خێزانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێک لە ئەنادۆڵەوە باپیری دوای ئەوەی خوشکەکەی لەدەستداوە لەو کۆمەڵکوژییەدا، خۆی دەرباز کردووە و پەڕیوەتەوە بۆ لوبنان و لەوێ گیرساوەتەوە "لەوکاتەوە ئێمە لە بەیروت دەژین، بەشێکی دیکەی ئەرمەنەکان لە سووریا و بەشێکی دیکەیان لە عێراقن، هەندێک لە من دەپرسن بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ئەرمەنستان؟ بەڵام خاکی من لە ئەنادۆڵە و داگیرکراوە لەلایەن تورکەکانەوە، من بۆ کوێ بگەڕێمەوە، ئەنادۆڵ خاکی ئەرمەنەکانە و دەبێ ڕۆژێک بۆی بگەڕێینەوە".

یەعقوبیان پێیوایە کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنەکان تەنیا لەنێوچوونی هەزاران کەس نییە "ئێمە هەرچی شتی کەلتوریمان هەبوو لەدەستماندا، هەرچی مێژوومان هەیە لە ئەرمینیایە، کوا کڵێساکانمان، باسی خانووەکەی خۆمان ناکەم، باسی هەموو شتە گرانبەها کەلتووری و فەرهەنگی و مێژووییانە دەکەم کە هەرگیز پەیدا نابنەوە".

کوردیش بەدەستی سەددام حوسێن ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەوە، ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانکردنی هەزاران گوند و لەنێوبردنی نزیکەی 182 هەزار کەس. 27 ساڵە کورد داوای بەدەنگهاتنی جیهان دەکات. ڤێرا یەعقوبیان پێیوایە دەبێ کورد و ئەرمەن یارمەتی یەکدی بدەن و لەیەکتر فێر ببن "کورد ئێستا دەوڵەتی کوردستانی خۆی هەیە و نزیکە لە سەربەخۆیی تەواو، تۆ کوردیت و لە کوردستانی، بەڵام ئەوەتا من هێشتا ئەرمەنییەکی ئاوارەم، ئێستا ئێمە و کورد بەرژەوەندیمان پێکەوە هەیە".

لەو کۆمەڵکوژییەدا ئەرمەنەکان چەند کەسیان لەدەستدا؟ ڤێرا یەعقوبیان دەڵێ 100 ساڵ پێش ئێستا لە ئەنادۆڵ 2 ملیۆن و 400 هەزار ئەرمەنی هەبوون، تاوەکو ساڵی 1982 نزیکەی هەموویان لەناوچوون. ساڵی 1927 بەپێی ئاماری هەندێک لە سیاسەتمەدارانی ئەرمەنی ئەوکات کە لە ئیستەنبوڵ بوون، نزیکەی 70 هەزار ئەرمەنی لە تورکیا مابوون. لە ئەنادۆڵ هیچ ئەرمەنی نەمان، کەواتە کوا ئەو هەموو ئەرمەنە؟



خۆپیشاندانێکی ئەرمەنەکان لە ئەمریکا
(فۆتۆ: AFP)

# پاکێجەکەی کۆنگرێس.. زللەیەک لە سەروەریی عێراق

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتن**

ئیدارەی ئۆباما دژایەتی پاکێجێکی لیژنەی کاروباری سەربازیی کۆنگرێسی ئەمریکا دەکات کە ڕێگە دەدات "هاوکاری سەربازی ڕاستەوخۆ" بۆ پێشمەرگە و هێزە عەشایەرە سوننەکان بنێردرێت و وەکو "دەوڵەت" مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ئەمەی ڕاگەیاند.

لیژنەی کاروباری سەربازی لە کۆنگرێس ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو پاکێجێکی بە ناوی ڕێگەدانی بەرگری نەتەوەیی بۆ ساڵی 2016 ڕاگەیاند. ڕەشنووسی پاکێجەکە داوای ڕێگەدان بە خەرجکردنی 715 ملیۆن دۆلار دەکات بۆ شەڕی (داعش) لە عێراق.

لە پرێس کۆنفرانسی ڕۆژانەی وەزارەتی دەرەوەدا، گوتەبێژی ئەو وەزارەتە ماری هارف ڕایگەیاند کە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە ڕوونە و پشتگیری لە یەکگرتوویی عێراق دەکات "ئێمە هەموو کات گوتوومانە عێراقێکی یەکگرتوو بەهێزترە. هەروەها بۆ سەقامگیری ناوچەکە پێویستە. لەبارەی هاوکاریی سەربازی، سیاسەتمان نەگۆڕە، هەموو چەک و تەقەمەنیەک پێویستە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا بێت".

بە گوتەی هارف، کۆشکی سپی لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا گفتوگۆ دەکات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەستەواژەکانی نێو پاکێجەکەدا بکرێت و پاکێجەکە لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما لەمەڕ عێراق، بگونجێ.

"ئێمە خوازیارین لەگەڵ کۆنگرێس لەسەر دەستەواژەکانی نێو پاکێجەکە کار بکەین. بەڵام ڕەشنووسەکە لە کۆشکی سپی هێشتا لە سەرەتادایە، چونکە تازە دارێژراوە، ئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما نییە".

بڕگەی 1223ی یاسای ڕێگەدانی بەرگریی نەتەوەیی (NDAA) کە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو لەلایەن لیژنەی کاروباری سەربازییەوە بڵاوکرایەوە، 715 ملیۆن دۆلاری بۆ هاوکاریی هێزە عێراقییەکان لە شەڕی داعشدا تەرخان کردووە.

25%ی ئەو بودجەیە ڕاستەوخۆ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە سوننەکان دەڕوات. پاکێجەکە هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر حکومەتی عێراق شکستی هێنا لە جێبەجێکردنی چەند مەرجێک، ئەوە بەشی کورد و سوننە بۆ 60% زیاد دەکرێت. یەکێک لەو مەرجانەش "بەشداركردنی کەمینە ئێتنی و ئاینییەکانە لەناو هێزە ئەمنییەکانی عێراق".

لە پاکێجەکەدا هاتووە "ئەگەر وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە نەگەنە ئەو بڕوایەی کە عێراق مەرجەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو جێبەجێ کردووە، ئەوا ئەوکات وەزیری بەرگری پێویستە هاوکارییە ڕاستەوخۆکان بۆ حکومەتی عێراق (ساڵی 2016) ڕابگرێ". هەروەها "ئەگەر وەزیری دەرەوە هاوکارییەکانی ساڵی 2016 بۆ حکومەتی عێراق ڕابگرێت، ئەوکات وەزیری بەرگری پێویستە بڕێک کە کەمتر لە 60% نەبێت، بۆ پێشمەرگەی کورد و هێزە خێڵەکییەکانی سوننە دابین بکات".

لە هەوڵێکی بێ وێنەدا پاکێجەکە داوا دەکات کە هێزەکانی پێشمەرگەی کورد و هێزە سوننەکان وەکو "دەوڵەت" ناوببرێن. دوا بەشی داوا دەکات کە پێشمەرگە و هێزە سوننەکان بە ئامانجی ئەمنی قەومی و هێزەکانی گاردی نیشتیمانی عێراقی وەکو دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، ئەمەش وا دەکات کە ڕاستەوخۆ هاوکاری سەربازی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وەرگرن.

"ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە ئەگەر وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوە ئەو هەڵسەنگاندنەی پێویستە، ڕادەست نەکەن بۆ ئەوەی کە دەریبخەن حکومەتی عێراق پابەندی مەرجەکانی بووە یان نا، وەکو لەم بەشەی پاکێجەکەدا ئاماژەی پێکراوە."

لیژنەی کاروباری سەربازی کە لە 62 ئەندام پێکدێت، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو پاکێجەکەی تێپەڕاند، دوای ئەوەی کە ئەو بڕگەیەی داوای دەکرد وەکو "دەوڵەت" مامەڵە لەگەڵ کورد و سوننەدا بکرێت، لابرا. بەڵام پاکێجەکە هێشتا ئەو بڕگەیەی تێدا ماوە کە داوا دەکات هەندێک لە هاوکارییە سەربازییەکان ڕاستەوخۆ ڕادەستی ئەو هێزانە بکرێن.

پاکێجەکە بە 60 دەنگ بەرامبەر بە 2 دەنگ پەسەندکرا بۆ ئەوەی بنێردرێت بۆ کۆنگرێس بۆ دەنگدان لەسەری. تێپەڕاندنی پاکێجەکە لە لێژنەکەدا دوای 18 کاژێر گفتوگۆ و مشتومڕ هات.

دوای دەستکاریکردنی پاکێجەکە، ئەو بڕگەیەش لابرا کە مەرجی هاوکاریی ئەمریکای بۆ عێراق بەستبووەوە بەوەی عێراق خۆی لە میلیشیا شیعەکان بەدوور بگرێت.

هێزە کوردیەکان ستایشی زۆریان بۆ خۆیان وەکو هێزی شەڕکەری دژی داعش لە عێراق و سووریا بردووەتەوە، بەڵام بەراورد بە میلیشیا شیعە مەیلەو ئێرانیەکان، پێشمەرگە چەک و تەقەمەنی و دارایی کەمی پێ بەخشراوە. حکومەتی ناوەندیی بەغدا بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی بودجە و هاوکارییە نێودەوڵەتیەکان وەکو کارتی گوشار لە دژی هەولێر.

پاکێجەکە هەروەها مەرجی ئەوەی بۆ بەغدا داناوە کە خۆی لە هێزە شیعەکان بەدوور بگرێت. ئەو هێزانە بە پێشێلکردنی بەرفرەی مافی مرۆڤ تاوانبارن، لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراقدا.

لە سەردانێکیدا بۆ واشنتۆن لە مانگی ڕابردوودا، حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق توانی 200 ملیۆن دۆلار بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە ناوخۆییەکانی عێراق وەرگرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە مسۆگەرکردنی هاوکاری سەربازیی ئیدارەی ئۆباما بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق.



تەواوبوونی خولێکی مەشقدانی پێشمەرگە لەلایەن هاوپەیمانانەوە
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

## لە سوێد ژمارەی بانکی دەدرێتە دامەزراوەیەکی کوردی

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

دامەزراوەیەکی مرۆڤدۆستی کوردی لە سوید کە کاری خێرخوازی دەکات، بە فەرمی ژمارەی حیسابی ئەوەی کە بە سویدی (90konto) ناسـراوە پێدرا. ئەو دامەزراوەیە "بەکۆمەک هاوکاری کوردسـتان بکە" ئەم مافەیان لەلایەن دەزگای کۆنترۆڵی ڕێکخراوە و دامەزراوەکان کە کاری خێرخوازی دەکەن، پێدراوە. هەموو ڕێکخراو یان کۆمەڵەیەک ئەم ژمارە حسـابییە وەرناگرێت. لەڕێگەی ئەم ژمارە حسـابییەوە فەرمانگە بەرپرسەکانی سوید بۆ نمونە دەزگای باجی سوید بە تەواوی ئاگاداری ئەو کۆمەک و هاوکاریانەیە کە ئەم دامەزراوەیە بۆ کاری خێرخوازی کۆی دەکاتەوە".

## هەفتانە 5 خۆپیشاندان لە دژی پەنابەران

# لە کوردستان داعش و لە ئەڵمانیا نازییەکان هەڕەشەیان لێدەکەن

**ئاڵا شاڵی**
**ڕووداو- دۆرتمۆند**

"لە کوردسـتان لە ترسـی داعـش هەڵاتین، لێرەش نازییەکان وازمان لێناهێنن". ئەمە قسەی گەنجێکی ئێزدییە بەناوی شارکۆ کە لە کوردستان لە ترسی داعش هەڵاتووە و ئێستا لە کەمپێکی پەنابەران لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا دەژی و چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری دەکات.

شـارکۆ هەسـت دەکات لـە ئەڵمانیـاش لە مەترسیدایە، بەڵام ئەمجارە لەلایەن نازییەکانەوە، چونکە لە هەفتەیەکدا سـێجار هێرشـیان کردە سەر ئەو کەمپەی شارکۆی لێیە.

شـارکۆ بە (ڕووداو)ی گوت "من بیست ڕۆژە لێرەم، تاوەکو ئێستا سێجار نازییەکان هێرشیان کردووەتە سـەرمان، نزیکەی 30 کەس دەبوون، دوای چەنـد خولەکێک پۆلیس هـات کۆنترۆڵی ڕەوشەکەی کرد، بەڵام ئێمە تا بەیانی نەخەوتین، بەڕاستی زۆر ناخۆشە، ئەمە چەندینجارە دێن".

تا دێـت شـەپۆلی نارەزایی ڕاسیسـتەکانی ئەوروپـا لـەدژی پەنابـەران زیاتـر دەبێـت. نوێتریـن کاردانـەوەی ئـەو گرووپانـەش، کاردانـەوەی ڕاسیسـتەکانی ئەڵمانیایـە کـە ئێسـتا بزووتنەوەیەکیـان پێکهێنـاوە بە ناوی پێگیـدا (هاوپەیمانی نیشـتمانیی ئەوروپا دژی ئیسلامیکردنی ئەوروپا).

ئەو بزووتنەوەیە هەرچەندە ئێستا لاواز بووە و وەکو سـەرەتای سـەرهەڵدانی چـالاک نییە، بەڵام بەپێی ئامارەکان هەفتانە 5 خۆپێشاندان و گردبوونەوە لە ئەڵمانیا دژی پەنابەران دەکرێت و لانیکەم 3 جاریش هێرش دەکرێتە سـەر کەمپی پەنابەران. ڕێکخەری زۆربەی خۆپیشاندانەکانیش



کەمپێکی پەنابەران لە ئەڵمانیا

لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیەن.

سـەعدیە لەگەڵ هاوژیـن و پێنج منداڵەکەی زێـدی خۆیـان کە شـاری قامشـلۆی ڕۆژئاوای کوردسـتانە، جێهێشـتووە و ئێسـتا لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیان بۆ ئەوەی بە ئارامی بژین، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی ترسێکی دیکە بوونەتەوە.

سـەعدیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لێرە زۆر دەترسـین، هەسـت بە ئارامی ناکەین. ئێمە لە گوللەی سەربازانی سووریا و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان ڕزگارمـان بوو، بـەڵام لێرە ئەم نازیانە زۆریان ترساندووین، نازانین چییان لێمان دەوێ".

شاری دۆرتمۆند کەوتووەتە هەرێمی نۆردراین فێسـتفالن و بە قـەڵای نازییـەکان ناودەبرێت، زۆربەی ئەو هێرشـانەی کراونەتە سـەر کەمپی پەنابەران لەو شارە و هەندێک شاری هەرێمەکانی ساکسن و بایرنە.

ڕۆژ بـەڕۆژ ژمـارەی هێرشـی نازیـە ڕەگەزپەرسـتەکان بۆ سـەر کەمپـی پەنابەران لە زیادبووندایە، بە تاییەتی دوای سـەرهەڵدانی بزووتنەوەی پێگیدا ژمارەی هێرشـەکان زیادیان کردووە.

بەپێی ئامارەکان لەساڵی 2013ەوە هێرشی سەر کەمپی پەنابەران لە ئەڵمانیا سێ بەرامبەر زیـادی کردووە. بەپێـی ئامارەکانـی وەزارەتی ناوخـۆی ئەو وڵاتە، سـاڵی ڕابردوو 150 هێرش کراوەتە سەر کەمپی پەنابەران.

بزووتنەوەی پێگیدا بووەتە هەڕەشـە لەسەر پەنابەرانی ئەم وڵاتە، لەنێویشـیاندا یەک ملیۆن کوردی پەنابەر کە زۆربەیان موسـڵمانن. ئەوان پێیانوایە پەنابەرە موسڵمانەکان خێر و بێری ئەو وڵاتەیان بۆ خۆیان بردووە و هەڕەشـەن لەسەر ئایندەی وڵاتەکەیان.

ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا پێشـتر هۆشداری دایە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کە نەکەونە داوی ڕاسـتڕەوە توندڕەوەکان و ئەوان بەکاریان بهێنن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان.

وەزیری ناوخۆی هەرێمی نۆردراین فێستفالنیش ئەو گرووپە بە "مەترسیدار" دەزانێت و هاووڵاتیان لە مەبەسـت و نیەتی ئـەم بزووتنەوەیە ئاگادار دەکاتەوە.

لە ئەڵمانیـا نزیکەی 4.5 ملیۆن موسـڵمان دەژیـن، بەڵام زۆربەیـان پابەند نیـن بە ئاینی ئیسلام. بۆیە بەرپرسانی ئەڵمانیا دەڵێن پێگیدا مایەی شـەرمەزارییە بـۆ ئەڵمانیا و نابێت ڕێگە بدرێت هەستی دژی موسڵمانان بقۆزنەوە.

پۆلیسـی دۆرتمۆند پاراسـتنی پەنابەران بە تایبەتی ئەوانەی لە کەمپەکانن بە ئەرکی خۆیان دەزانن، بەڵام گلەییان لە یاسـاکانی وڵاتەکەیان هەیـە لەبـارەی چۆنیەتی مامەڵەکـردن لەگەڵ نازییەکان.

ئۆلیڤەر پایلەر، گوتەبێژی پۆلیسـی شـاری دۆرتمۆنـد بـە (ڕووداو)ی گوت "ئـەوە ئەرکی سەرشـانی پۆلیسە ئەمن و ئاسـایش بپارێزن، بێگومان پاراسـتنی پەنابەرانیش لە ئەسـتۆی ئێمەدایـە. ئێمـە بـاش دەزانیـن زۆربـەی ئەو پەناخوازانـە لەترسـی شـەڕ ڕایانکـردووە و لە ترسـی مـردن هاتوون بۆ ئێـرە، بەڵام ئێمە دڵنیایان دەکەینەوە تاوەکو ئێمە لێرە بین ئەوان پارێزراون".

گوتیشـی "ئەرکـی ئێمەیـە کـە نەهێڵین لێـرە نازییـەکان ئاگـر هەڵبگیرسـێنن و بچنە بـەردەم کەمپـەکان و هـاوار بکـەن و هوتافی ڕەگەزپەرسـتانە بڵێنەوە. ئەوان باش دەزانن چ دەکەن، بەڵام یاسا ناتوانێت هیچ بکات".

گوتەبێژەکـەی پۆلیـس پشتڕاسـتیکردەوە کە لەوەتەی بزووتنەوەی پێگیدا سـەریهەڵداوە هێرشـی نازییەکان بۆ سـەر پەنابـەران زیادی کردووە.

مەترسـی و هەڕەشـەی نازییەکان بۆ سـەر پەنابـەران تادێت زیـاد دەبێ، تەنانـەت لەژێر فشاری ئەوان لەسەر پەنابەران، قایمقامی شاری تروگلیتس دەستی لەکارکێشایەوە.

شـارەزایان ئامـاژە بـە زیادبوونـی ژمارەی نازییـەکان دەکەن. پرۆفیسـۆر ئەلێکسـاندەر هۆیسـلەر، پسـپۆڕی بواری مێژووی نازییەکان هـۆکاری زیادبوونـی ژمـارە و هەڕەشـەی نازییەکانـی بۆ سـەر پەنابەران بـۆ زیادبوونی ژمـارەی پەنابـەران لـەو وڵاتەدا گەڕانـدەوە و گوتـی "بۆ نموونـە لە نەوەتەکانـدا گۆڕانکاری لە یاسـای پەنابەراندا کـرا و ژمارەیەکی زۆر لە پەناخوازان ڕوویان لە ئەڵمانیا کرد، بە تایبەتی خەڵکی ڕۆمانیا و بولگاریا، بەم دواییەش خەڵکی سووریا، ئەمەش وایکردووە کە نازییەکان یەکدی هانبدەن لە دژی پەنابەران. بەداخەوە زۆر کەس ئەمـە دەقۆزێتەوە و پێیانوایە ئـەم پەنابەرانە نانـی ئـەوان دەخۆن، خەڵکێکـی زۆریش هەن ڕاسیستانە بیر دەکەنەوە".

## هیومانیستەکان پشتگیری دەکەن و مۆدێراتیش دژایەتی سواڵی ڕێکخراوەکان دەکەن

# داهاتی گاڵای سوێد گەیشتە کوردستان

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای سـازکردنی گاڵای هیومانیسـتەکانی سـوید بـۆ کۆکردنـەوەی هاریکاریـی دارایـی بۆ منداڵانی ئاوارە لە باشووری کوردستان، نوێنەری ڕێکخراوەکە گەیشـتە کوردستان و ڕایگەیاند بڕی 221 هـەزار کرۆنیان کۆکردووەتـەوە بۆ منداڵانی کەمپی عەربەت لە شاری سلێمانی.

سازکردنی گەورە ئاهەنگەکان، کە لە سوید بە گاڵای هاریـکاری ناونراوە، لـە کەلتووری وڵاتانی ئەوروپادا قورسـایی خۆی هەیە. لە سویدیش ئەو گاڵایە لە ڕێگەی هیومانیستەکانەوە بۆ پاڵپشتیی منداڵانی کورد لە باشووری کوردستان ساز کرا.


گاڵاکە هەفتەی ڕابردوو بە بەشداری 700 کەس بەڕێوەچوو کە زۆربەیان سوێدی بوون و بەشێکی کەمیان کورد بوون.

تـارا توانا کە بەڕەچەڵەک خەڵکی باشـووری کوردسـتانە و سەرپەرشـتیی گاڵاکـەی کـرد، بـە (ڕووداو)ی گـوت "بەهۆی قورسـیی شـەڕ و کاردانـەوە سیاسـییەکانی، ڕەوشـی مرۆڤـەکان لەبیرکراوە، بۆیە یەکەم ئامانجمان لەو گاڵایە زیاتر دەنگدانـەوەی میدیایی و مرۆیی بوو". گوتیشـی "ئامانجی دووەممان کۆکردنەوەی هاریکاری بوو کە ڕاستەوخۆ دەیدەینە 300 منداڵی ئاوارە لە کەمپی عەربەت".

بەبڕوای تارا توانا کە هاوکات ئەندامی دەستەی گشتیی ڕێکخراوی هیومانیستەکانی سویدە "هێزی ڕێکخراوەکـە و بەشـداریی کەسـە بەهێزەکانـی کۆمەڵگەی سـویدی، بووە هـۆکاری گەرموگوڕی بەشداریی سویدییەکان".

لە نێو کەسایەتییە ناسراوەکاندا، جگە لە دەیان گۆرانیبێژ و هونەرمەندی بەتوانا، وەزیری پێشووی ئابووریی ئەو وڵاتە و وەزیری دادی ئێستای سوید و دەیان کەسایەتی دیکە بەشدارییان کرد.

مـۆرگان یۆهانسـون، وەزیری دادی سـوێد بە (ڕووداو)ی گـوت "سـوید ڕۆڵـی گرنـگ و دیاری لە پشـتگیریی کوردستان بۆ شەڕی دژ بە داعش هەیە". یۆهانسـون باسـی گرنگیی ئـەو گاڵایەی



هونەرمەند بیۆن ئۆلیڤایۆس:

### بە ئەرکی خۆمی دەزانم یارمەتی گەلی کورد بدەم

کرد و گوتی "زۆر خۆشـحاڵم بە سازکردنی گاڵای لـەم شـێوەیە، ئەمە گوزارشـتێکی ڕاسـتەقینە بـوو بـۆ گەرموگوڕیی خەڵکی سـوید بۆ پرسـە مرۆڤایەتییەکان و بەتایبەتی بۆ خەڵکی سـڤیلی کوردستان و عێراق".

### هونەرمەندەجیهانییەکان بەشدار بوون

لە نێو کەسـایەتییە دیارەکانی گاڵای سوید بۆ پشـتگیری لە منداڵانی ئاوارەی کوردستان، بیۆن ئۆلیڤایـۆس هەبـوو کە هونەرمەندێکی ناسـراوی جیهانـە و یەکێکـە لـە ئەندامانـی سـەرەکی و دامەزرێنـەری گرووپی ئابـا (ABBA) کە تاوەکو ئێستا وەک ئەستێرەیەکی دیاری موزیکی ڕۆک لە جیهاندا دەناسرێ.

بیـۆن ئۆلیڤایـۆس کە بۆ یەکەمجـاری بوو بۆ مێدیایەکـی کوردی قسـە بکات، بـە (ڕووداو)ی گوت "من لێرەم چونکە کەسـێکی مرۆڤدۆسـتم و خۆشحاڵم کە ڕۆڵم لەم کارەدا هەبێت".

بەپێی زانیارییەکانـی (ڕووداو)، بیۆن کە ئەو هاوکات سـەرمایەدارێکی گەورەی سـویدە، ڕۆڵی لە پشـتگیریی ماڵی و خزمەتگوزاریی پڕۆژەکەدا هەبـووە. بیۆن گوتی "خۆشـحاڵم و بە ئەرکێکی سەرشـانی خۆمـی دەزانـم هاوکاریـی گەنجان و منداڵانی ئاوارە لەو وڵاتە بکەم کە قوربانیی شەڕی تیرۆرن".

لـە دەرەوەی ئـەم پرسـە و سـەبارەت بـە جەماوەری خۆی لە کوردستان، بیۆن ئۆلیڤایۆس بە پێکەنینەوە گوتی "لە ڕاستیدا ئەوەم نەدەزانی کە لە کوردسـتان دەمناسـن، زۆر خۆشحاڵم بەو زانیارییە". گوتیشـی "ئەوەندە دەزانم نسـیبێکی زۆریان لە شـەڕ هەبووە و ئێسـتا لە ڕەوشـێکی ناخۆشدان بەهۆی شەڕی داعشەوە".



سوێدییەکان 221 هەزار کرۆنیان بۆ منداڵانی کورد کۆکردەوە

### کوردی سوێد گومانیان هەیە

لەو گاڵایەدا 700 سـوێدی بەشـدارییان کرد، بـەڵام تەنیـا 15 کوردی دانیشـتووی ئـەم وڵاتە بەشدار بوون، لە کاتێکدا گاڵایەکە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی باشووری کوردستان ڕێکخرابوو.

سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکـە گوتـی "کـوردی سـوێد بەشـدارییەکی زۆر لاوازیـان هەبوو، هیچ لێکدانەوەیەکـم بـۆ ئەمـە نییە". گوتیشـی "بە پێویسـتمان نەزانی ڕێکلامی زۆری بۆ بکەین، یان پارەی تێدا خەرج بکەین" بەڵام لای ئەو بەشداریی کارایانـەی سـویدییەکان و سسـتیی کورد جێی نیگەرانی بوو.

سـەبارەت بە بڕی ئەو داهاتەی لە ڕێگەی ئەو گاڵایـەوە کۆکرایـەوە، تارا توانـا گوتی "جگە لە فرۆشتنی تکت، چەندین کەس و لایەن هاریکارییان کردیـن، تاوەکو ئێسـتا بـڕی 221 هـەزار کرۆن هاتووەتە سەر حیسابەکەمان".

بۆ گەیشـتنی پارەکەش بە دەستی ئاوارەکان، تارا گوتی "سویدییەکان بە متمانەوە، بەڵام کورد بە گومانێکی زۆرەوە لێی دەڕوانن، چونکە چەندین نامەم لە کوردی سـویدەوە بـۆ هاتووە کە گوایە پارەکە دەفەوتێـت و دەخورێت". بەڵام تارا توانا کورد و سـوێدییەکان دڵنیا دەکاتەوە کە پارەکە دەگاتە شـوێنی مەبەسـت و گوتی "بۆ ئەم کارە ڕێکخراوێکی بە توانا و پڕ متمانەمان دەستنیشان کـردووە. بەوپەڕی شـەفافیەت تـەواوی پارەکان و چۆنێتـی خەرجکردنیـان بـڵاو دەکەینـەوە. هەروەها هیچ خەرجییەکی لۆجسـتی و هاتوچۆ و خزمەتگوزاری لەو پارەیە ناڕوات".

تارا توانا ئێسـتا لە کوردسـتانە تاوەکو هانی لایەن و دامەزراوە و کەسـانی دیکە بدات، پارەی دیکـە کۆبکەنەوە و پڕۆژەکەی پـێ دەوڵەمەندتر بکەن.

### مۆدیرات دژایەتی دەکات

پارتی مۆدێراتی دەسـەڵاتداری پێشووی سوید کە ئێسـتا ئۆپۆزسـیۆنە، خەریکی ئامادەکردنی پـرۆژە یاسـایەکە بـۆ دژایەتیکردنی ئـەم جۆرە هەڵمەتانە و دەڵێن سـواڵی ڕێکخـراوەکان دەبێ قورستر بکرێت.

بەپێچەوانەی بۆچوونی وەزیری ئێستای داد کە مۆرگان یۆهانسۆن پشتگیریی ئەم پڕۆژەیەی کرد، پیاتیس ئاسک وەزیری پێشووی دادی سوید لەسەر لیستی پارتی مۆدیرات کە ئێستا بەرپرسی لیژنەی دادە لە پەرلەمانی سـوید، دژایەتی کۆکردنەوەی هـاوکاری لەلایەن ڕێکخـراوەکان دەکات و دەڵێت "ئەم ئەرکە دەبێت لەلایەن کۆمۆنەوە بێت".

تارا توانا لەوبارەیەوە گوتی "ئەگەرچی ئاگاداری وردەکاریی یاساکە نیم، بەڵام دژایەتیکردنی ئەم جـۆرە پرۆژانە بـۆ پارتێکی موحافـزکاری وەک مۆدێـرات شـتێکی نامۆ نییە". گوتیشـی "ئەوان پێشتر کاریان لەسەر کەمکردنەوەی هاوکارییەکانی دەوڵەتی سـوید کردووە، ئێستاش دەیانەوێت ئەو یاسایانە زیاد بکەن".

گاڵای سوید بۆ منداڵانی کوردستان بە یەکێک لە ئاهەنگە گەورەکانی ئەمساڵ ناوزەد کرا. بەهۆی بەشـداریی کەسایەتییەکانی سـوێد، کاردانەوەی سیاسی و میدیایی هەبوو.

وا بڕیـارە ئەمڕۆ دووشـەممە لـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیـدا، نوێنـەری ڕێکخراوەکە کە ئێسـتا لـە کوردسـتانە، پلانی خەرجکردنـی پارەکە بۆ 300 منداڵی خوار 17 سـاڵی لە کەمپی عەربەت ڕابگەیەنێت.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4

## هەڵکەوت و فادی حەداد یەکدەگرنەوە




**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ڕایگەیاند، لەگەڵ دەرهێنەری لوبنانی فادی حەداد سەرقاڵی چەند کارێکی هونەرین. هەڵکەوت لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ دەرهێنەری بەتوانای لوبنانی فادی حەداد، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سێ کلیپی گۆرانین کە ئاوازی گۆرانییەکان من دامناون و فادی حەدادیش کاری دەرهێنانی بۆ کردوون". هەڵکەوت زاهیر ناوی ئەو هونەرمەندانەی ئاشکرا نەکرد کە گۆرانییەکان دەڵێن، بەڵام گوتی لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی کوردستانن. هەروەها دوو لە گۆرانییەکان نیشتمانین و ئەوەی دیکەشیان ئەویندارییە. ئەم دوو هونەرمەندە پێشتریش چەند کارێکی هاوبەشیان بە یەکەوە کردووە و کاری ئاوازدان و دەرهێنانیان بۆ لۆکە زاهیر، مەیادە حەناوی و نەسرین حمێدان کردووە.

## شیروان عەبدوڵڵا بۆ (ڕووداو):

# شانازی بە نازناوی مامۆصاوە دەکەم



هێندە سەرقاڵە. سێجار کاتی ئەم هەڤپەیڤینەی گۆڕی و دەیویست بە کورتی کۆتایی پێ بهێنین. شیروان عەبدوڵڵا گۆرانیبێژێکی میللییە و هەوادارێکی زۆری هەیە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین ئەکاونت و پەیج بەناوی ئەوەوە کراونەتەوە. زۆرجاریش پێشگری فەخامەت یان مامۆصای بۆ بەکاردێنن، بەڵام ئەو نەک بەم ناوانە قەڵس نەبێت، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکات. شیروان عەبدوڵڵا لە ساڵانی نەوەتەکاندا لە شاری سلێمانی لە گۆرانیبێژە هەرە دیارەکانی ئاهەنگ و بۆنەکان بوو، ئەو دەڵێت لە ساڵی 2014ەوە بووەتەوە بە شیروانی نەوەتەکان.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

> بۆ هەر ئاهەنگێک 4 هەزار دۆلار وەردەگرم

> بەهۆی کچانەوە 100 سیمکارتم گۆڕیوە

> ئەگەر خۆم هەڵبژێرم 100% دەردەچم

> گۆرانیبێژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوێگریان نەماوە

> شەوی وا هەیە بەشداری دوو ئاهەنگ دەکەم

**ڕووداو: ساڵانی نەوەتەکان لە شاری سلێمانی ناوبانگێکی باشت هەبوو، چۆن ئەم ناوبانگەت پەیدا کرد؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** ئەوکات بە گۆرانی شل شیلانە، کچانی گەڕەک و ئەلو نازدار ئەلو ناسرام، ڕۆژی وا هەبوو دەچوومە 6 هۆڵ.

**ڕووداو: چەند ئەلبوومت هەیە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** هەموو ساڵێک ئەلبوومێکم هەبووە. لە 2000 تاوەکو 2005 گۆرانیبێژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەلبوومیان زۆر بوو، سیدییان زیاتر قیمەتی هەبوو، بەڵام من کۆڵم نەدا.

**ڕووداو: واتە ڕۆژهەڵاتییەکان چۆکیان پێدادابوون؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** کەس ناتوانێ چۆکمان پێدابدا، ئەوان لەم ساڵانەی دواییدا بەرهەمەکانیان کاریگەری لەسەر سلێمانی هەبوو، بۆ نموونە عەزیز وەیسی زۆر ڕەواجی هەبوو، بەڵام ئێستا ئەوە نەما.

**ڕووداو: ئەوان وەکو جاران گوێگریان نەماوە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** نەخێر، جاران سیدییان زیاتر لە دەفتەرێکی دەکرد.

**ڕووداو: ئێستای خۆت چۆن دەبینی؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** لە ساڵی ڕابردووەوە، وەک ساڵانی 1996 و 1997 وایە بۆم و بەخەڵکانێکی باش ئاشنا بووم، چونکە زۆر بوختانیان بۆ کردم کە ناتوانم گۆرانی بڵێم و باومان نەماوە، بەڵام بە ئاهەنگی چاڤی لاند کە ساڵی ڕابردوو بەشداریم کرد هەموویم سەلماندەوە، ئەوەی بە من دەکرێ لەناو گۆرانیبێژی کورددا بەدەگمەن دەکرێ. سەیر دەکەی گۆرانیبێژی دەرەوە دەهێنن، بەڵام ئەگەر من بتوانم لە شارەکانەوە خەڵک بهێنم گەورەییە بۆ من.

**ڕووداو: ئێستاش ئاهەنگی شەوانە دەکەیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** ئیشەکەم ئەوەیە. شەوانە کۆمەڵێک گەنجی باش بانگهێشتم دەکەن و هەفتەی وا هەیە لەشەوێکدا 2 جار ئاهەنگم کردووە.

**ڕووداو: چەند پارە وەردەگری بۆ ئاهەنگێک؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** زۆر گوێم بەپارە نەداوە. بۆ هەر ئاهەنگێک 1000 تاوەکو 4000 دۆلار وەردەگرم.

**ڕووداو: زیاتر لەگەڵ چ گۆرانیبێژێک ئاهەنگی شەوانە دەکەیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** زیاتر لەگەڵ کاروان خەباتی و ڕێبواری مەلا زادە.

**ڕووداو: زۆر کەس بە مامۆصا و فەخامەت ناوت دەهێنن، پێت ناخۆش نییە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** خەڵک لەخۆشەویستی پێمدەڵێن مامۆصا و شانازی پێوە دەکەم. ئێستا ئەوەندەی پێمدەڵێن مامۆصا پێم ناڵێن شیروان، ئەوەش گەورەییە، ڕێزم بۆ ئەو کەسانەش هەیە کە پێمدەڵێن فەخامەت.

**ڕووداو: ئەی پەیجی تۆڕی میدیایی مامۆصا هی خۆتە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** نەوەڵڵا هیچیان من نیم، تەنیا 2 پەیجم هەیە یەکەمیان (ستۆدیۆی مەریوان و شیروان) و دووەمیشیان (دیاکۆن)ی کوڕم، بەڵام خۆم هیچ حەزم لێی نییە، چونکە خەڵک زۆر بە نەشیاو بەکاریدێنن.

**ڕووداو: دەڵێن موعجیبی کچت زۆرن، هاوژینەکەت غیرەت لێ ناکات؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** نەخێر، هاوژینەکەم مامۆستایە و کەسێکی تێگەیشتووە. گۆرانیبێژیش کە خەڵک موعجیبی بوون، مانای ئەوە نییە خۆشیاندەوێ.

**ڕووداو: دەڵێن بەهۆی کچانەوە زۆر سیمکارتت گۆڕیوە، وایە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** بەڵێ، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 100 سیمکارتم گۆڕیوە، چونکە دەبێت گۆرانیبێژ لەکێشە دوور بێت. ئێمە هیچ ناکەین دەڵێن شتەکە وابووە، ئینجا ئەگەر شتەکەت لەسەر بکەوێ! پاشان ئەو کەسانەشی داوای ژمارەکەم دەکەن خۆ حەزیان لێم نییە.

ڕووداو: هەوادارەکانت زیاتر لە چ تەمەنێکن؟

شیروان عەبدوڵڵا: لەخوا بەزیاد بێت هەوادارم زۆرن و لە هەموو تەمەنێکیشن. ڕۆژانە منداڵم بۆ دەهێنن کە گوتوویەتی بمبەن بۆ لای شیروان. پیاوی 80 ساڵە گوێم لێدەگرێ. لەم ڕۆژانەدا لە شوێنێک بووم بەساڵاچوویەک گوتی تۆ مامۆصا شیروانی!

**ڕووداو: مادام هەوادارت هێندە زۆرن، بەنیاز نیت خۆت کاندید بکەی بۆ پەرلەمان؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** نەخێر، چونکە ئیشی من نییە. بەڵام دڵنیابن ئەگەر خۆم هەڵبژێرم 100% دەردەچم. ئەگەر لەعێراقدا خاوەنی 100 هەزار هەوادار نەبم گۆرانی ناڵێم، عەرەب هاتووە گۆرانی (گڕ گڕ بەملایە)م دەڵێتەوە، پاشان کورسییەکی ئەندامێکی پەرلەمان زۆریش دابنێ 20 هەزار دەنگ بێ، من دەتوانم 40 هەزار دەنگ بهێنم.

**ڕووداو: دەڵێن زۆر پابەند نیت بە کات و مەوعیدەکانت و هەر دەقەیەک لە شوێنێکی؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** ئاخر ڕەنگە لەپڕدا ئیشم بۆ دروست ببێت، جاری وا هەیە کێشە یاخود ئیشێکی گرنگت بۆ دێتە پێشەوە مەجبوورم مەوعیدەکەی دیکە دوابخەم.

> ئەگەر 100 هەزار هەوادارم نەبێ گۆرانی ناڵێم

> عەرەبیش گۆرانییەکانم دەڵێنەوە

**ڕووداو: دەشڵێن لەگەعدەدا زۆر زوو دەڕۆیتەوە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** ئاخر بەڕۆژ لەدەرەوەم و شەوانیش لە ئاهەنگ، خۆ دەبێت ماڵ و منداڵیش ببینم، بۆیە زوو دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.

**ڕووداو: بۆ ئاهەنگ دەڕۆیت بۆ شارەکانی دیکەش؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** بەڵێ، بۆ هەولێر و دهۆک دەچم.

**ڕووداو: لەو شوێنانەش هەمان هەوادارت هەیە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** هەست دەکەم ئەو هەوادارانەی ئێستا لە هەولێر پەیدام کردووە لە ساڵانی نەوەتەکان نەمبووە.

**ڕووداو: زۆر قەلەقی، بۆچی؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** ڕەنگە بیر لەهەندێک شت بکەمەوە، بۆ نموونە لە سەردەمێکدا لە فیلمێکدا 37 هەزار دیناری سویسریم دەستکەوت، پارەیەکی زۆر بوو، گوتیان زەوییەکی پێ بکڕە، گاڵتەم پێدەهات، بەڵام ئێستا بیرم کردووەتەوە کە دەبێت بۆ ماڵ و منداڵم بم.

**ڕووداو: لە ڕابردوودا ئیشی چیت کردووە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** پێشتر باری داراییمان باش نەبوو، لە سەمونخانە و مەزادخانە کارم کردووە.

**ڕووداو: وەک دەتبینین قژ و کەشخەیت، هەمیشە بەمشێوەیەیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** یەک تەبیعەتم هەبووە کە دەچووم بۆ قوتابخانەش شەوان خەمی ئەوەم بوو پانتۆڵەکەم چۆن ئوتوو بکەم، ئەگەر کارەبا نەبووایە، جلەکانم بەتەڕی و ڕێکی دەخستە ژێر دۆشەکەکەوە بۆ ئەوەی بۆ بەیانی قەدەکەی ڕێک بێتەوە، حەزم لە کاژێری جوان و زنجیر و ئەنگوستیلەی زیو و جلی جوانە.

**ڕووداو: ڕۆژانە کاتەکانت زیاتر لە کوێ بەسەردەبەیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** بەزۆری لە بازاڕی مۆسیقاکەم.

**ڕووداو: ئەگەر پرۆژەی پێشکەشکاری هەبێت دەیکەیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** بەڵێ حەزم لێیە و پرۆژەش هەیە، بەرنامەیەک هەیە جارێ نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتنی کۆتایی، ئەگەر لەو کەناڵەش نەبێت لە کەناڵی دیکە دەیکەم.

**ڕووداو: بەچی زۆر بێتاقەت دەبیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** بەسوعبەت، چونکە قەت حەزم لێی نییە.

**ڕووداو: هەست ناکەیت لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەچاوێکی کەمتر سەیری گۆرانیبێژی میللی دەکرێ؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** من لە هەموو بوارەکاندا کار دەکەم، گۆرانیبێژی میللی، مەقام و ستایلی غەربی، بەڵام بتەوێت و نەتەوێت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گۆرانیبێژ بەچاوێکی کەمتر سەیر کراوە و پێیگوتراوە لۆتی، بەڵام ئێستا خەڵک وردە وردە باشتر بووە.

**ڕووداو: ئێستا چەند سیمکارتت پێیە؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** (بەپێکەنینەوە) جارێ یەک دانەم پێیە، شکور مانگێکی خایاندووە.

**ڕووداو: هاندەری چ یانەیەکیت؟**

**شیروان عەبدوڵڵا:** لەبەر خاتری هاندەرەکانم، هاندەری هەموو یانەکانم.

# گۆرانی بۆ پێشمەرگە.. شانازی یان ناوبانگ؟

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- هەولێر**







لە زۆربەی تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان و بەتایبەتی ناوخۆییەکان، شەوانە سروود و گۆرانی بە شان و باڵی پێشمەرگەدا دەگوترێ کە ئێستا لە جەنگدان لە دژی داعش. تەنانەت لە ناوەندی بازاڕی هەولێریشدا ئەو دیاردەیە دەبینرێ. گەنجێک کە سەر عەرەبانەکەی پڕە لە ئاڵای کوردستان بۆ فرۆشتن، بەدەنگی بەرز سروود و گۆرانی بۆ پێشمەرگە لێدەدات و بەناو بازاڕەکەدا دەگەڕێت .

بەبڕوای شارەزایانی نێوەندی هونەری، هەندێک لە گۆرانیانە تەنیا بۆ ناوبانگ پەیداکردنن.

لە دوای مانگی حوزەیرانەوە کە پێشمەرگە لە شەڕی داعشدایە، پشتگیری هاووڵاتیانی کورد بۆ پێشمەرگە بێ ئەندازە بووە وەک دەستپێکردنی هەڵمەتی "هەموومان پێشمەرگەین" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم هەڵمەتە بووە هۆی هاندانی چەند هونەرمەندێکی کورد کە پێکەوە کلیپ و گۆرانی بۆ پێشمەرگە تۆمار بکەن.

دەیان کلیپ و گرتەی ڤیدیۆیی دروستکراون. هەندێکیان بریتین لە سروودە کۆنەکان، هەندێکشیان تازە بەرهەمهێنراون. زۆرجار هونەرمەند و گۆرانیبێژەکان جلوبەرگی پێشمەرگە دەپۆشن و کلیپەکانیان لە بەردەم ئۆتۆمبێلە سەربازییەکاندا تۆمار دەکەن.

موزیسیەن و بەرهەمهێن، پاڤێل سەرهەنگ چەندین سروود و گۆرانی بۆ پێشمەرگە و قوربانیانی دەستی داعش نووسیوە و بەرهەمهێناوە. کامەران کەریم گۆرانی "پێشمەرگە"ی بەرهەمهێناوە کە یەکێکە لەو گۆرانییە دەگمەنانەی دەربارەی جەنگاوەرانی کورد نووسراوە.

سروودێکی باو، گۆرانی "کوردستان"ە لەلایەن هەرێم سەلاح کە پاڤێل کاری موزیک و کلیپی بۆ کردووە، ئەم گۆرانییە ڕۆژانە لە کەناڵەکانەوە پەخش دەکرێ.

بۆچی لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەوەندە سروود و گۆرانی لەو جۆرە بەرهەمهێنراون. هەرێم سەلاح ئاماژەی بە مێژووی کورد کرد کە ڕابردووەکەی بە توندوتیژی و خوێن نووسراوە "زۆرجار تاکە وەڵام هیوا و شانازی کورد بووە بە گۆرانییەکانی بۆ هاندانی خەڵک لە بارودۆخە ناخۆشەکاندا. کورد هەمیشە لە کەنار و ئەگەردا ژیاوە. خەمباری هەمیشە نزیکتر بووە لە خۆشحاڵی".

هەرێم، گۆرانیبێژانی بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد: "زۆر لە موزیسیەن و گۆرانیبێژان، هەست دەکەن دەبێت گۆرانی بڵێن بۆ بەرزکردنەوەی وورەی خەڵک. بێگومان هەندێکیش هەن ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ پەیداکردنی ناوبانگ بەناوی گۆرانیگوتن بۆ پێشمەرگە."

بیزا شەڵماشی، هونەرمەندێکی کوردی دانیشتووی ئەورووپا کە بەشدار بووە لە کلیپێکی گۆرانیدا، دەڵێ زۆر لە هونەرمەندانی کورد هەست دەکەن ئەرکی سەرشانیانە سروود بۆ پێشمەرگە بڵێن.

لە کلیپی ئەو گۆرانییەدا وێنەی هاووڵاتیانی ئێزدی دەبینرێ کە لەدەست داعش هەڵدێن. پەیامی گۆرانییەکە ئەمەیە: "کەس ناتوانێ ڕێگری لەو کارەساتە بکات" کە ڕووبەڕووی ئێزدییەکان کرایەوە لەلایەن داعشەوە.

"مەبەستی سەرەکی گۆرانییەکە بەرزکردنەوەی وورە و دروستکردنی هەستی یەکگرتوونە لەناو کورد" شەڵماشی گوتی "بەڵام هەموو گۆرانییەکان ئەم ئامانجە ناپێکن. بۆ هەندێک لە هونەرمەندان، ئەوەی گرنگ بوو بەلایانەوە ئەوە بوو کە ببنە یەکەم کەس لە بەرهەمهێنانی سروود بۆ پێشمەرگە، نەک بەرهەمهێنانی سروود و گۆرانییەکی جوان".

چەندین جۆری جیاواز لە گۆرانی و سروود بەرهەمهێنراون: لە ستایلی سەربازییەوە بۆ هۆنراوەی ناسک. لەو کلیپانەوە کە وێنەکانیان چیرۆکێک دەگێڕنەوە، بۆ ئەوانەی وێنەی پێشمەرگە و چیاکانی کوردستان نیشان دەدەن.

گۆرانی و کلیپەکان ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازیانەیە کە لەنێوان کوردی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان و ئەوانەی هەندەراندا هەیە، وەک شەڵماشی ئاماژەی پێکرد. دوا کلیپی ئەو بەناوبانگە لە ئەوروپا، بەڵام بۆ بینەرانی ناوخۆی کوردستان دەبوو ژێرنووس هەبێت بۆ ڕستە ئینگلیزییەکان.

گۆرانیبێژ و هونەرمەندان بە فرۆشتنی کلیپەکانیان پارە پەیدا دەکەن، بەڵام کۆپیکردنی سیدی و داگرتنی گۆرانی لە ئینتەرنێت بەشێوەیەکی نایاسایی بووەتە هۆی ئەوەی داهاتێکی کەمیان دەستبکەوێت.

"دەبێت یاسای کۆپی ڕایت جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئێستا کێشەی زۆر گەورەتر هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن" سەرهەنگ وایگوت. ئەو کۆک بوو لەگەڵ شەڵماشی لەبارەی ئەوەی کە هەموو گۆرانی و سروود و کلیپەکان بە ستانداردێکی باش نەکراون.

سەرهەنگ گوتی "کاتێک ئەو هەموو گۆرانی و سرووده بەرهەمدەهێنرێن، بێگومان کواڵێتی باش نابێت. کواڵێتی زۆریان باش نییە، بەڵام ئەمە لە هەموو شوێنێک وایە. پاش ماوەیەک تەنیا گۆرانی و مۆسیقا باشەکان دەمێننەوە".


شاری دایك
bareaz
GROUP COMPANY
SHARI DAIK
شاری دایك
بەشداربە لە بەرزترین و ناوازەترین شوێنی
گەشتیاری و نیشتەجێبون
ڤێلاكانی شاری دایك
شوقەكانی شاری دایك
www.Bareazgroup.com
/bareaz Group
0750 112 0090
0770 365 0090
ناونیشان
سلێمانی | بناری گۆیژە


CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەكانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست كراوە.
★ كەرستەی بەكار هاتوو لە باڵەخانەكان و لە دروستكردنی ئەپارتمانەكان لە باشترین براندەكانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەكدا.
★ كاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشكی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
★ رووبەرێكی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
جیهان ستی..
یەكێك لە پرۆژەكانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای كەركوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131

ڕووداو
ژنان
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4



## بەهۆی غازەوە ژنێک دەسووتێت

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی تەقینەوەی غازەوە لە ناحیەی وارماوای شارەزوور، ژنێک گیانی لەدەستدا. نەقیب هیوا ئەحمەد، ئەفسەری بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی شەهید ڕەئووف لە ناحیەی وارماوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەر لەبەیانی ڕۆژی 2015/5/2 ژنێکی تەمەن 65 ساڵ دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی ناحیەی وارماوا کە لەکاتی داگیرساندنی تەباخدا سووتا بوو گەیەندرایە نەخۆشخانە، بەڵام دوای ڕەوانەکردنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی گیانی لەدەستدا". ناوبراو گوتی "هۆکاری ڕووداوەکە ئەوە بووە لەکاتەکانی شەودا کەسانی نێو ماڵەکە بیریان چووە غازەکە بکوژێننەوە، بۆیە غازەکەش بەناو ژوورەکەدا بڵاوبووەتەوەو لەکاتی داگیرساندنیشدا تەباخەکە بەژنەکەدا تەقیوەتەوە و سووتاوە".

### لە کۆی 30 هەزار بازرگان 150یان ژنن

# ژنان تەنیا 0.5%ی بازرگانانی کوردستان پێکدێنن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

نەسرین بە خەون و خەیاڵێکی گەورەوە گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوەی لە بواری بازرگانیدا کاربکات، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کارکردنی ژنان لەو بوارەدا زۆر قورسە.

ئەو ژنە کە لە نێو بازرگانەکاندا بە نەسرینی دیزاینەر دەناسرێ، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ڕووی کردووەتە ئیتاڵیا و لەبواری دیزاینی جلوبەرگدا خوێندوویەتی، هەر لەوێش دوکانی جلوبەرگی داناوە. نەسرین ماوەی دوو ساڵە گەڕاوەتەوە کوردستان و ئێستا جگە لەوەی خۆی دیزاینی جلوبەرگ دەکات، لە ئیتاڵیاشەوە جلوبەرگی مارکە دێنێت بۆ کوردستان.

نەسرین بەنیازە لەداهاتوودا لە کوردستانەوە جلوبەرگ بەناوی مارکەکەی خۆیەوە بۆ ئیتاڵیا بنێرێت.

بەشێک لە ژنانی هەرێمی کوردستان لە بواری بازرگانیدا دەیانەوێت کێبڕکێی پیاوان بکەن، بەڵام ژمارەیان لەو بوارەدا زۆر کەمە.

بەپێی ئاماری یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان و ژووری بازرگانی و پیشەسازیی پارێزگاکان، لە کۆی 30 هەزار بازرگان، تەنیا 150 بازرگانیان ژنن. ئەو ژمارەیە بە ڕێژە دەکاتە 0.5%ی بازرگانانی کوردستان.

نەسرین لەنێو دوکانەکەیدا سەرقاڵی ڕێکخستنی جلوبەرگەکانێتی، ئەو کاری بازرگانی بۆ ژنانی کوردستان بە قورس دەزانێ "هەست ناکەم لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە زۆر هاوکاری ئەو ژنانە بکرێ کە بیانەوێ لە بواری بازرگانیدا کار بکەن".

مێژووی کارکردنی ژنان لەبواری بازرگانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاتێک فاتن حاجی ڕەشید کە ئەندازیاری بیناسازییە، لە بواری بەڵێندەرایەتیدا دەستی بەکار کرد. ئەو ژنە زیاتر لە 10 ساڵە دوو کۆمپانیای لە بواری (بەڵێندەرایەتی گشتی- ئەندازیاری، بازرگانی گشتی و دیکۆرات)دا دامەزراندووە.



نەسرینی دیزاینەر دەیەوێ بەرهەمەکانی بنێرێتە ئیتاڵیا

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

فاتن زۆر دڵخۆشە بەکارەکەی، چونکە پێیوایە سەرکەوتوو بووە و ئێستا لەگەڵ هاوژینەکەی پێکەوە کاردەکەن. ئەو گوتی "بەگشتی لە بواری کارەکەمدا ئاسوودەم و خاوەنی سەرمایەی خۆمم".

هێشتا هاتنە پێشەوەی ژنان لە بواری بازرگانیدا بەلای بازرگانانەوە وەکو سەرەتایەک دەبینرێ.

مستەفا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، هەرچەندە بازرگانی ژنان بەرەو زیادبوونن، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نییە "ئێستا زیاتر لە 150 ژن کاری بازرگانی دەکەن، بەڵام ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمە، لانیکەم دەبووایە ئێستا 500 ژنە بازرگانمان هەبووایە".

بەگوتەی مستەفا عەبدولڕەحمان، بەرزترین سەرمایەی ژنانی بازرگان لە نێوان 100 هەزار تاوەکو 500 هەزار دۆلارە "ئەوەش سەرمایەیەکی زۆر باشە بۆ ژنان".

هەرچەندە ئامارەکانی ژووری بازرگانی و یەکێتی هاوردە و ناردنکاران ڕێژەی ژنی بازرگانیان بەپێی شارەکان جیانەکردووەتەوە، بەڵام مستەفا عەبدولڕەحمان دەڵێ شاری سلێمانی زۆرترین ژنە بازرگانی تێدایە نەک لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش.

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە سلێمانی، پێیوایە زۆریی ژمارەی ژنە بازرگان لە سلێمانی زیاتر پەیوەندی بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیە، تەنانەت لەسەر ئاستی عێراقیش سلێمانی زۆرترین ژنانی بازرگانی تێدایە، چونکە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە شارەکانی عێراقدا بە دەگمەن ژنە بازرگان ماون".

فاتن حاجی ڕەشید دەڵێت ئەوان هەستیان بەو بۆشاییە کردووە کە ژمارەیەکی زۆر کەم ژنی بازرگان لە کوردستان هەن، بەڵام هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بازاڕ لە کوردستان سەقامگیر نییە، زۆرجاریش ڕێگریی خێزانی ژنان دووردەخاتەوە لە کاری بازرگانی. فاتن گوتی "کاری بازرگانی قازانج و زەرەری تێدایە، هەندێجار کە ژنان لە کارێکدا زەرەر دەکەن، خێزانەکە و دەوروبەری هانی نادەن بۆئەوەی بەردەوام بێت، بەڵکو بەهۆی زۆر باسکردنی ئەو زەرەرەوە زیاتر باری دەروونیی ئاڵۆز دەکەن".

قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بازاڕی ژنانیش هەبووە، ئەمەش ڕەنگە وا لە هەندێک ژن بکات مەیدانەکە چۆڵ بکەن.

ساڵی 2007 سەرمایەی فاتن نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئێستا سەرمایەکەی کەمبووەتەوە بۆ نزیکەی 300 ملیۆن دۆلار. ئەو گوتی "خۆتان ئاگادارن بارودۆخەکە چۆنە، جگە لەوەش من لە 2006ەوە پارەی بەڵێندەرایەتیم لای حکومەتە و هێشتا وەرمنەگرتووەتەوە".

سیروان محەممەد گلەیی لە حکومەت هەبوو کە وەکو پێویست ئاوڕی لە بازرگانانی ژن نەداوەتەوە "لەڕووی ماددییەوە تاوەکو ئێستا بانکی بازرگانی و پیشەسازی نەیانتوانیوە بەگشتی هاوکاریی بازرگانان بکەن و بەتایبەتی پارە بدەن بە ژنان، ئەگەر پێشیان بدرێ ئەوا سوودی وەرگرتنەوەکەی زۆرە".

بەڵام گوتیشی هەتا ئێستا ژنانیش هیچ داواکارییەکیان پێشکەشی ئەوان نەکردووە بۆ وەرگرتنی زەوی بۆ کاری بازرگانی، چونکە ئەگەر داواکارییان پێشکەشی بکەن ئەوانیش دەتوانن لای خۆیانەوە داوا لە شارەوانی سلێمانی بکەن بۆ ئەوەی زەوییان بۆ دابین بکەن.

شارەزایانی بواری بازرگانی و ئابووری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ژنان بەهۆی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە وەکو پێویست نەیانتوانیوە لەبواری بازرگانیدا دەربکەون، ئەگینا توانای باشیان هەیە.

نیگار عەلی کە بڕوانامەی ماستەری لە بواری کارگێڕیدا هەیە و ساڵانە خولی کارگێڕیی بازرگانی بۆ ژنان کردووەتەوە، گوتی ئەو ژمارە ژنەی ئێستا لەبواری بازرگانیدا کار دەکەن زۆر کەمن، ئەوەش بەهۆی پێداویستییەکانی ژیانەوە زۆر بوون.

ئەو خولێکی خۆیانی بەنموونە هێنایەوە و گوتی "ساڵی ڕابردوو خولێکمان بۆ ژنانی عێراق کردەوە، بەڵام 9 مانگ گەڕاین هەتا توانیمان 17 ژن لە سلێمانی کۆبکەینەوە بۆ بەشداریی لە خولەکە".

نیگار ئۆباڵی کەمیی ژنان لەو بوارەدا بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی گەڕاندەوە و گوتی "ژنان ناتوانن وەکو پیاوان هاتوچۆ بکەن بۆ کاروبارە بازرگانییەکانیان، بۆ نموونە ژن ناتوانێت بەشەو هاتوچۆ بکات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی، یان وەکو پیاو سەفەری دەرەوەی وڵات بکات".

# گەنجێک دەبێتە فریادڕەسی 400 ئافرەت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گەنجێکی شاری سلێمانی بووەتە فریادڕەسی ئەو ژن و کچانەی بەهۆی فەیسبووکەوە تووشی کێشە هاتوون. ئەو گەنجە تاوەکو ئێستا ئەکاونتی هاککراوی سەدان ئافرەتی چاک کردووەتەوە و بەوجۆرە لە کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی و خێزانی ڕزگاری کردوون.

کۆسار محەممەد، 23 ساڵ، گەنجێکی باڵا بەرزی ئەسمەرە، تەنیا تاوەکو پۆلی یەکی ناوەندی خوێندووە، بەڵام بەهۆی کارکردنی بەردەوام لەسەر فەیسبووک، ئەزموونێکی باشی وەرگرتووە و بە قسەی خۆی تاوەکو ئێستا ئەکاونتی هاککراوی زیاتر لە 400 ژنی چاککردووەتەوە. هەروەها ئەو ئەکاونتە ساختانەی بەناوی ژنانەوە دروستکراون، هاکی کردوون.

ڕۆژانە چەندین کەس، بە تایبەتی ژنان، پەیج و ئەکاونتەکانیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هاک دەکرێ و لەو ڕێگەیەشەوە دەست بەسەر فەیسبووکەکانیاندا دەگرن و زۆرجاریش هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیارییەکانیان لێدەکرێت.

کۆسار باسی ڕێگاکانی هاککردن دەکات و دەڵێت "هاککردنی ئەکاونتی کەسێک بەچەند شێوازێکە، لەوانە: ئادکردن، یان ناردنی لینک یان چاتکردن لەگەڵی یاخود لەڕێی تەلەفۆنەوە، هەروەها چەند ڕێگەیەکیش هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەکاونتە هاککراوەکە".

کۆسار ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە یەکەم ڕێگا بۆ گەڕاندنەوەی ئەکاونتی هاککراو، ڕێگەی یاسایی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە، چونکە هەموو کەسێک ئیمەیڵ یاخود ئیمێڵێکی دیکەی بۆ کەفیلی ئیمەیڵەکەی داناوە، ئەگەر وشەی نهێنی بیر مابێت ئەوا فەیسبووکەکەی دەهێنێتەوە و لە بەشی ئەمنیەتی ئەکاونتەکەشەوە شوێنی کەسی هاککەرەکە ئاشکرا دەکات و لەوێوە دەتوانێت کەسی هاککەر هاک بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر ئەو ڕێگەیە نەبێت، کۆسار بە بەرنامەی تایبەتی خۆی دەتوانێت ئەکاونتەکە چاک بکاتەوە، ئەویش لەڕێگەی دۆزینەوەی کەسی هاککەر و ناردنی لینکێک بۆی کە هاکی دەکات، پاشانیش هێنانەوەی ئەکاونتی کەسەکە، یان بە سووتاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئەکاونتی فەیسبووکی ژنەکە بۆ ئەوەی کەسی هاککەر سوودی لێوەرنەگرێ.

جگە لە چاککردنەوەی ئەکاونت، ئەم گەنجە لەڕێگەی دروستکردنی پرۆگرامی تایبەتەوە توانیویەتی چەندان ئەکاونت و پەیجی ساختەش کە بەناوی ژنانەوە کراونەتەوە هاک بکات.

زۆر لە ژنان بەهۆی فەیسبووکەوە تووشی کێشە هاتوون، تەنانەت کار گەیشتووەتە دادگا. نێو دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، پڕن لەو جۆرە کێشانە.

کۆسار دەڵێت تاوەکو ئێستا ئەکاونتی نزیکەی 400 ژنی چاککردووەتەوە کە لەلایەن هاککەرەکانەوە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەیان لێکردوون، یاخود هاککردنی ئەو ئەکاونت و پەیجانەی بەناوی ژنانەوە کراونەتەوە.

لەم ساڵانەی دوایی بەشێکی زۆری خەڵک جگە لە ئەکاونت، پەیجیشیان کردووەتەوە کە لەو ڕێگەیەوە وێنەو چالاکیی خۆیان بڵاودەکەنەوە، بەڵام وەک ئەو گەنجە باسیکرد، پەیج ڕاستەوخۆ هاک ناکرێ، بەڵکو دەبێت هاککەرەکە ئەدمینەکان بدۆزێتەوە و پاشان پەیجەکە هاک بکات، بەڵام کاتێک لایکی پەیج 4 تا 5 هەزاری تێپەڕاند، زۆر قورسە چارەسەری هاککردنەکەی بکرێت.



### بەڵگەی هەیە

کۆسار بۆ سەلماندنی قسەکانی بە بەڵگەوە، لەکاتی قسەکردنی بۆ (ڕووداو) پەیوەندی بەچەند ژن و مێردێکەوە کرد کە ئەکاونتەکانی لە هاککردن ڕزگار کردوون.

چەند پەیجێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕێکلامیان بۆ ئەکاونتەکەی کۆسار کردووە، ئەو کەسانەشی هاک کرابن پەیوەندییان بە ئەکاونتەکەی ئەوەوە کردووە، ئەویش هەتا لەو کەسانە دڵنیا نەبووبێت کاری بۆ نەکردوون، جگە لەوەش تائێستا لە بەرامبەر ئەو کارەی هیچ بڕە پارەیەکی لەکەسیان وەرنەگرتووە، بەڵکو تەنیا وەک هاوکاریکردنێک بۆ ئەو کەسانە کردوویەتی.

کۆسار گوتی "تەنیا مەبەستم هاوکاریکردنی ئەو کەسانەیە، ئەگینا هیچ مەبەستێکی شەخسیم بەو کەسانە نییە، تەنانەت زۆر لەو کەسانەشم تاوەکو ئێستا هەر نەبینیوە".

### ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتاری تێدایە

کۆسار بەشێکی زۆری نامەی ئەکاونتەکەی نیشانی (ڕووداو)دا کە لەلایەن هەندێک ژنە پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووسەوە پەیوەندی پێوەکراوە بۆ چارەسەرکردنی هاکی ئەکاونت و پەیجەکانیان. سەبارەت بەوەی کە بۆچی زۆربەی ئیشەکانی بۆ ژنانە، ئەو گوتی "ئیشم بۆ پیاوانیش کردووە، بەڵام ژنان زۆرتر تووشی کێشە دەبن و پەیوەندیم پێوە دەکەن".

کۆسار هەردووچاوی سوورهەڵگەڕابوون و بەردەوام دەیخوراندن، ئەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە زۆربەی کاتەکانی بەدیار شاشەی کۆمپیوتەرەوە بەسەر دەبات، بەو هۆیەشەوە چاوەکانی تووشی نەخۆشی بوون و ئێستا لای پزیشک چارەسەری وەردەگرێ.

## دوو قوتابی زانکۆ گیانلەدەست دەدەن



**ڕووداو – هەولێر**

چەند کەسێک لەکاتی گەڕانەوەیان لە زانکۆ بۆ ماڵ کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەیان لەدەستدەدەن و ئۆتۆمبێلەکەیان وەردەگەڕێ، بەوهۆیەوە دوو قوتابی گیان لەدەدەستدەدەن و دووانی دیکەش زامدار دەبن.

کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لە پەیجی خۆی لە fb بڵاوکردووەتەوە کە کاژێر 11ی شەوی 2015/4/29 پۆلیس ئاگادارکرانەوە بە بوونی ڕووداوێک لە چوار ڕیانی بەستۆڕە، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداو دەرکەوت کە ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕاوە، بەو هۆیەش دوو قوتابی بە ناوەکانی سەفین سدیق، 28 ساڵ. مەسعود حەسەن 29 ساڵ گیانیان لەدەستداوە، دوو کەسی دیکەش بریندار بوون".

# پێشمەرگەیەک بەهۆی "قەرزداری" خۆی دەخنکێنێ



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

"باری دارایی زۆر خراپ بوو، دووجاری دیکە هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، بەڵام زوو فریای کەوتین". ئەمە قسەی ئامۆزای پێشمەرگەیەکە کە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە، خۆی خنکاند. کەسوکارەکەی دەڵێن بەهۆی هەژارییەوە خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت هێشتا هۆکارەکەی ڕوون نییە.

ڕۆژی 2015/4/29 پێشمەرگەیەکی دانیشتووی ناحیەی حاجیاوا بەناوی سەرهەد میکائیل قادر، تەمەن 22 ساڵ، کە خاوەنی کچێک و کوڕێک بوو، لە نێو ماڵەکەیدا بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە. پۆلیس و کەسوکارەکەی دەڵێن ئەو پیاوە خۆی خنکاندووە، بەڵام هۆکارەکەی لەلای پۆلیس ڕوون نییە.

فرسەت عەبدولمەجید کە ئامۆزای سەرهەدە، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرهەد لە دوای خۆی کوڕێک و کچێکی بەجێهێشتووە، کاتی خۆی بە خواستی خۆی هاوسەرگیری کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بووەو نەیتوانیوە کاری دیکە بکات، باری دارایی باش نەبوو".

بەپێی قسەی فرسەت، ئەو پیاوە پارەیەکی زۆر قەرزدار بووە و نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە، هەر بۆیەش خۆی خنکاندووە. فرسەت گوتی "سەرهەد باری دارایی زۆر خراپ بوو، بەو هۆیەشەوە قەرزێکی زۆری لەسەر کەڵەکە بووبوو، نزیکەی 8 هەزار دۆلار قەرزدار بوو، نەیدەتوانی قەرزەکانی بداتەوە، ماڵی باوک و خەزووریشی وەکو ئەو باری ئابوورییان باش نییە، بۆیە نەیاندەتوانی لە دانەوەی قەرزەکان یارمەتی بدەن".

فرسەت ئاشکرای کرد "هەر بەهۆی خراپیی باری گوزەرانی، سەرهەد پێشتر دووجاری تر هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بەڵام هاوژینەکەی فریای کەوتووە و ڕزگاری کردووە، ئەمجارەش دوو ڕۆژ مۆڵەتی مابوو دەبووایە یەکی ئەم مانگە بگەڕێتەوە بەرەکانی جەنگ، بەڵام بەداخەوە ...".

فرسەت داواکارە کە ئامۆزاکەی بە شەهید حیساب بکرێت، چونکە بەشداریی چەندین شەڕی دژی داعشی کردووە.

فرسەت کە ئەفسەرە لە یەکەی 70، ڕەتیکردەوە کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا هەبێت و گوتی "ئەم ڕووداوە دەستی کەسی تێدانییە و سەرهەد خۆی خنکاندووە. هۆکارەکەشی نەبوونی بووە، ئامۆزاکەم کەمێک هەڵچوونی دەروونیی هەبوو، بەڵام وەک نەخۆشی نا، زوو هەڵدەچوو ماوەیەک بوو هەستمان دەکرد گۆشەگیر بووبوو، ئەو پاشماوەی ئەنفالە و لە بنەماڵەکەی ئێمە 15 شەهید و ئەنفال هەیە لە کوڕ و مام و ئامۆزاو کەسوکار".

مامۆستا پیرۆت کە دراوسێی سەرهەدە، لەکاتی ناشتنی تەرمی سەرهەد قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئەو خێزانە چەند ساڵێکە دراوسێمانن، کەس نەیتوانیوە پەنجەیان بۆ ڕابکێشێت و تۆمەتباریان بکات بە کردەوەیەکی نابەجێ، خێزانێکی زۆر باشن".

ئەو مامۆستایە پشتڕاستی کردەوە کە باری گوزەرانی سەرهەد باش نەبوو "ئێمە خۆمان وەکو ئەرکێکی مرۆڤایەتی و هەمیش وەکو مافی دراوسێیەتی هاوکاریمان کردوون". سەبارەت بە کەسایەتی سەرهەدیش مامۆستا پیرۆت گوتی "زۆر بە کەمی هاموشۆی دراوسێکانی دەکرد، کەسێکی کەمدوو بوو، زۆر تێکەڵی خەڵک نەدەبوو، بە ڕووخسارییەوە دیار بوو کە کێشەی هەیە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووین پەنا بۆ خۆخنکاندن ببات، نەشمانزانیبوو پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی داوە".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر نۆی شەوی 2015/4/29 لە ناحیەی حاجیاوا گەڕەکی ڕاپەڕین پیاوێکی تەمەن 22 ساڵ کە خێزاندارە، بە هەڵواسراوی لەماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە، تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی سلێمانی کرد".

گوتیشی "ئەو پیاوە بە جلەکانی خۆی، خۆی خنکاندووە، هاوژینەکەی بۆ لێکۆڵینەوە هێنرایە بنکەی پۆلیس. کەس سکاڵای لەسەر ڕووداوەکە نییە و کەسیش بەهۆی ئەو ڕووداوە دەستگیرنەکراوە، بۆیە تاوەکو ئێستا هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو پیاوە دیار نییە".



ژیلەمۆ عەبدولقادر*

## بەڵێنی دابوو بیخوازێ

ڕێکخراوێکی ئافرەتان سەردانیان کردین بۆ ڕاوێژکردن. ئەو ڕێکخراوە کێشەی کچێکی تەمەن 20 ساڵانیان لەلابوو کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار هەبووە. هەرچەندە ئەو کچە زانیویەتی ئەو پیاوە ژن و منداڵی هەیە، بەڵام بەردەوام بووە لە پەیوەندییەکەی. جگە لە تەلەفۆنکردن و نامەناردن، چەند جارێکیش بەیەکەوە چوونەتە دەرەوە و تەنانەت چەند جارێکیش سێکسی لەگەڵ کردووە. بەڵام ئێستا پیاوەکە لە کچەکە دوورکەوتووەتەوە. کەسانی دەوروبەری کچەکەش هەستیان بە پەیوەندییەکە کردووە. ئەو ڕێکخراوە قسەیان لەگەڵ پیاوەکە کردووە، بەڵام ئەو نکۆڵی لە پەیوەندییەکە دەکات. هەروەها ژنەکەشی ئاگاداری پەیوەندییەکەیە، کچەکە پەیوەندی بە ژنی پیاوەکەوە کردووە کە سکاڵا لەسەر پیاوەکە تۆمار دەکات چونکە بەڵێنی پێداوە بیخوازێت، بۆیە لەگەڵی دەرچووە و سێکسی لەگەڵ کردووە، بەڵام کاتێک بانگی ژنەکەی دەکەن، کێشەکە بۆ کچەکە ئاڵۆزتر دەبێت و لە قوربانییەوە دەبێتە تۆمەتبار. ژنی پیاوەکە پێیدەڵێ ئەگەر بتەوێ بە زۆر خۆت بەسەر پیاوەکەمدا ساغ بکەیتەوە، منیش سکاڵا لەسەر هەردووکتان تۆمار دەکەم کە ناپاکیتان لە من کردووە، چونکە تۆ لە فەرمانگەی هاوژینەکەمی و دەتزانی ئەو پیاوە ژن و منداڵی هەیە، چۆن لەگەڵی دەرچوویت و لەگەڵت ڕابواردووە.

پرسیاری ڕێکخراوەکە ئەوەبوو چۆن دەتوانرێت ئەو ئافرەتە داواکەی خۆی تۆمار بکات کە فێڵی لێکراوە لەلایەن پیاوێکەوە، کەچی کرا بە تۆمەتبار. بە ڕێکخراوەکە ڕاگەیەنرا مادام ئەو کچە بەناوی ئەوەی دەبێتە هاوژینی ئەو پیاوە فێڵی لێکراوە و تەنانەت ئەو پیاوە بەو ناوە لە خشتەی بردووە و سێکسی لەگەڵ کردووە، دەتوانێت بەپێی ماددەی 395 لە یاسای سزای عێراقی، سکاڵا لەسەر ئەو پیاوە تۆمار بکات.

بەپێی ئەو یاسایە هەرکەسێک بە بەڵێنی مارە برین کچێک فریوبدات کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بێ و لەگەڵیشی جووت بووبێت و دواتریش ئامادە نەبێت ببێتە هاوژینی، ئەوا بەند دەکرێت. لەبەر ئەوەی پیاوەکە ژنی هەیە و لەگەڵ کچێک جووت بووە، ژنەکەی بۆی هەیە بەناوی "ناپاکی هاوژینی" بەپێی ماددەی 377 سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار بکات، هەردووکیان سزا دەدرێن.

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەردوو ژنەکە دەتوانن داوا لەسەر پیاوەکە تۆمار بکەن و پیاوەکەش بەپێی هەردوو ماددەی 395 و 377 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدرێ. ژنی پیاوەکەش دەتوانێت داوا لەسەر ئافرەتەکە و مێردەکەی تۆمار بکات کەوا ناپاکیان کردووە، بەڵام ئەو داوایانەی هەردوو ئافرەت مافی کەسییە و مافی گشتی تێدا نییە.

سەبارەت بە ناپاکی، ئافرەتەکە ناتوانێ تەنیا سکاڵا لەسەر یەکێکیان تۆمار بکات و چاوپۆشی لە یەکێکیان بکات، یان پاش داوا تۆمارکردن لە یەکێکیان خۆش بێت، چونکە لە داوای ناپاکی هاوژینی ئەگەر لە یەکێکیان خۆشبی، لێخۆشبوونەکە ئەوەی دیکەش دەگرێتەوە.

ئەگەر سەیری ئەم دۆزە بکەین، سەرەتا ئەو ئافرەتە هەڵە بووە کە پەیوەندی خۆشەویستی و سەرجێیی لەگەڵ پیاوێکی خێزاندار کردووە، دواتریش لەترسی تۆمەتبارکردنی بە ناپاکی نەیتوانی داوای مافی خۆی بکات.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# گۆڕستانەکانی سلێمانی دەبنە شوێنی کات بەسەربردن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەردار عەبدوڵڵا، پاڵی بە کێلی یەکێک لە گۆڕەکانی گۆڕستانی سەیوانەوە دابوو، زوو زوو مژی لە جگەرەکەی دەدا. سەردار کە گەنجێکی تەمەن 27 ساڵە زۆرجاران دەچێتە گۆڕستانەکانی سلێمانی و دەڵێت "هەندێجار بۆ کات بەسەربردن و هەندێجاریش بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانم دێمە ئێرە".

ئەو گەنجە بەهۆی خراپیی باری دارایی ماڵەوەیان، لە خوێندن دابڕاوە و ئێستا کاری دەستگێڕی دەکات. هێشتا ژنی نەهێناوە و پێشتر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی خزمیان هەبووە، بەڵام قەدەری وابوو کە بۆ یەک نەبن.

سەردار هەفتەی چەند ڕۆژێک پێش بانگی ئێواران سەردانی یەکێک لە گۆڕستانەکانی سلێمانی دەکات بۆ بەسەربردنی کات "لێرە تەنیا جگەرەیەک دەکێشم و هەندێجار تۆزێک گوڵەبەڕۆژە دەخۆم".

وادیارە سەردانیکەرانی گۆڕستانەکان تەنیا خاوەن مردووەکان و ئەو کەسە باوەڕدارانە نین کە بۆ پەندوەرگرتن لە مردن سەردانی گۆڕستان دەکەن، ئێستا گۆڕستانەکان جمەیان دێت لە گەنجان کە بە قسەی خۆیان بۆ بەسەربردنی کات دەچنە ئەوێ. بەڵام چیرۆکی سەیری سەردانیکەران لەلای گۆڕهەڵکەنەکانە.



**گۆڕهەڵکەنێک:** کچ و کوڕە عاشقەکان لە گۆڕستان باسی دوارۆژی خۆیان دەکەن

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### مەیخۆر و عاشق لە گۆڕستانەکانن

وەستا عەلی برایم، ساڵانێکی زۆرە سەرقاڵی هەڵکەندنی گۆڕە لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی و ژوورێکی بچکۆلانەی لە گۆڕستانەکە هەیە. ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکیدا پێکەوە خەریکی خواردنەوەی چا بوون. وەستا عەلی باسی ئەو کەسانەی کرد کە زۆر لە گۆڕستانەکان دەبینرێن "ئەو کەسانەی دێنە ئێرە جیاوازن، هەندێکیان شەوانە دێن بۆ مەیخواردنەوە و نێرگەلەکێشان، بەخوا جاری وا هەبووە بەیانیان کە هاتووم بۆ ئێرە، شووشەی خواردنەوەکانیان لەبەردەم دوکانەکەم فڕێداوە".

ئەو گۆڕهەڵکەنە ڕۆژانە کچ و کوڕ دەبینێ کە پێکەوە دێنە گۆڕستان "ئەو کوڕ و کچانە زۆرتر عاشقن، زۆرجار گوێمان لێ بووە باسی ئایندەی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر کاری نابەجێ نەکەن ئێمە هەقمان بەسەریانەوە نییە".

### "نووشتەی تێدا دەشارنەوە"

زۆرجار ژنان بەمەبەستی دۆزینەوەی هەندێ گومانیان لەو کەسانەی گوایە دوعایان لێکردوون سەردانی شێخ و فاڵگرەوەکان دەکەن، ئەوانیش بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو دوعایانە "نوشتە"یان بۆ دەکەن. وەک وەستا عەلی باسیکرد هەندێجار ژنان دەڕۆنە ئەو گۆڕستانە بەمەبەستی شاردنەوەی ئەو نووشتەیەی کردوویانە و دەیخەنە ژێر گڵی گۆڕێک و دەیشارنەوە.

ئەو پیاوە نموونەیەکی گێڕایەوە و گوتی "جارێک نووشتەیەکم کردەوە ناوی 104 کەسی تێدا بوو، جارێکی دیکە هێلکەی سووتاوم لەنێو نووشتەکەدا دۆزییەوە".

### بێ ماڵەکان لە گۆڕستان دەمێننەوە

وەستا حوسێن، 42 ساڵ، گۆڕهەڵکەنێکی دیکەیە و لەگەڵ چەند کەسێک خەریکی چاککردنی گۆڕێک بوون، دوای تەواوبوونی کارەکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و باسی ئەو کەسانەی کرد کە دێنە گۆڕستان و گوتی "خەڵکانێک کە شوێنی حەوانەوەیان نییە یان بێکەسن، شەوان لە گۆڕستانەکان دەمێننەوە".

ئەو گۆڕستانەی ئەو کاری لێدەکات زۆرجار عاشقانیش ڕووی تێدەکەن "بەڵێ هەندێجار کوڕ و کچی عاشق دێن و گوێمان لێیان دەبێت کە باسی دوارۆژی خۆیان دەکەن".

لە سنووری شاری سلێمانی 21 گۆڕستان هەن. خەبات ناجی لێپرسراوی هۆبەی سەرقەبرانەکان لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی ئەو قسانەی پشتڕاستکردەوە کە زۆرجار عاشق و مەیخۆرەکان سەردانی گۆڕستانەکان دەکەن و گوتی "کوڕان و کچان بۆ بەستنی ژوان دەچنە گۆڕستانەکان، جگە لەوانیش بەیانیان کرێکارەکانمان لەکاتی سەردانیان بۆ گۆڕستانەکان شوێنی مەیخۆرەکان پاک دەکەنەوە".

بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو کەسانەی مەی دەخۆنەوە، هۆبەی سەرقەبرانەکان ئاسایشیان ئاگادار کردووەتەوە و ئەوانیش ئیجرائاتی خۆیان کردووە، بەڵام گەنجان شوێنەکانیان دەگۆڕن.

### مەلا نیگەرانن

لقی سلێمانی یەکێتی زانایان ئەو قسانەیان بیستووە کە گەنجان و عاشقان دەچنە گۆڕستانەکان. ئەمەش نیگەرانی کردوون. مەلا عەتا پێنجوێنی جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان ڕەخنەی توندی لەو کەسانە گرت کە بەو شێوەیە لە گۆڕستانەکان مامەڵە دەکەن و گوتی "لەگۆڕستاندا نابێت پێ بخرێتە سەر گۆڕی مردوو، چ جای ببێتە شوێنی ژوانی عاشقان و نێرگەلەکێشان و مەیخواردنەوە، بۆیە ئێمە لەو کارانە زۆر نیگەرانین".

ئەوەی مەلاکان و گۆڕهەڵکەن لێی تێناگەن، ئەوەیە کە زۆربەی جاران ئەم گەنجانە بێ کار و بێ پارەن. ئەوانەیان کە عاشقن زۆرجار بۆ هەڵاتن لە قەرەباڵخی، یان لەو چاوانەی هەمیشە چاودێرییان دەکەن، پەنا دەبەنە بەر ئارامترین شوێنی شار: گۆڕستانی دوا مەنزڵگەی مرۆڤ.

# شارەوانی سۆران مانگای خەڵک بەخێودەکات

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- سۆران**



بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیی سۆران بەردەوامە لە هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتنی ئەو مانگایانەی بە نێو کۆچە و کۆڵانەکانی شاردا دەسووڕێنەوە. بەوهۆیەشەوە وەک بەرپرسێکی شارەوانیی سۆران دەڵێت، کاریان بووەتە بەخێوکردنی مانگای خەڵک.

زیاتر لە 1200 مانگا لە نێو سەنتەری قەزای سۆران و گوندە نزیکەکانی قەزاکەدا هەن کە زۆربەیان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بەرەڵا دەکرێن و ڕۆژانە بەنێو کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی ئەو شارەدا دەسووڕێنەوە.

ماوەی 14 ساڵە، شارەوانیی سۆران لەپێناوی بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە لە هەوڵ و کۆششدایە و لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دروستکردووە، بەڵام فەرمانبەرانی شارەوانیی سۆران دەڵێن کارەکە لە دەستی ئەوان دەرچووە و پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەکە.

ڕەشاد ئەحمەد سلێمان، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری لە شارەوانیی سۆران گلەیی لە خاوەنی مانگاکان هەیە و دەڵێت خاوەنی ئەو ئاژەڵانە هیچ خۆشەویستییەکیان بۆ شارەکەیان نییە و تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرچاو دەگرن.

دیاردەی بەرەڵاکردنی ئاژەڵ بەنێو کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی سۆراندا هێندە زەقە، شارەوانیی سۆران بەشێک لە کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ گرتنی ئەو مانگایانە، تەنانەت لە تەنیشت باڵەخانەی شارەوانی، حەسارێک دروستکراوە بۆ بەخێوکردنی ئەو مانگایانەی لەلای خۆیان ڕایاندەگرن تاوەکو ئەو کاتەی خاوەنەکانیان دەیانبەنەوە.

ڕەشاد دەڵێت ڕۆژی وا هەیە 5 مانگا لە شەقامەکان دەگرن و دەیانبەنە لای خۆیان، بەڵام گرفتیان لە بەخێوکردنی ئەو مانگایانە هەیە "بەخێوکردنی ئەم مانگایانە بۆ ئێمە کارێکی زۆر قورس و گرانە، دەبێ بەردەوام چاودێرییان بکەین و ئاو و ئالیکیان بدەینێ، هەندێک کەس کە دەزانن مانگاکەیان لای ئێمەیە دوو هەفتە خۆیان بێدەنگ دەکەن، کاتێکیش دێن مانگاکان دەبەنەوە دەست بەپاڕانەوە دەکەن و دەڵێن هەژارین، پێشمەرگەین، یان دەڵێن خاوەن شەهیدین بۆ ئەوەی غەرامەیان نەکەین".

سەبارەت بە بڕی ئەو غەرامەیەی لە خاوەن مانگاکان وەردەگیرێت، ڕەشاد گوتی "ئەگەر یەکەمجاری بوو 50 هەزار دیناری لێ وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر دووبارەی کردەوە 100 هەزار دیناری لێ وەردەگیرێت، واتە هەر جارێک دووبارەی بکاتەوە 50 هەزار دینار بۆ غەرامەکەی زیاد دەکرێت".

ڕەشاد پێیوایە غەرامەکردن خاوەن ئاژەڵەکان تەمبێ ناکات، تەنیا بە یاسا دەتوانرێت ئەو دیاردەیە بنبڕ بکرێت "ناوی تەواوی خاوەن ئاژەڵەکانمان بە شوێنی دانیشتنیشیانەوە داوەتە قایمقامیەت و بەشێکیشمان داوەتە دادگا، بەڵام بەداخەوە هیچ بە هیچ نەکراوە".

ئەندامێکی داواکاری گشتیی سۆران کە دیاردەی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە نێو شاردا هەراسانی کردووە، دەڵێ ئەگەر شارەوانی ناوی ئەو کەسانەیان بۆ بنێرێت، ئامادەن دادگاییان بکەن.

دادوەر فازڵ مستەفا حەمەد کە خۆی دانیشتووی یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری سۆرانە، دەڵێت "بەیانیان وەکو چۆن خەڵک لە گوند گاڕان دەردەکات، ئاواش لە هەندێک گەڕەکی شاری سۆران گاڕانی مانگا دەبینرێت".

گوتیشی کە تاوەکو ئێستا دووجار نووسراویان کردووە بۆ شارەوانی، تاوەکو زانیارییان بدەنێ لەسەر خاوەن ئاژەڵەکان بۆ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن "چونکە ئەو کارەی ئەوان بووەتە هۆکارێک بۆ بێزارکردنی هاووڵاتیان و زیانگەیاندن بە سەوزایی و سیمای شاریشیان ناشرین کردووە".

عەبدولوەهاب کەریم کە پێشتر بەرپرسی لیژنەی بنبڕکردنی ئاژەڵ بوو لەنێو شار، بە (رووداو)ی گوت "چەندین جار ئەندامانی لیژنەکەمان لەلایەن خاوەن ئاژەڵەکانەوە بەردبارانکراون و هەڕەشەیان لێکراوە". باس لەوەش دەکات کە بەهۆی مرداربوونەوەی مانگا و گۆلکەکانەوە کێشەی گەورەیان بۆ دروستبووە "جارێک هەر لەشوێنی حەوانەوەدا، چەند چێڵێکی ئەلبان دوو گۆلکیان کوشت، زۆر بە زەحمەت لە دەست خاوەنەکەی ڕزگارمان بوو".

گەورەترین زیان لەلایەن مانگاکانەوە بەر درەختەکانی سەر ڕێگا سەرەکییەکان کەوتووە.

حەکیم بابەکر، بەرپرسی بەشی باخچەکان لە شارەوانی سۆران بە (رووداو)ی گوت "ئەمساڵ 1500 دار چێنراون لە سۆران، بەڵام زۆربەیان لەلایەن مانگاکانەوە شکێنراون. مانگ هەیە 50 تاوەکو 100 دار بەهۆی ئەم مانگایانەوە لەنێودەچن و دەشکێن، 14 ساڵە هاوار دەکەین و نووسراو بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەکەین کە کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنن، بەڵام سوودی نەبووە".

# باڵەخانە مۆدێرنەکان هەڕەشەن لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان

**ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**
**رووداو- سلێمانی**



لە کۆنفرانسێکی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، شارەزایانی نێودەوڵەتی هۆشدارییان دا لە لەناوچوونی شوێنەوارەکانی عێراق، ئەوان گوتیان کە پێشکەوتنی ئابووریی لە کوردستان هەڕەشەیە لەسەر شوێنەوارەکانی.

"لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا کێشەی سەرەکی تاڵانی بوو، بەڵام ئێستا شەپۆلێکی نوێ لە وێرانکردنی ئەو شوێنەوارانە دەستی پێکردووە بەهۆی بنیاتنانی ژمارەیەکی زۆر بینا و گەشەکردنی ژێرخانی ئابووریی وڵات". ئەمە قسەی سایمۆن موهیل، یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە زانکۆی لودڤیج ماکسیمیلیانی میونخ بوو کە سەرۆکایەتی تیمێکی شوێنەوار دەکات لە پارێزگای سلێمانی.

هەفتەی ڕابردوو یەکەمین کۆنفرانسی کەلتوور و شوێنەواری عێراق لە ژێر ناوی "شوێنەواری عێراق لە قەیراندایە: ستراتیژی داهاتوو" بەڕێوەچوو. لەوێ باس لە وێرانکاری و تێکشکاندنی پارچە شوێنەوارە بە نرخەکانی مۆزەخانەی مووسڵ و شاری نەمروودی کۆن کرا کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە لە مانگی شوباتی ڕابردوو وێران کران.

بەشداربووان گوتیان کە پێشکەوتنی ئابووریی کوردستانیش بووەتە مایەی ئاستەنگ و هەڕەشە بۆ سەر شوێنەوارەکان، لە هەرێمێک کە شوێنی لەدایکبوونی شارستانیەتە لە کشتوکاڵ و نووسیندا.

موهیل کە زۆرینەی کاتەکەی لە پاراستن و هەڵکەندنی ئەو شوێنەوارانە بەسەر دەبات، گوتی "هەر کاتێک هەست بە هەڕەشەیەک دەکەین، دەستبەجێ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری لێ ئاگادار دەکەینەوە".

"کاری بیناسازی زۆر هەیە کە هەندێکیان پێویست نین، ئەمەش پێویستی بە کۆششی سیاسی هەیە". هەروەها داوای کرد چاودێرییەکی زیاتر لەسەر هەندێک ناوچە دابنرێت کە لە نزیکیاندا چەندین شوێنەواری بەنرخ هەن.

پێشکەوتنێکی خێرا بەدیدەکرێت لە کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کە هێشتا بەدەست دەیان ساڵی پشتگوێخستنی ئابوورییەوە دەناڵێنێ لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس، بەڵام ئەم پێشکەوتنە خێرایە بێ زیان نەبووە، سەروەت و سامانی زیاتر وایکردووە کە جوتیارەکان بتوانن ئامێری کشتوکاڵی بەهێزتر بکڕن کە زیانی گەورەی گەیاندووە بە شوێنەوارەکان.

"حکومەت زۆر گرنگی بە پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان نادات، هەروەها شوێنەوار لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکاندا گرنگی پێ نەدراوە" کۆزاد ئەحمەد، سەرۆکی بەشی شوێنەوار لە زانکۆی سلێمانی گوتی "شوێنەوار هەمان گرنگیی نەوتی هەیە. گرنگییەکە تەنیا پەیداکردنی پارە نییە، بەڵکو ئەمە شتێکە دەبێت بپارێزرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو".

بۆ ناسینەوە و دەستبەجێ پاراستنی شوێنەوارەکان لە وێرانکاری، ئەو شوێنەوارناسانەی لە هەرێمەکە کاردەکەن، ڕێنمایی دەکرێن لەسەر بەکارهێنانی وێنەی مانگە دەستکردەکان بۆ دروستکردنی سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS) کە یارمەتییان دەدات لە ناسینەوەو توێژینەوەکردن لەو شوێنەوارانە.

"ئامانجی سەرەکی ئەوەیە داتایەکی (GIS) دروست بکرێت کە زانیاری لەبارەی هەموو ئەو شوێنەوارانە تێدا بێت" ئەمە قسەی جێسیکا گیراود بوو کە توێژەرە لە پەیمانگای فرانچیاز دو پۆرچێ ئۆریەنت.

جێسیکا گوتی کە بەرپرسانی حکومەت دەتوانن زۆر بە ئاسانی ئەو داتایە بەکاربهێنن بۆ ڕێگریکردن لە کاری بیناسازی لە نزیک ئەو ناوچانەی شوێنەواری بەنرخ لەژێر زەوییەکەیاندایە.

لەهەمانکاتدا، بەرپرسان دانیان بەوەدا نا کە کارێکی لەو جۆرە قورسە لەکاتی قەیرانی دارایی و ئەمنی لە هەرێمەکە، ئاماژەیان بۆ ئەوەش کرد کە نرخی ئامێری پێشکەوتوو لە هەڵکەندنی ئەو شوێنەوارانە و هێنانی شارەزای تایبەت بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە بڕێکی زۆر بودجەی دەوێت. ئەوان گوتیان لەم بارودۆخەدا باشترین چارەسەر مەشقکردنە بە خەڵکانی ناوخۆ بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارانە.

تۆبین هارتنێڵ، پرۆفیسۆری شوێنەوار لە زانکۆی ئەمریکی گوتی "ئێستا پێویستە شارەزای بیانی بهێنین بۆ مەشقکردن بە قوتابییەکانمان وەک شوێنەوارناسی پرۆفیشناڵ".

هارتنێل پێیوایە باشترین پارێزەر و کۆکەرەوەی داتا لەسەر شوێنەوارەکان خەڵکی ناوخۆیە "ئەم کادرە ناوخۆییانە بە مەشقپێکردن دەبنە شارەزا و لە کۆتاییدا ئەوان فێرمان دەکەن. بە تێچوونی نرخێکی کەم دەستکەوتی ئەوان 10 ئەوەندە زیاتر دەبێت لە دەستکەوتی خەڵکانی بیانی".

هارتنێڵ پرۆگرامێکی شوێنەواری لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی دەستپێکردووە و ئێستا سەرقاڵی گەڕانە بەدوای پسپۆڕی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنانی سەرچاوە ئەکادیمییەکانی ئەو بەشە.

زانکۆی نیویۆرک ئامادەیی دەربڕیوە لە دابینکردنی دوو هەزار پەرتووک لەسەر شوێنەوار و مێژووی کەلتووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن، هەروەها کەسێک بەڵێنی دابینکردنی 20 هەزار دۆلاری داوە بەر لەدەستپێکردنی کۆکردنەوەی بودجە بۆ ئەو پرۆژەیە بۆ هێنانی شارەزایانی نێودەوڵەتی.

هەر کە پرۆگرامەکە دەستی پێکرد، هارتنێڵ گوتی هەموو ساڵێک 6 قوتابی لەسەر ئاستی ماستەر و دکتۆرا بەشداری لە پرۆگرامی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوە دەکەن. قوتابیانی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی ئامادەیی باشیان تێدایە بۆ پرۆگرامێکی لەوجۆرە، چونکە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و زمانەکانی دیکە کە لەزانکۆ بەناوبانگەکان قسەیان پێدەکرێت، بەباشی دەزانن.

نزیکەی پەنجا قوتابی لە قوتابخانە تایبەتەکان ئارەزوویان بۆ پرۆگرامێکی لەو جۆرە دەربڕیوە.

هارتنێڵ گوتی پەیمانگای فرانچیاز دو پۆرچێ ئۆریەنت دەستدەکات بە مەشقپێکردن بۆ پرۆژەیەکی توێژینەوە لە پارێزگای سلێمانی لە مانگی حوزەیرانی داهاتوو "پێویستمان بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک نییە". ئەو گوتی "تەنیا پێویستمان بە 25 کەسی باش هەیە".

# نامەیەک بۆ بەڕێز مەسرور بارزانی

من کە ناوم موقەدەم ئەمیر سەعید ئەسعەدە، بەرپرسی هۆبەی (ئەمنی)م لە یەکەی هەماهەنگی فەرماندەیی هەولێر کە ئێستا پێیدەڵێن یەکەی 47 ی هەولێر لە میحوەری مەخموور. من لە ساڵی 1991 تاوەکو ئێستا بەبێ دابڕان لە ریزەکانی هێزی لەشکری کوردستان بەردەوامم لە خەبات. خاوەنی سێ شەهیدم لە بنەماڵەکەم: باوکم کە سەرلق بوو لە شۆڕشی ئەیلول لە هێزی دەشتی هەولێر. هەروەها برایەکم بە ناوی سەمیر سەعید لە شەڕی ئازادیی عێراق لە ساڵی 2003 کە لەگەڵ بەڕێز کاک وەجیە بارزانیدا بوو لە چواڕیانی دیبەگە بەهۆی هەڵەیەکی فڕۆکەکانی ئەمریکا شەهید بوو. هەروەها برایەکی دیکەم بەناوی سیروان سەعید لە شەڕی پەکەکە لە چیای سەقەر لە ناوچەی سیدەکان شەهید بوو. خۆشم هەر بەهۆی هێرشی فڕۆکەی هاوپەیمانان بریندار بووم. ئێستا خۆم و دوو برای دیکەم بەناوەکانی مەریوان و سۆران بەردوامین لە خەبات و شەڕ لە دژی داعش دەکەین.

بەڕێز کاک مەسرور بارزانی: ماوەیەکە کێشەیەکیان بۆ دروستکردووم، ئەویش ئەوەبوو کە من لە ساڵی 2005 پلەی سەربازیم رائید بوو، ئەندامی بەشی هەماهەنگی بووم تاوەکو ساڵی 2013، ئینجا کردمیان بە بەرپرسی هۆبە بە پلەی موقەدەم. واتە لە ماوەی 2005 تاوەکو 2015 من یەک پلەم وەرگرتووە، بەڵام لە خزمەتی سەربازی هەر چوار ساڵ جارێک پلەیەکت دەدەنێ، بۆیە ئەوە غەدرێکی ئاشکرایە لە من دەکرێت. بە گوێرەی خزمەتەکەم من ئێستا دەبووایە پلەکەم عەمید بووایە نەک موقەدەم.

لە ساڵی 2014 کاتێک تەشکیلەی فەرماندەیی هەولێر کرا، دیسان غەدریان لێکردم، من بەرپرسی هۆبە بووم، گوتیان نابێت بەرپرسی هۆبە پلەکەی لە عەمید کەمتر بێت. کەچی بەرپرسی یەکەی هەماهەنگی بەڕێز کاک (بروسک ستار قادر قەساب) کە هاوڕێیەکی نزیکی خۆمە، لە پشتەوە خەنجەری لێدام و منی نەکرد بە بەرپرسی ئەو بەشە، بەڵکو کەسێکی خەڵکی هەڵەبجەی هێنا کە وەکو من پلەکەی موقەدەم بوو، تاوەکو ئێستاش مووچە لە فەلەک وەردەگرێت واتە یەکەی 80ی پارتی. جا داواکارم لە بەڕێزتان کارئاسانیم بۆ بکەن تاوەکو مافی خۆم لە پلەی سەربازی وەربگرم کە ئەندامی فەرماندەییە.

**موقەدەم ئەمیر سەعید ئەسعەد**
**بەرپرسی هۆبەی ئەمنی یەکەی 47ی هەولێر**

# ئه‌مریکا کلیلی که‌نداو ده‌داته ده‌ستی ئێران؟

ڕووداو- ئاژانسه‌کان



کۆشکی سپی هه‌وڵده‌دات ده‌ستوبرد بکات له دڵنیاکردنه‌وه‌ی وڵاتانی که‌نداو که سه‌ره‌ڕای ڕێککه‌وتنه ئه‌تۆمییه‌که‌ی ئێران، پشتی هاوپه‌یمانه‌کانی خۆی به‌رنادات له که‌نداوی عه‌ره‌بی. ئه‌مه‌ش له کاتێکدایه که ئه‌م مانگه کۆبوونه‌وه‌ی لوتکه‌ی کامپ ده‌یڤد، به به‌شداری سه‌رکرده‌ی وڵاتانی که‌نداو به‌ڕێوه‌ده‌چێت.

له ماوه‌ی یه‌ک مانگی ڕابردوودا، کۆشکی سپی، پێنتاگۆن و وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا چه‌ندین بژاره‌یان تاوتوێ کردووه بۆ ئه‌وه‌ی له ڕێگه‌یه‌وه بتوانن دڵنیایی بده‌نه وڵاتانی که‌نداو که ئه‌گه‌ر له‌لایه‌ن ئێرانه‌وه ڕووبه‌ڕووی مه‌ترسی بوونه‌وه، ئه‌مریکا پشتگیریی ته‌واویان ده‌کات. نموونه‌ی ئه‌م بژارانه به‌ڕێوه‌بردنی مانۆڕی سه‌ربازیی هاوبه‌ش و فرۆشتنی بڕێکی زیاتری چه‌ک و ته‌قه‌مه‌نیی پێشکه‌وتوو بووه به‌و وڵاتانه.

وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا، ئاشتۆن کارته‌ر دوو هه‌فته له‌مه‌وبه‌ر ژماره‌یه‌ک شاره‌زای کاروبار و سیاسه‌تی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستی بانگهێشتی پێنتاگۆن کردبوو، بۆ ئه‌وه‌ی ڕاوێژیان پێ بکات له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی کۆشکی سپی چۆن ده‌توانێت دڵی سعودیه، ئیمارات و قه‌ته‌ر ڕابگرێت، له کاتێکدا هه‌موویان به‌هۆی ڕێککه‌وتنه ئه‌تۆمییه‌که‌ی ئێرانه‌وه نیگه‌رانن.

به گوته‌ی یه‌کێک له شاره‌زایانی به‌شدار له کۆبوونه‌وه‌که‌دا "کارته‌ر ده‌یویست بزانێت چۆن بۆ وڵاتانی ناو ئه‌نجوومه‌نی هاوکاریی که‌نداوی ڕوون بکه‌نه‌وه که ئه‌مریکا به نیاز نییه کلیلی که‌نداو بداته ده‌ستی ئێران".

به‌رپرسێکی باڵای کۆشکی سپی ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌کات، له کۆبوونه‌وه‌که‌ی 20ی نیسان له نێوان هه‌ر یه‌ک له سه‌رۆکی ئه‌مریکا، باراک ئۆباما و وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئیمارات، شێخ عه‌بدوڵڵا بن زاید، لایه‌نی ئیماراتی داوای ڕێککه‌وتنێکی به‌رگری له ویلاته یه‌کگرتووه‌کان کردووه، له کاتێکدا سه‌رۆکی ئه‌مریکا داوای پشتگیریی ئیماراتی بۆ ڕێککه‌وتنه ئه‌تۆمییه‌که‌ی له‌گه‌ڵ ئێران کردووه.

سه‌رچاوه‌کان له‌ناو کۆشکی سپی ئاشکرای ده‌که‌ن که ئۆباما هه‌تا ئێستاش نازانێت چ به‌رژه‌وه‌ندییه‌ک پێشکه‌ش به وڵاتانی که‌نداو بکات، له‌به‌رئه‌وه‌ی زۆربه‌ی ئه‌و بژارانه‌ی له‌به‌رده‌ستدان، جێبه‌جێکردنیان سه‌خته. بۆ نموونه پێناچێت ڕێککه‌وتنێکی ئه‌منی و سه‌ربازی له‌گه‌ڵ سعودیه سه‌ربگرێت، له کاتێکدا هه‌ر ڕێککه‌وتنێکی له‌م چه‌شنه ده‌بێت به کۆنگرێسدا تێپه‌ڕێت، هاوکات ئه‌گه‌ری زۆره له‌لایه‌ن ئیسرائیلیشه‌وه دژایه‌تی توندی بکرێت.

یه‌کێکی دیکه له بژاره‌کان ئه‌وه‌یه، له جیاتی په‌یماننامه‌یه‌کی ئه‌منیی ته‌واو، ده‌کرێت کار له‌سه‌ر ڕێککه‌وتنێکی لاوازتر بکرێت. له‌م ڕێککه‌وتنه‌شدا به‌رپرسانی ئه‌مریکا، به‌بێ ئه‌وه‌ی بۆ ڕای کۆنگرێس بگه‌ڕێنه‌وه، له‌گه‌ڵ وڵاتانی که‌نداو ڕێکده‌که‌ون له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ئه‌م وڵاتانه له لایه‌ن هێزێکی ده‌ره‌کی ڕووبه‌ڕووی مه‌ترسی ببنه‌وه، ئه‌وه ئه‌مریکا پشتگیرییان لێده‌کات، به‌ڵام ڕێککه‌وتنه‌که دژایه‌تی و ناڕه‌زایه‌تی هێزه ناوخۆییه‌کانی ئه‌م وڵاتانه ناگرێته‌وه.

به‌رپرسانی ئه‌مریکی کاتێکی زۆریان له‌به‌رده‌م نه‌ماوه. وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا، جۆن کیری بڕیاره هه‌فته‌ی داهاتوو له‌گه‌ڵ وه‌زیرانی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی کۆببێته‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ئاماده‌کاری بکه‌ن بۆ کۆبوونه‌وه‌ی لوتکه‌ی کامپ ده‌یڤد که بڕیاره 14ی ئایار ببه‌سترێت، چاوه‌ڕێش ده‌کرێت له‌و کۆبوونه‌وانه‌دا تاوتوێی ئه‌و پاکێجه بکرێت که کۆشکی سپی به نیازه بیخاته به‌رده‌م وڵاتانی که‌نداو. ئه‌گه‌ر له‌ناو پاکێجه‌که‌دا شتێکی ئه‌وتۆ له ئارادا نه‌بێت که دڵی وڵاتانی که‌نداو ڕازی بکات، ئه‌وه ئه‌گه‌ری زۆره ئاستی به‌شداری وڵاتانی شێخنشین له کۆبوونه‌وه‌که‌ی لوتکه‌دا دابه‌زێت. بۆ نموونه، ده‌شێت وه‌لیعه‌هدی سعودیه، محه‌ممه‌د بن نایف، له بری مه‌لیک سه‌لمانی پاشای سعودیه به‌شداری کۆبوونه‌وه‌که بێت، ئه‌مه‌ش وه‌کو ناردنی په‌یامی ناڕه‌زایه‌تی سعودیه‌یه بۆ ده‌سته‌ی کارگێڕیی کۆشکی سپی.

بژارێکی دیکه که به‌رپرسانی ئه‌مریکی بیری لێده‌که‌نه‌وه، ئه‌وه‌یه هه‌ردوو وڵاتی سعودیه و ئیماراتی عه‌ره‌بی وه‌کو "هاوپه‌یمانی سه‌ره‌کی ده‌ره‌وه‌ی ناتۆ" بناسێنن. ئه‌م ناونیشانه کۆمه‌ڵێک سنوور له‌سه‌ر فرۆشتنی چه‌کی پێشکه‌وتوو به‌و وڵاتانه لاده‌بات. پێشتر هه‌ر دوو وڵاتی به‌حره‌ین و کوێت ئه‌م سیفه‌ته‌یان پێدراوه. به‌حره‌ین له ساڵی 2002 و کوێتیش له ساڵی 2004 ئه‌م سیفه‌ته‌یان وه‌رگرتووه. به‌پێی ئه‌م ناساندنه، کۆمه‌ڵێک ئیمتیازات که ته‌نیا وڵاتانی ئه‌ندامی ناتۆ ده‌گرێته‌وه، به‌م وڵاتانه‌ش ده‌درێت.

یه‌کێک له به‌ربه‌سته سه‌ره‌کییه‌کانی به‌رده‌م ئیداره‌ی ئۆباما بۆ فرۆشتنی چه‌کی قورس و پێشکه‌وتوو به وڵاتانی که‌نداو، نیگه‌رانییه‌کانی ئیسرائیله. ماوه‌یه‌کی زۆره ئه‌مریکا سنووری بۆ هه‌موو ئه‌و چه‌کانه داناوه که کۆمپانیاکانی چه‌کسازیی ئه‌مریکا ده‌توانن به وڵاتانی عه‌ره‌بییان بفرۆشن. ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌ی ئیسرائیل له ڕووی سه‌ربازییه‌وه به‌رده‌وام له پێش وڵاتانی که‌نداو بێت. هه‌ر بۆیه‌شه کۆشکی سپی هه‌تا ئێستا ڕێگه‌ی نه‌داوه کۆمپانیای لۆکهید مارتین، فڕۆکه‌ی جه‌نگیی جۆری F35 به وڵاته شێخنشینه‌کان بفرۆشێت، له کاتێکدا کۆمپانیاکه مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه به سوپای ئیسرائیلی بفرۆشێت.

ده‌کرێت وڵاتانی که‌نداو به دوای په‌یماننامه‌یه‌کی به‌رگریی له جۆری په‌یماننامه‌که‌ی نێوان ئه‌مریکا و ژاپۆنه‌وه بن که تێیدا ئه‌مریکا پابه‌نده له به‌رده‌م هه‌رچه‌شنه هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی ناوخۆیی و ده‌ره‌کیدا حکومه‌ت و وڵاتی ژاپۆن بپارێزێت. شاره‌زایان له‌و بڕوایه‌دان، ئه‌مه ده‌کرێت داوایه‌کی زۆر بێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پێناچێت کۆشکی سپی له یه‌ککاتدا دووجار به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئیسرائیل له ناوچه‌که‌دا تووشی مه‌ترسی بکات.

له‌لایه‌کی دیکه‌وه ئه‌مریکا ناخوازێت وڵاتانی عه‌ره‌بی له قه‌یرانی یه‌مه‌ن و سووریادا ڕێگه‌ی خۆیان له ڕێگه‌ی ئه‌مریکا و کۆمه‌ڵگای نێوده‌وڵه‌تی جیا بکه‌نه‌وه، له کاتێکدا به گوێره‌ی شاره‌زایان له‌گه‌ڵ کۆتایی هاتنی ڕێککه‌وتنی ئه‌تۆمی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، ئه‌گه‌ری ئه‌وه زۆره ئه‌م وڵاتانه نه‌خشه‌ڕێگای تایبه‌تی خۆیان بۆ مامه‌ڵه‌کردن له‌گه‌ڵ قه‌یرانی ناوچه‌که‌دا دابڕێژن، که ده‌شێت دژی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌مریکا له ناوچه‌که‌دا بێت.

## (ڕووداو) له ڕۆژهه‌ڵاتی به‌ڵتیمۆر..

# سووتانی خه‌ڵوه‌تگه‌ی پیری کڵێسایه‌ک

یه‌ریڤان سه‌عید
ڕووداو – به‌ڵتیمۆر



ڕۆژی سێشه‌ممه‌ی ڕابردوو ئه‌ندامانی کڵێسای بابتیستی باشوور له به‌ڵتیمۆر کۆبوونه‌وه بۆ ته‌ماشاکردنی پاشماوه‌ی ئه‌و خه‌ڵوه‌تگه پیرییه‌ی که به بڕی 16 ملیۆن دۆلار دروستیان کردبوو بۆ پیرو په‌ککه‌وته هه‌ژاره‌کانی ئه‌و شاره. که له‌لایه‌ن خۆپیشانده‌رانه‌وه ڕۆژێک پێشتر سووتێندرا.

زۆر که‌س هۆکاری سه‌ره‌کی خۆپیشاندانه‌کان که سه‌رتاسه‌ری ئه‌و شاره‌ی گرتبووه‌وه ده‌گه‌ڕێننه‌وه بۆ مامه‌ڵه‌ی خراپی پۆلیس و ڕه‌گه‌زپه‌رستی و نه‌بوونی هه‌لی کار.

دۆنتێ هیکمان که وتاربێژی ئه‌و کڵێسایه‌یه گوتی "ناڕه‌زاییه‌کی زۆر هه‌یه به‌هۆی ناعه‌داله‌تی و نایه‌کسانی و نه‌بوونی هه‌لی کار بۆ خه‌ڵکی ناو شاره‌کان."

ده‌ستگیرکردن و مردنی فرێدی گره‌یی له‌کاتی ده‌ستبه‌سه‌ریدا له‌لایه‌ن پۆلیسه‌وه شه‌پۆلێک له خۆپیشاندان و ناڕه‌زایی له ناوه‌ڕاستی ئه‌م مانگه‌وه له شاری به‌ڵتیمۆری ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا لێکه‌وته‌وه، له‌کاتی ڕێوڕه‌سمی به‌خاکسپاردنی ته‌رمی گره‌یی به‌شداربووان ڕژانه سه‌ر شه‌قامه‌کان، ئه‌وه‌ش حاکمی ویلایه‌تی ماریلاندی ناچارکرد که باروده‌خی نائاسایی ڕابگه‌یه‌نێت و هاتوچۆ قه‌ده‌غه بکات پاش ئه‌وه‌ی هه‌ندێک له خۆپیشانده‌ران ده‌ستیاندایه کاری توندوتیژی و سووتاندنی باڵه‌خانه و دوکان و ئۆتۆمبێل.

هیکمان گوتی "هیچ شتێک له مردن گرانتر نییه، به‌ڵام به‌بڕوای من مردن په‌رده له‌سه‌ر ئه‌و بۆگه‌ن و ژه‌نگه‌ی له شاره‌که‌ماندا بۆ ماوه‌یه‌کی دوورودرێژه هه‌یه لاده‌دات. به‌بڕوای من مه‌رگی گره‌یی یارمه‌تیمان ده‌دات به‌هێزبین و دڵگه‌رم بین له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی چ ژیانێک بنیات بنێینه‌وه".

به‌پێی گوته‌ی به‌رپرسانی ناوخۆ، 1700 گاردی نیشتمانی له شه‌قامه‌کانی به‌ڵتیمۆر جێگیر کراون بۆ هاوکاریکردنی پۆلیس له دابینکردنی سه‌قامگیری و ئاسایش له‌و شاره. تاوه‌کو ئێستا زیاتر له 20 پۆلیس بریندار بوون و ده‌یان خۆپیشانده‌ر ده‌ستگیر کراون.

به‌ڵام هیکمان گه‌شبینی ده‌ربڕی له‌وه‌ی که ڕه‌نگه خۆپیشاندانه‌کان له به‌رپرسان و خه‌ڵکانی ناوخۆ وابکات باشتر کێشه‌کان بخه‌نه‌ڕوو چاره‌سه‌ریان بکه‌ن. به ته‌نیا په‌نجه‌ی گله‌یی درێژ ناکرێت بۆ شتێک به‌ڵکو هۆکاری زۆر هه‌یه له پشت ڕوودانی ئه‌م جۆره په‌تایه.

گوتاربێژی ئه‌و کڵێسایه داوای له ده‌سه‌ڵاتداران کرد له‌و باره‌یه‌وه هه‌نگاو بنێن، ئه‌وه‌ش به وه‌به‌رهێنان کردن له‌و شاره. "کاتی ئه‌وه هاتووه که قایمقامی به‌ڵتیمۆر و حاکمی ویلایه‌ته‌که هه‌وڵه‌کانیان بخه‌نه‌گه‌ر، هه‌روه‌ها سه‌رۆک و ئه‌وانه‌ی که ده‌سه‌ڵات و توانایان هه‌یه وه‌به‌رهێنان بکه‌ن له کۆمه‌ڵگاکه‌مان".

ئه‌و خه‌ڵوه‌تگه‌یه که %60ی ته‌واو بووبوو پێکهاتبوو له شوێنی مانه‌وه بۆ پیرو په‌ککه‌وته‌کان، خزمه‌تگوزاری هه‌لی کار بۆ خه‌ڵکانی ناوخۆ. بڕیاربوو له پایزی ئه‌مساڵ بکرێته‌وه و 60 پیروپه‌ککه‌وته له‌خۆبگرێت.

ئارسه‌ر ولیه‌می ته‌مه‌ن 56 ساڵ که‌مئه‌ندامه‌وه له‌ساڵی 1968وه له‌و گه‌ڕه‌که ده‌ژی. ئارسه‌ر ناوی له‌و لیسته‌دا بوو که یه‌کێک له خانووه‌کانی ئه‌و سه‌نته‌ره‌ی پێببدرێت، به‌ڵام به‌ته‌واوی هیوا بڕاو بوو کاتێک بینی سه‌نته‌ره‌که ئاگری تێبه‌ردرا. "ناوم خرابووه نێو ئه‌و لیسته بۆ وه‌رگرتنی باڵه‌خانه‌یه‌ک له سه‌نته‌ره‌که‌دا. به‌ڵام ئێستا هیوام نه‌ماوه".

ئه‌و گوتیشی به‌بیری دێت که له‌سه‌رده‌می منداڵی ئه‌ودا له ساڵی شه‌سته‌کان ڕۆژانه خۆپیشاندان له گه‌ڕه‌که‌یان هه‌بوو "له‌کاتی خۆپیشاندانه‌کانی ساڵی 1968 ده‌مبینی که خۆپیشاندان لێره ده‌کران. دایکم ڕێگه‌ی پێنه‌ده‌داین بچینه ده‌ره‌وه. خۆپیشاندان به‌شێک بووه له ژیانی من"

به‌رپرسانی ناوخۆ گوتیان که له ئازاره‌کانی خه‌ڵک تێده‌گه‌ن و ئاماژه‌یان به لاوازی باروده‌خی ئابووری وه‌ک هۆکارێکی ریشه‌یی بۆ خۆپیشاندانه‌کان کرد.

جۆوان کارته‌ر، سیناتۆری دیموکرات که نوێنه‌رایه‌تی که‌رتی 43ی ماریلاند ده‌کات گوتی "باروده‌خی ئابووری زۆر خراپه. پێویستیان به ڕاهێنان و به‌رنامه هه‌یه. ئازاری دڵت ده‌دات که شاری به‌ڵتیمۆر بسووتێنرێ و تاڵان بکرێت."

مایکا ئارتس، ته‌مه‌ن 25 ساڵ، قوتابییه، نائومێده له‌وه‌ی که هه‌ندێک که‌س خۆپیشاندانه‌کانیان قۆسته‌وه بۆ به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی خۆیان و ده‌ستیان دایه وێرانکردنی موڵک و ماڵی گشتی وه‌ک خه‌ڵوه‌تگه پیرییه‌که که ئامانج لێی باشکردنی گوزه‌رانی خه‌ڵک بوو.

"خه‌ڵکی ده‌یانگوت نابێت تووڕه‌بن له وێرانکردنی موڵک و ماڵی گشتی. دایک و باوکم ده‌چوونه ئه‌م کڵێسایه. مه‌به‌ستت چییه له‌وه‌ی که نابێت تووڕه‌بین له‌سه‌ر وێرانکردنی موڵکی گشتی؟ ئه‌مه کڵێسای منه، گه‌ڕه‌کی منه و کۆمه‌ڵگه‌ی منه!"

ئه‌و قوتابییه نیگه‌رانه به سووتانی سه‌نته‌ره‌که و ده‌ڵێت "سه‌نته‌ره‌که بۆ باشکردنی گوزه‌رانی خه‌ڵک بوو. دووکانی خواردنه‌وه‌ی کحولی یان شتی دیکه‌مان دروست نه‌کرد، سه‌نته‌رمان دروستکرد بۆ پیرو په‌ککه‌وته‌کان ماڵێک بۆیان، شتێک که یارمه‌تی ئه‌م گه‌ڕه‌که‌ی ده‌دا".

زۆر له ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵگه‌که له‌و باوه‌ڕه‌دان که کێشه‌کانی ئه‌مڕۆ هۆکار و په‌نگخواردنه‌وه‌ی ماوه‌یه‌کی دوورودرێژن له بێکاری و نه‌خوێنده‌واری له نه‌وه‌یه‌که‌وه بۆ نه‌وه‌یه‌کی دیکه. ئه‌وان گوتیان کۆمپانیاکان و وه‌به‌رهێنه‌ران کرێکار له‌ده‌ره‌وه‌ی ماریلاند ده‌هێنن بۆ کاره‌کانیان.

"هۆکاری ئه‌وه‌ی شتی له‌م جۆره ڕووده‌دات له‌م شاره ئه‌وه‌یه که هه‌ل نادرێت به خه‌ڵک" کێڤن واکنس که ته‌مه‌نی 51 ساڵه و کاری بیناسازی به ئامێری قورس ده‌کات و ئێستا له کۆلێژ ده‌خوێنێ گوتی "گه‌نجان هیچ شوێنێکیان نییه بۆی بڕۆن. هیچ کارێک نییه بیکه‌ن. خاوه‌ن کۆمپانیاکان خه‌ڵک له ده‌ره‌وه‌ی ویلایه‌ته‌که ده‌هێنن و کاریان پێده‌ده‌ن و کار ناده‌ن به گه‌نجه‌کانی ئێره".

# هەشت ڕێگای سادە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجە

ڕووداو- یامو مێڵس

ڕێگری لە شێرپەنجە خەیاڵ نییە و ڕاستییە، چونکە 40%ی شێرپەنجە جیاوازەکان بەهۆی ستایلی نادروستی ژیانەوە پەیدا دەبن، وەکو: جگەرەکێشان، زۆرخۆری و وەرزشنەکردن. ئەوەش بەپێی توێژینەوەی زانستی "بریتش جۆرناڵ ئۆف کانسەر" لە ساڵی 2011.

بە گوتەی گریگۆری ماستەرز، پسپۆڕی شێرپەنجە، تەنیا 15%ی شێرپەنجە جیاوازەکان بەهۆی فاکتەری بۆماوەیین، کەواتە گۆڕینی ستایلی ژیان لە کاریگەرترین ڕێگاکانە بۆ ڕێگری لە تووشبوون بە شێرپەنجە.

ئەمانە هەشت ڕێگای سادەن بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە:



### 1 - وازهێنان لە جگەرەکێشان:

وازهێنان لە جگەرەکێشان ئەگەری تووشبوون بە زۆربەی شێرپەنجەکان کەمدەکاتەوە. جگەرە هۆکاری 30%ی حاڵەتەکانی مردنە بە شێرپەنجە. هەرچەندە وازهێنان لە جگەرەکێشان ڕێگەچارەی هەرە پەسەندە، بەڵام کەمکردنەوەشی سوودی خۆی هەیە، بۆ نموونە کەمکردنەوەی کێشانی ڕۆژانەی جگەرە لە 20 جگەرەوە بۆ کەمتر لە 10 دانە، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سی بەڕێژەی 27% کەمدەکاتەوە.

### 2 - سەرنجت لەسەر کێشت بێت:

بەگوێرەی پەیمانگەی ئەمریکی بۆ توێژینەوە لە شێرپەنجە، چەوریی زیادەی لەش پەیوەندی هەیە بە تووشبوون بە 9 شێرپەنجەی جیاوازەوە، لەوانە شێرپەنجەکانی سورێنچک، گورچیلە و توورەکەی زراو.

خانە چەورییەکان چەند جۆرە پرۆتینێک دەردەدەن کە هانی هەوکردن دەدەن و لە بەرامبەردا هانی گەشەی زیاد لەپێویستی خانەکان دەدەن و ئەوەش ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

هەمان پەیمانگە دەڵێت ساڵانە لە ئەمریکا 120 هەزار حاڵەتی شێرپەنجە تۆمار دەکرێن کە پەیوەندییان بە کێشی زیادەی لەشەوە هەیە.

### 3 - هەفتانە 30 خولەک ئارەقە بەخۆت دەربدە:

خۆراکی تەندروست چەندە گرنگە بۆ ڕێگری لە شێرپەنجە، وەرزش و چالاکیی جەستەییش هەمان ڕۆڵی هەیە. توێژینەوەیەکی جۆرناڵی بەناوبانگی "نیوتریشن ئاند کانسەر" دەڵێت هەفتانە تەنیا 30 خولەک وەرزشی ماندووکەر ئەگەری تووشبوونی ژنان بە شێرپەنجەی مەمک بەبڕی 35% کەمدەکاتەوە، ئەو شێرپەنجەیەی تووشی یەک ژن لە هەر هەشت ژن دەبێت.

### 4 - لە کحول دووربە:

تاوانباری پشت چەندین جۆری شێرپەنجە، کحولە. لە نموونەی ئەو شێرپەنجانەش ئەوانەی دەم و گەروو، جگەر و کۆڵۆن و مەمکن.

میکانیزمەکانی پشت تووشبوون بە شێرپەنجە بە کحول جیاوازن. لە ڕیخۆڵەدا بەکتریاکان کحول دەگۆڕن بۆ ئەسیتئەڵدیهاید کە ماددەیەکی تووشکەری شێرپەنجەیە. لە ژنانیشدا کحول دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئیستڕۆجین کە هۆکارێکی تووشبوونە بە شێرپەنجەی مەمک.

### 5 - برۆکلیت خۆش بوێت:

سەوزەکان بەڕێگەی جیاواز شەڕی شێرپەنجە دەکەن. بەڵام گەڵادارەکانی وەک برۆکلی و سلق و کەلەرم زۆر تایبەتن، چونکە پڕن لە ماددەیەک کە بە گلوکۆزینۆلەیت ناسراوە و لە دژایەتیکردنی شێرپەنجەدا زۆر کارایە.

هەرچی تەماتەیە، بەهۆی ماددەی لایکۆپینەوە ئەو گەردە زیانبەخشە لەنێودەبات کە خانەکانی لەش بریندار دەکەن و ئەگەری شێرپەنجە زۆر دەکەن. باینجانیش بە ماددەی ناسونین ڕۆیشتنی خوێن بۆ خانە شێرپەنجەییەکان کەمدەکاتەوە و بەوەش ناهێڵێت بە خێرایی پەرەبستێنن. بە پێچەوانەی ئەوانەوە، گۆشتی سوور ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەکانی لە وێنەی شێرپەنجەی ڕێکە و کۆم زیاد دەکات.

### 6 - دژەخۆرت لەبیربێت:

لە وڵاتانی خۆرئاوا بەهۆی ئەوەی ژنان خۆیان دەدەنە بەر هەتاو تاوەکو پێستیان برۆنزیی بێت، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەترسیداری پێست (ناسراو بە میلانۆما) لە 40 ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی 800% زیادی کردووە.

تیشکی خۆر، شەپۆلی سەروو وەنەوشەیی تێدایە کە DNA ی خانەکان تێکدەدات و ڕێگاخۆشدەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە.

بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر ڕێگا لەو شەپۆلە زیانبەخشانە دەگرێت و بەوەش ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست کەمدەکاتەوە. دژەخۆر بۆ هەموو وەرزەکانە و تایبەت نییە بە هاوین. لەنێوان کاژێر 10ی بەیانی و 4ی پاشنیوەڕۆ، تیشکە زیانبەخشەکە لە بەرزترین ئاستیدایە.

### 7 - ئارام ببەوە:

فشار و تەنگژەی دەروونی بەرگریی لەش لاواز دەکەن لە بەرامبەر شێرپەنجە متبووەکان، بەوەش ئەو شێرپەنجانە چالاک و بەهێز دەبن و بەسەر جەستەی تەندروستدا زاڵ دەبن.

جگە لەوە، فشاری دەروونی و نائارامی، هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە جەستەدا بەرز دەکاتەوە کە هانی بازدانی خانەیی ئەوتۆ دەدات و ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ شێرپەنجە.

خەڵکی بە ڕێگەی جیاواز هەست بە ئارامی دەکەن، هەر لە تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییەوە تاوەکو وەرزش و یۆگا و سرووتی ئاینی. تۆش لەنێو ئەوانەدا بە کامەیان ئارام دەبیتەوە ڕۆژانە جێبەجێی بکە.

### 8 - پشکنینی پزیشکی بکە:

بۆ نموونە لەدوای تەمەنی 40 ساڵی باشترە ژنان ساڵانە مەمۆگرافی بکەن بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی مەمک. پاپ سمیر سێ ساڵ جارێک بۆ ژنان گرنگە بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی ملی منداڵدان. لە هەردوو ڕەگەزەکەشدا گرنگە لە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە هەناوبینیی کۆڵۆن بکرێت بۆ زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجەی کۆڵۆن.

ئەگەر لە کەسانی نزیکتدا شێرپەنجەیەکی دیاریکراو هەیە، سەردانی پزیشک بکە تاوەکو بۆت ڕوون بکاتەوە بە چ پشکنینێک دەتوانرێت زوو دەستنیشان بکرێت کە ئاخۆ تووشبوویت یان نا. زوو دەستنیشانکردنی شێرپەنجە، چارەسەرەکەی زۆر ئاسان دەکات و تەنانەت لەوانەیە وابکات بە تەواوی شێرپەنجەکە بنەبڕ بکرێ.

---



ئیکرام حوسێن

## پزیشکی داروبەرد

لە هەندێک شوێنکاری فیتەر نووسراوە "بۆ چاککردنەوەی هەموو جۆرێکی ئۆتۆمبێل"، ئەوە بۆ ئۆتۆمبێل لەوانەیە کێشەیەکی هێندە گەورە نەبێت کە ئەگەر خاوەنەکەی هەر چانسی چاککردنەوەی نەبوو، دانەیەکی دیکە دەکڕێت، یان هەر نەبوو بە پاس و بە تاکسی و بە پێ ئیشی خۆی مەیسەر دەکات، بەڵام ئەوە کێشەیە پزیشک هەبێ لەسەر تۆرینگەکەی نووسیبێ بۆ "چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی گورچیلە و دڵ و شەکرە"، ئینجا لە ژوورەوە سۆناریش دەکات، هەیە پسپۆڕییەکەی تەنها نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێنە، بەڵام نەخۆشی داروبەرد دەبینێ، فەقەرات و سنگ و شەکرە و هۆرمۆنیش! لەوەش عەجیبتر، نەشتەرگەری بڕبڕەکانی ملیش دەکات.

کاتێک هەر ڕەخنەیەک دەربارەی پزیشکان لە وەزارەتی تەندروستی دەگریت، ئەوان بیانووەکەیان ئەوەیە کە سەندیکای پزیشکان لێیان بەرپرسە، بەڵام ئەی کێ لە تەندروستی ئەو خەڵکە بەرپرسە؟ خۆ خەڵک ئۆتۆمبێلیش نییە چەند ساڵ جارێک بیگۆڕی.

جارێک لە هیندستان لە نەخۆشخانەیەکی شاری پونا، سەردانی چەند خێزانێکی کوردم کرد کە بۆ چارەسەر لەوێ بوون، خێزانێکی لێبوو کە ژنەکە کچە شەهید بوو، گوتی تا ئێستا 27 جار نەشتەرگەرییان بۆ کردووم، قسەکە لەسەر ژمارەی نەشتەرگەرییەکان نییە، لەوەیە کە هەموو جار بەڵێنیان پێداوە نەخۆشیەکەی چارەسەر دەکەن، دەنا کێ هەیە ئارەزووی وڵاتێکی پیسی وەک هیندستان بکات، لەوێش لە نەخۆشخانەیەکی پیس، موتەرجیمێکی پۆخڵ، کۆڵێک پارەی جوانی لێبستێنێ کە لە کوردستان بە هەزار سواڵ و سەدەقە پەیدای کردووە.

گەر کەسێکی خاوەن ویژدان بڕوات و ناونیشانی پزیشکان بخوێنێتەوە، جۆرەها شتی سەیر و سەمەرە دەبینێ، هەیە بە گەورەیی نووسیویەتی پرۆفیسۆر! لە کاتێکدا پرۆفیسۆریی پلەیەکی ئەکادیمییە بۆ زانکۆکان دەبێت نەوەک بۆ کلینیکەکان، زۆربەی پزیشکان نووسیویانە بۆرد (دکتۆرا) کە ئەو دوو بڕوانامەیە زۆر جیاوازن لە ڕاستیدا، هەیە چاپەکی لە وڵاتێک خواردبێتەوە لەسەر تۆرینگەکەی نووسیوە، ئەو خەڵکە داماوەش واتێدەگات ئەمە پزیشکی شاژنی بەریتانیا بووە، ئینجا وەزعەکە لە دەرەوەو بە بەرچاوی عالەمەکەوە بەو جۆرە بێت، ئەی قوڕ بەسەر من ئینجا خەڵک، ئەبێ لە ناووە چۆن بێت!

لە بەریتانیا، لە شارەکانی داربی و نۆتینگهامەوە، سەرجەم نەخۆشەکانی ڕژێنی دەرەقیبیان بۆ دوو پزیشک دەنارد تا نەشتەرگەرییان بۆ بکەن، ئەوان دەڵێن کەسێک هەتا ئیشێک زیاتر بکات، بێگومان زیاتر شارەزایی تێدا پەیدا دەکات، پسپۆڕییەکان هێندە بەرەو وردبوونەوە دەچن، گەیشتووەتە ئەوەی پزیشک هەیە پسپۆڕی نەخۆشییەکانی مێشک و دەمارە، بەڵام جارێکی تر پسپۆڕیی بە تەنها لە نەخۆشیی جەڵتەی مێشکدا وەرگرتووەتەوە، پزیشک هەیە پسپۆڕییەکەی بە تەنها لە خۆراکی منداڵدایە.

ئەوە بۆ پزیشکان، بۆ کارمەندان و پەرستاران زیاتریش ورد دەبێتەوە، وەک پەرستاری پاککردنەوەی برینی تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە، یان پەرستاری ڕاهێنانەوەی فیزیایی و ڕاهێنانەوەی قسەکردن و ڕاهێنانەوەی ئیش و کاری ڕۆژانە، لای ئێمەش تازە بە بڕیاری وەزاری دەسەڵاتی بینینی نەخۆش دەدرێتە کارمەندی تەندروستی.

خەڵک هەیە خولێکی بینیوە لە ئەوروپا، ئێستا خۆی بە پزیشکی پسپۆڕ دەناسێنێ، یان زۆربەی پزیشکان لە ئەوروپا لە توێژینەوە دەخوێنن، بەڵام کە دێنەوە لە نەخۆشخانەی ئێستیشاری وەک پزیشکی پسپۆڕ نەخۆش دەبینن.

ئەگەر بەختێکی باشت هەبێت، کاتێک نەخۆش دەکەویت، تووشت دەبێت بە تووشی پزیشکێکی بە ویژدانەوە کە هێشتا ماون و هەرگیز خیانەت لە پیشەکەیان ناکەن، ئەگەر نەخۆشییەکەی تۆ پسپۆڕیی ئەو نەبێت، دەتنێرێتە لای پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکەت، بەڵام ئایا هەموومان ئەو بەختەمان دەبێت؟

---

## ئێستا کاتی کوتانی ئێوەیە

# گەورەکان لەبیریان چووە کە دەبێت بکوترێن

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

لە کوردستان کوتانی منداڵان بەشێوەی خشتەی ستاندارد و هەڵمەتی ناوبەناوی نیشتمانیی کوتانیش بەڕێوەدەچێ، بەڵام ڕەنگە زۆر کەسی پێگەیشتوو ئاگادار نەبن کە لە چەندین حاڵەتدا پێویست دەکات ئەوانیش بکوترێن.

پزیشکێکی پسپۆڕ هۆشداری دەدات لەوەی کە پزیشکەکان وەکو پێویست ئەو نەخۆشانە ڕەوانەی نێوەندەکانی کوتان ناکەن کە پێویستیان پێیە.

ڤاکسین بریتییە لە ئامادەکراوێکی بایۆلۆژی کە کۆئەندامی بەرگریی جەستەی مرۆڤ بەهێز دەکات لەدژی نەخۆشییەکی دیاریکراو. هەندێکجار ڤاکسین بریتییە لە میکرۆبی لاوازکراوی نەخۆشییەک، یاخود ژەهری لاوازکراوی زیندەوەرێکی نەخۆشخەر یان تەنیا ئەو کۆدە پرۆتینییانەی سەر خانە نەخۆشخەرەکانە و دوای ئەوەی دەخرێنە جەستەوە، کۆئەندامی بەرگری هۆشیار دەکەنەوە لە هەر تووشبوونێکی داهاتوو بە نەخۆشییەکە تا بە ئاسانی بیناسێتەوە و لەنێوی ببات.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، دەڵێت ئێستا بەهۆی ڤاکسینەوە دەتوانرێت ڕێگا لە 25 نەخۆشیی جیاواز بگیرێ، بەو هۆیەوە ساڵانە ژیانی 2- 3 ملیۆن کەس لە مردن ڕزگار دەکرێ.

لەساڵی 2012 وە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هەفتەی کۆتایی نیسان تاوەکو سەرەتای ئایاری تەرخان کردووە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و حکومەت و دەزگا جیاوازەکان لەبارەی گرنگیی کوتان و هەوڵدان بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ئەو ڤاکسینەی بۆ بکرێت کە پێویستی پێیە.

### گەورەکان بۆ دەبێ بکوترێن؟

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت، پێویستە پێگەیشتووانیش بزانن کە کوتان تەنیا تایبەت نییە بە منداڵان، لە چەندین حاڵەتدا ئەوانیش پێویستیان بە کوتان هەیە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی گوت، گەورەکانیش پێویستیان بە کوتانە، چونکە ڕەنگە هەندێکیان بە منداڵی نەکوترابن، یان هەندێک ڤاکسین لەسەردەمی منداڵیی ئەواندا نەبووە، جگە لەوەی بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەوە بەرگریی جەستە لاواز دەبێت.

### ڤاکسینی چین و توێژەکان

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت ڕاستە گەورەکانیش وەکو منداڵان پێویستیان بە کوتان هەیە، بەڵام بە ڕێوشوێنێکی جیاوازتر.

د.ئاری حەمەسەعید، پزیشکی پسپۆڕی خێزانی گوتی، کەسانی پێگەیشتوو ڕۆتینێکی کوتانی هاوشێوەی منداڵانیان نییە، بەڵکو بەشێوازی جۆراوجۆر پێویستیان پێی دەبێت، لەوانەش: ڤاکسینی دژی هەوکردنی جگەر لەجۆری B بۆ هەموو ئەو کەسانە پێویستە کە ئەگەری بەرکەوتنی خوێن و پێکهاتەکانی خوێنیان هەیە، بەتایبەتی پزیشکەکان، کارمەندانی تەندروستی، کارمەندی تاقیگە، سەرتاشخانە و ئارایشتگاکان.

ئەو پزیشکە خۆکوتان دژی ئەو ڤایرۆسە بە گرنگ دەزانێت، چونکە دوور نییە دوای تووشبوون بەو نەخۆشییە، کەسەکە تووشی زەردوویی درێژخایەن و پەککەوتنی جگەر و دواتر مردن ببێت.

سەنتەری قەدەغەکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان (CDC) لە ئەمریکا، دەڵێت تەواوکردنی هەر کۆرسێکی کوتان لەدژی ئەم نەخۆشییە، بۆ ماوەی 15 ساڵ پێشگیری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە ترسناکە دەکات.

دکتۆر ئاری باسی کوتان دژی گرانەتا دەکات و دەڵێت "ئەم کوتانە بۆ سێ ساڵ ناهێڵێت تووشی گرانەتا ببیت. ئەم کوتانەش بۆ ئەوانە گرنگە کە زۆر مەلە دەکەن، یان زۆر دەست لە خۆراکی نەکوڵاو و پوختنەکراو دەدەن، چونکە سەرچاوەی سەرەکیی تووشبوون بە گرانەتا خواردن و خواردنەوەی پاکنەکراوە.

کوتانێکی دیکەش کە پێویستە بۆ گەورەکان بکرێت، کوتانە لە دژی ئەنفلۆنزای وەرزی، ئەگەر ساڵانە لە مانگی تشرینی یەکەمدا بکرێت، ئەوا کەسەکە بۆ ماوەی ئەو ساڵە تووشی ئەنفلۆنزا نابێت، یان بە سووکی دەیگرێت.

بەڵام لە بەدواداچوونێکی پێشووتری (ڕووداو) دا بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیی سلێمانی ڕایگەیاندبوو کە لە کوردستان ئەو ڤاکسینە بەشی هەمووان ناکات و دەبێت تەنیا ئەو کەسانە بە مەبەستی کوتان دژی ئەو نەخۆشییە سەردان بکەن کە ئەنفلۆنزا مەترسیی لەسەر ژیانیان دروستدەکات. ئەوانیش تووشبووانی شەکرە، سستبوونی دڵ، هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان و کەسانی بە تەمەنن.



### ئەو ڤاکسینە گرنگانەی لە کوردستان نین

ڤاکسینی دژی ڤایرۆسی پاپیلۆما لە وڵاتانی پێشکەوتوو بووەتە ڕۆتین و لە تەمەنی 11 ساڵییەوە بۆ کچان و کوڕان دەکرێت. ئەو ڤایرۆسە لەڕێگای سێکسەوە دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆی بالووکەی کۆئەندامی زاوزێ. لە ژناندا هۆکاری سەرەکی تووشبوونە بە شێرپەنجەی ملی منداڵدان، بەڵام ئەم ڤاکیسە لە هەرێمی کوردستان نییە.

ڤاکسینی دژی هەوکردنی جگەر لەجۆری A لە کوردستان نییە. ئەم ڤایرۆسە هەرچەندە نابێتە حاڵەتێکی درێژخایەن، بەڵام هەندێکجار هەر لە سەرەتای تووشبوونەوە دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی توندی جگەر، زەردوویی و تەنانەت مردنیش.

ڤاکسینی نیمۆکۆکەس کە زۆر گرنگە بۆ پێشگیری لە تووشبوون بە هەوکردنی مەترسیداری سییەکان، خوێن و مێشک. ئەوانەی بەرگرییان لاوازە، پێویستییەکی زۆریان بەم ڤاکسینە هەیە، وەکو ئەوانەی سپڵیان لابراوە، گورچیلەیان سستە، ڕەبوو یان هەندێک ناتەواویی خڕۆکە سوورەکانی خوێنیان هەیە. ئەم ڤاکسینەش چەند مانگێکە لە کوردستان نەماوە. هەروەها ڤاکسینی دژی دڕکەمێکوتەش لە کوردستان نییە.

پزیشکێکی پسپۆڕ پێیوایە تاوەکو ئێستا وەک پێویست لە کوردستان سوود لە چەندین ڤاکسینی گرنگ وەرنەگیراوە. د.زانیار نووری هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا (بۆرد) لە نەخۆشییەکانی هەناو گوتی "زۆر لە پزیشکەکان وەک پێویست نەخۆش ڕەوانە ناکەن بۆ کوتان دژی ئەنفلۆنزای وەرزی کە بۆ هەندێک چین و توێژی کۆمەڵگە زۆر گرنگە".

ئەو پزیشکە دەڵێت بۆ ئەوەی وەک پێویست سوود لە ڤاکسینەکان وەربگیرێت و بەپێی ڕێنماییە زانستییەکان بدرێن، دەبێت وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی فەرمیی دەربکات بۆ کوتانی کەسانی پێگەیشتوو.

### بۆچی کوتانی پێگەیشتووان پێویستە؟

1 - هەندێک لە پێگەیشتووان لە منداڵیدا نەکوتراون، بۆیە بەرگرییان نییە لەدژی ئەو نەخۆشییانەی ڤاکسینەکە پێشگیرییان لێدەکات. بۆ نموونە کوتانی منداڵان لەدژی هەوکردنی جگەری جۆری B لە کوردستان لە ساڵی 2002 ەوە پەیڕەو دەکرێت.

2 - هەندێک ڤاکسین کە ئێستا هەن، پێشووتر نەبوون و لە منداڵیدا بۆت نەکراون.

3 - لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا، کاریگەریی هەندێ جۆری ڤاکسین بەرەو لاوازی و ئاوابوون دەچێت.

4 - لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا بەرگریی لەش لاواز دەبێت بەرامبەر چەندین نەخۆشیی وەکو ئەنفلۆنزا و هەوکردنی سی، ئەگەر ڤاکسینی دژی ئەو نەخۆشییانە وەرنەگرین.

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (357) دووشەممە 2015/5/4



## پەیوەند گلەیی هەیە

**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند پەیوەند جاف گلەیی لە ڕاگەیاندن هەیە، چونکە گرنگییان بەو کۆنسێرتە خێرخوازیانە نەداوە کە بۆ ئاوارەکانی کۆبانێی کردوون.

پەیوەند بە (ڕووداو)ی گوت "لە دەرەوەی وڵات چەند کۆنسێرتێکی خێرخوازیم بۆ ئاوارەکان سازکرد، ویژدانم ڕێگەی پێنەدام یەک دیناریش بۆ خۆم هەڵبگرم، کەچی بەداخەوە یەک کەناڵی ڕاگەیاندن باسی ئەو کۆنسێرتانەی نەکرد". گوتیشی "بەشێک لە هونەرمەندان تەنیا بۆ ڕیکلامکردن کاری خێرخوازی دەکەن". پەیوەند جاف باسی دوایین کاری هونەریی خۆی کرد و گوتی "کلیپێکی گۆرانیم تەواوکردووە بەناوی بەیان کە 3 گۆرانی هەورامییە و کردم بە یەک گۆرانی. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڵاوی دەکەمەوە".



# کونسوڵ شەیدای دەنگی لانەیە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

کونسوڵخانەی هۆڵەندا لە شاری هەولێر، بۆ ڕۆژی پادشای هۆڵەندا کە هەفتەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، کچە گۆرانیبێژێکی کوردی بانگهێشت کرد بۆئەوەی گۆرانیی کوردی و هۆڵەندی لەو بۆنەیەدا بڵێت.

ڕۆژی مەلیکی هۆڵەندا کە چەندین کەسایەتی سیاسی و کاربەدەستی حکومی بۆ بانگهێشت کرابوو، تاکە گۆرانیبێژێکیش کە لەلایەن کونسوڵخانەوە بۆ ئەو بۆنەیە بانگهێشت کرابوو، لانە زەنگەنە بوو.

لانە زەنگەنە بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ ئەم بۆنەیە کۆنسوڵی هۆڵەندی تەنیا داوەتنامەی بۆ من ناردبوو بۆ ئەوەی گۆرانی بڵێم، منیش چەند گۆرانییەکم بۆ پێشمەرگە گوت، هەروەها گۆرانییەکی هونەرمەندی هۆڵەندی مارکۆ بۆرساتۆم گوتەوە".

سەبارەت بە پرۆژەی تازەشی، لانە گوتی "چەند پرۆژەیەکی هونەریم لەبەردەستە، بەڵام جارێ باسیان ناکەم و دەمەوێ ئامادەکارییەکی باشیان بۆ بکەم".



# گۆرانییەک بۆ نارین عەفرینی

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

هونەرمەند بڵند ئیبراهیم بووە باوکی سێیەم کچ و لە خۆشەویستیشی بۆ نارین عەفرینی ژنە سەرکردەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان لە کۆبانی، کچەکەی ناودەنێت نارین.

سەلمان شێخ مەمی کە هۆنراوەی گۆرانییەکانی بڵند ئیبراهیم دەنووسێ بە (ڕووداو)ی گوت "بڵند ئیبراهیم زۆر کاریگەر بوو بە ئازایەتی نارین، هەر زوو ڕایسپاردم کە هۆنراوەیەکی لەسەر ئەو ژنە بۆ دابنێم بۆ ئەوەی بیکاتە گۆرانی. مانگێک لەمەوبەریش کە کچی سێیەمیان بوو ناویان نا نارین".

بڵند ئیبراهیم کە خەڵکی شنگالە، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی دهۆکە، پێنج ساڵە ژنی هێناوە و باوکی سێ کچە.

بڵند دوای کارەساتەکەی شنگال گۆرانییەکی بۆ شنگال تۆمارکرد، ئێستاش سەرقاڵی تۆمارکردنی دوو گۆرانییە، یەکێکیان بۆ شەهیدان و ئەوەی دیکەشیان لەسەر نارینە.

# لوقمان سەلیم زەرەر دەکات

**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند لوقمان سەلیم گوتی کە ترسی لە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەی هەیە و دڵنیایە ئەگەر بڵاویشی بکاتەوە، خەرجییەکانی ئەلبوومەکەی دەستناکەوێتەوە.

لوقمان سەلیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادەیە بەناوی "بێ تۆیی" کە لە 9 تراک پێکهاتووە، بەڵام ترسی هەیە لەم کاتەدا بڵاوی بکاتەوە. ئەو گوتی "نەک من، هەموو ئەو هونەرمەندانەی ئەلبوومی گۆرانییان هەیە، ترسیان لە بڵاوکردنەوەی هەیە و دەترسێن بەهۆی ئەو شەڕەوە بەرهەمەکەیان نەفرۆشرێت و زەرەرێکی زۆر بکەن".

لوقمان سەلیم ئاشکرای کرد کە ئەلبوومەکەی 15 هەزار دۆلاری تێچووە، بەڵام ڕەنگە بەهۆی ئەم ڕەوشەوە ئەوەندە نەفرۆشرێت و خەرجییەکانی پڕنەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەش دەڵێت "بۆ ڕازیکردنی دڵی هەوادارانم ئامادەم ئەو قوربانییە بدەم و تەحەمولی ئەو زەرەرە بکەم".






# سۆران سەفیر کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو سۆران سەفیر ڕایگەیاند کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوردستانی جێهێشتووە، بەڵام بەم نزیکانە دەگەڕێتەوە.

سۆران سەفیر کە ئێستا لە وڵاتێکی ئەوروپایە، گوتی ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکە بۆ شەهیدان "سەرقاڵی تۆمارکردنی گۆرانییەکم بەناوی (کوڕی شەهیدی کوردستانەکەم) کە خۆم ئاوازم بۆ داناوە و میوزیکژەنی بەتوانای تورکیش موراد سەکەریاڵ کاری تۆمارکردنی بۆ کردووە".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لەبارەی ئەو هونەرمەندەوە هەن بۆ جێهێشتنی کوردستان، سۆران گوتی "من بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کوردستانم جێهێشتووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێمەوە".






# بە خۆبەخشان 18 خەڵاتی بەدەستهێناوە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەرێکی کورد دەڵێت فیلمێکی کە سەرجەم ئەکتەرەکانی خۆبەخش بوون، بەشداری لە 85 فێستیڤاڵدا کردووە و 18 خەڵاتی بردووەتەوە.

کەی بەهار، دەرهێنەری فیلمی "من سامیم" بە (ڕووداو)ی گوت کە فیلمەکەی بەشداری لە 85 فێستیڤاڵی ناوخۆیی و جیهانیدا کردووە و توانیویەتی 18 خەڵاتی جۆراوجۆر بباتەوە. 10 جاریش بە باشترین فیلمی بینەران دەستنیشانکراوە.

ئەم فیلمە لەلایەن کاستێکی کوردی و بەریتانی کاری بۆ کراوە. کەی بەهار گوتی کە ئەم فیلمە هیچ بودجەیەکی بۆ دابین نەکراوە و ستافێکی 60 کەسی کە سەرجەمیان خۆبەخش بوون کاریان بۆ کردووە، هەروەها ستافێکی بەریتانیش بەبێ بەرامبەر هەندێک کاری هونەرییان بۆ کردووە.



# واز لە گۆرانیگوتن دێنێ

**ڕووداو – سلێمانی**

گۆرانیبێژ ئەمیر حەسەن ئاشکرای کرد کە خەریکە بڕیار دەدات بە یەکجاری واز لە گۆرانیگوتن بهێنێت و هەر لەبەرئەوەش ئەلبوومە تازەکەی بڵاوناکاتەوە.

ئەمیر حەسەن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە داخەوە خەڵک ئیتر هونەرمەندی ناوێت، خەڵک وای لێهاتووە بە لەلەلەلە پێدەکەنێ و بەرهەمی ڕەسەن و باشی ناوێت، بۆیە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی واز لە گۆرانیگوتن بهێنم. هەر لەبەرئەوەش ئەلبوومە تازەکەم کە لە 8 تراک پێکهاتووە، بڵاوناکەمەوە".

ئەمیر حەسەن کە خاوەنی شووشتنگەی ئۆتۆمبێلە، لە ڕێی موشتەرییەکانییەوە ڕەوشی هونەر هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێ "ئێستا شوفێرەکان تەنیا گوێ لەو گۆرانیانە دەگرن کە لە گەعدەکان دەگوترێن".



# جابری هەواداری کوردی زۆرە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

مەهلاگا جابری، هەڵگری ناسناوی شاجوانی گەردوون دەڵێت، بەشێکی زۆری هەوادارانم کوردن، کورد و کوردستانم زۆر خۆشدەوێت.

مەهلاگا جابری کە دەڵێت یەکەمجارێتی بۆ میدیایەکی کوردی قسە دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشێکی زۆری هەوادارانم کوردن و خۆشەویستیم بۆیان هەیە، زانیاری باشم لەسەر کوردستان هەیە". گوتیشی "لە ئەمەریکا هەندێ بۆنەی کوردم بینیوە، کەلتووری کورد لە کەلتووری ئێمەی فارس زۆر نزیکە، هاوڕێی کوردیشم هەن".

مەهلاگا جابری گوتیشی کە زۆر بیری ئێران دەکات، بەڵام ڕێگەی گەڕانەوەی نادرێ و بۆی نییە بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

مەهلاگا جابری، خانمە مۆدێل و نمایشکاری بەناوبانگی ئێرانی کە لە ئەمەریکا دەژی، ناوبانگی لە تەواوی جیهاندا بڵاوبووەتەوەو بەهۆی جوانییەکەیەوە ناسناوی شاجوانی گەردوونی پێ بەخشراوە.



## بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هەستی ئاڵۆزبووت دەڕەوێتەوە و هەوڵ بدە لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی چواردەورت بە هێمن ڕەفتار بکە. لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە ئەو هەواڵە خۆشە دەبیستی کە چاوەڕوانی دەکەی. گفتوگۆ لەسەر بابەتە ئاساییەکان درێژمەکەرەوە.

**گا**
دڵگران مەبە بەوەی کەسێک بیروڕات پەسەند ناکات یان بۆچوونێکی دیکەی هەیە، بەهۆی زۆر بیرکردنەوە توانای خۆڕاگریت کەم بووە. ئەم هەفتەیە باش دەبێت بۆ هەوڵی دارایی و ئەنجامی خێرا بەدەستدەهێنن.

**جمک**
هاوڕێکانت ئامادەن هاوکاریت بکەن، بەڵام گومانت لەسەر هەموویان دروستکردووە. ئەستێرەی ڤینۆس ئەم هەفتەیەش لە کەلوەکەتدا دەبێت، خۆشەویستی و توانای سەرنجڕاکێشانت دەداتێ، دەتوانی لە کار و پەیوەندی سۆزداریدا سوودی لێ وەربگریت.

**قرژاڵ**
هۆکاری یەکەمی سەرکەوتن ئەوەیە کە چاوەڕوانی هەراسانت نەکات، بەدڵنیاییەوە دوای خۆڕاگری کاتی ئاسوودەیی دێتە ژیانتەوە. هەوڵ بدە بیرکردنەوەت بۆ بابەتێکی گرنگ تەرخان بکە.

**شێر**
ماوەیەکی باشت لەبەردەستە بۆئەوەی بپەرژێیتە سەر ئەو کارانەی لە ڕابردوودا تەواوت نەکردوون. دیداری هاوڕێیەکی دێرین خەمەکانت دەگۆڕێت بۆ دڵخۆشی، ئەمەش توانات زیاد دەکات بۆ دەربڕینی هەستی پەنگخواردووت.

**گوڵەگەنم**
سەرقاڵی بە کارەکەتەوە ماندووی کردوویت، بەو هۆیەوە ڕەخنە لە هەموو شتێک دەگریت، پشوویەک وەربگرە و خۆت ئاسوودە بکە نەوەک بە ڕەخنەی قورستر وەڵامت بدەنەوە. لە ناوەندی هەفتەدا بڕە پارەیەکت بەدەست دەگات.

**تەرازوو**
ماوەکانی ڕابردوو لەدەست بێکاری بێزاربوویت، ئێستا بەهۆی فراوانبوونی کارەکەت ڕاڕا مەبە لەو بڕیارەی باری داراییت باش دەکات. کەسایەتییەکی خۆشەویستت هەیە و بەردەوام بە لەسەر ئەو کارانەی بەهۆیانەوە ڕێزی خەڵک بەدەستدێنی.

**دووپشک**
ئەو هەواڵە گرنگەی چاوەڕوانی دەکەیت پەیوەستە بەکاتەوە، هەرچەندە خۆت دڵتەنگ بکەیت هیچ سوودی نییە، وا باشە بەو بابەتانە خۆت سەرقاڵ بکەیت کە ئاسوودەت دەکەن و کاتیش بە ئاسانی تێدەپەڕێت.


**کەوان**
بەهۆی بڕوابەخۆبوون تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت. لەم مانگە نوێیەدا دەتوانی کارەکانت پێشبخەیت و کورتە سەفەرێک بکەیت. ڕەنگە پەیوەندییەکی خۆشەویستی بەتەواوی ئاسوودەت بکات و هەنگاوێکی نوێ بنێی.

**کارژۆڵە**
گۆڕانکارییەکانی ئەم مانگە دڵخۆشی زۆری تێدایە بۆ تۆ، گرفتی کارەکەت چارەسەر دەکەیت. بە هەوڵی خۆت ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە خۆشەویستییەکەت چارەسەر دەکەی. لەکاتی پێویستدا هاوکاری بەرامبەرەکەت ڕەتمەکەرەوە.

**سەتڵ**
ڕەنگە گفتوگۆکان هیچ سوودێکیان نەبێت، بەڵام کەمێک دەروونت ئاسوودە دەکەن. لەم مانگە نوێیەدا بەخت یاوەرت دەبێت و ڕێگەیەکی نوێ دەبینیتەوە بۆ ئاسوودەبوون. هەل دەڕەخسێت بۆئەوەی کارەکەت بگۆڕیت یان باشتری بکەیت.

**نەهەنگ**
لەم مانگەدا بەشێوەیەک بەختەوەر دەبیت کە چاوەڕوانی ناکەیت، بێگومان هەندێک شتی بچوک خەمبارت دەکەن، بەڵام ئەو شتانەی ئاسوودەت دەکەن زیاترن، ئەم بەختەوەریە بەشێوەی کارکردن و پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری دەبینرێ.

# (خوێنەری تارمایی) و چەند سەرنجێک



**سەدیق سەعید ڕواندزی**

یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بونیاتی هونەریی دەقی چیرۆک و ڕۆمان، لە پاڵ توخمەکانی دیکەی وەک: کات و شوێن و کارەکتەر و ڕووداو، ڕەگەزی گێڕانەوەیە. تەنانەت کۆی دەقی ڕۆمان، پەیوەستە بە تەکنیکی وەسف و گێڕانەوە. ڕۆمان شیعر نییە تاکو خوێنەر بەتەنها بە دوای وێنەی هونەریدا بگەڕێت. بەڵکو لە ڕۆماندا، پرس و بابەت و پەیامێک هەیە کە دواجار خوێنەر دەگەیەنێتە مانایەک. کەواتە ئێمە لەڕێگەی گێڕانەوەوە، دەچینە نێو دونیای فراوانی ڕۆمانەوە. بڕواناکەم ڕۆمانێک هەبێت گێڕانەوەی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی تێدا نەبێت. ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو گێڕانەوەیەک بە مانای چیرۆک و ڕۆمان دێت. ئەگەر بەو شێوەیە بێت، هەموو گێڕانەوەکانی دەم ئاگردان، دەبنە ڕۆمان. بە پێچەوانەوە، گێڕانەوەش بەبێ هونەرێکی جوانی داڕشتنی ڕستەو دەرخستنی واتا و یەکێتی بابەتیی نێوان وشەکان، سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێ. بەڵکو ئەوە زمانە، گێڕانەوە لە تێکستێکی سادەی خۆڕسکەوە دەکاتە دەقێکی هونەری. مارکیزی گەورە ڕۆماننووسی جیهانی و براوەی نۆبڵی ئەدەبیات، لە دیمانەیەکیدا دەڵێت: سەرچاوەی زۆربەی چیرۆک و ڕۆمانەکانم، گێڕانەوەی داپیرەم بوو. کاتێ بە منداڵی حیکایەت و چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. کەواتە گێڕانەوە، وەک ڕەگەزێکی هونەری لە دەقی ڕۆماندا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە ئەڵقەی گرێدانی خوێنەر بە دەقەکەوە. بەو پێیەی خوێنەر لەڕێی گێڕانەوە دەزانێت ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە باسی چی دەکات. بەشێک لە نووسەرانی ئێمە، نووسینی ڕۆمان بە درێژدادڕی دەزانن. لایان وایە، چەند دەقەکە درێژ بکەنەوە، چەند وردەکاریی زمان، لەڕووی وشە و ڕستە و دەربڕینەوە بەشێوەیەکی سەیر بەکاربێنن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بونیاتی واتای ڕستەکان بکەن، ئەوەندە ڕۆمانەکەیان هونەریتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت. زۆرجار وەک خوێنەرێک ڕۆمانێکم خوێندۆتەوە، چوارسەد لاپەڕە. کەچی کۆی ڕووداوی نێو ڕۆمانەکە ڕەنگە تەنیا بە پەنجا لاپەڕەش ماناو ناوەڕۆکی خۆی بگەیەنێت. کەچی نووسەرەکەی لەڕێی زمانێکی پەخشانئامێزەوە، لەڕێی زمانێک کە درێژدادڕی و چەندین وشەو دەستەواژەی نامۆی تێدایە، ڕۆمانەکەی درێژ کردووەتەوە، هەر تەنیا بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشێ کە ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی نووسیوە. ڕۆمان بەر لە هەموو شتێک، ئەوپەڕی شارەزایی و ئاگابوون و باکگراوندی ڕۆشنبیری و مەعریفی لە هەموو ڕوویەکەوە دەوێت. بۆ ئەوەی ڕۆماننووس نەکەوێتە هەڵەی دەربڕین و واتا و بابەتەوە. سواخدانی زمان، بەوشەی سەیر و سەمەرە، کەس ناکاتە ڕۆماننووس. ڕۆمان بە تەنها زمان نییە، بەڵکو پەیام و ناوەڕۆک و تێگەیشتنیشە. مەرج نییە هەر نووسەرێک لە بوارێکدا نووسی، ئیدی بەخت یاوەری بێت و لە ڕۆماننووسینیشدا سەرکەوتووبێت. بەداخەوە پەتایەکی ڕۆشنبیریی گەورە لەنێو ئێمەدا هەیە کە ئەویش گرێی فرە نووسینە لای بەشێکی زۆری نووسەران. نووسەرێک لە یەک کاتدا حەزدەکات، شیعر، لێکۆڵینەوە، شانۆ، ڕۆمانیش بنووسێت. بەبێ ئەوەی بە خەیاڵیدا بێت، فرە نووسین و فرە شوناسیی ڕۆشنبیری، کەس ناکاتە نووسەرێکی داهێنەر. مەرج نییە ئەوەی زۆری نووسی و هەموو شتێکی نووسی داهێنەر بێت. داهێنان بە کەم و زۆری نییە، بەڵکو بە جواننووسینە. تەنانەت زۆرجار لە میانەی فرە نووسینەوە، نووسەر ناتوانێت لە هەموو ژانرەکاندا، وەکو یەک سەرکەوتوو بێت. مەرج نییە شاعیرێکی داهێنەر، ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو بێت. مەرج نییە، لێکۆڵەرێکی داهێنەر، بە هەمان شێوە شاعیر و ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو بێت. فرەشوناسی لە نووسیندا تواناکانی نووسەر پەرت دەکات. ڕەنگە بتوانێ لەیەک کاتدا، لە چەند بوارێک بنووسێت. بەڵام مەحاڵە لە هەموویاندا وەکو یەک سەرکەوتوو بێت.

(خوێنەری تارمایی) ناونیشانی ڕۆمانێکی (غەمگین بۆڵی)یە کە لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا کەوتە بەر دیدەی خوێنەران. پێشتر کاک غەمگین، شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسیوە، چەند بەرهەمێکیشی چاپ کردووە.

ئەمجارەشیان، ڕەنگە ئارەزووی بێت، ڕۆمانێک بنووسێت. وەلێ، نووسەر نەیتوانیوە ئامانجەکەی بپێکێ. ئەو کتێبە کە ناوی ڕۆمانی بەسەرەوەیە، بە بۆچوونی من وەک خوێنەرێک، ڕۆمان نییە، بەڵکو چەند چیرۆکێکی ئەندێشەیی هەزری نووسەرن کە بە پچڕ پچڕی و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پەیوەندییەکی مانایی و زمانەوانی و بابەتیی ڕستەکان، نووسیویەتی. بەرهەمەکە، لە چەندین بەش پێکهاتووە، ئەگەر یەکێک لەو بەشانە لە دووتوێی ڕۆمانەکە لابەرین، هیچ لە بینای هونەریی ڕۆمانەکە ناگۆڕێت. ئەمە لە کاتێکدا، یەکێک لە خاسیەتە هونەرییەکانی ڕۆمان، بیناکردنە بە یەک ئاراستەدا. ڕۆمان چەشنی باڵەخانەیەکە، ئەگەر خشتێک لە شوێنێک لابەری، هەموو لایەنی ئەندازەیی و جوانکاریی باڵەخانەکە تێکدەچێت. ئەو بەرهەمەی کاک غەمگین، گەرچی باس لە کارەکتەرێک دەکات بە ناوی دڵیار و هاوکات، چەندین کارەکتەری دیکەی وەک: ماریا و خدر پەپوولە و فەرید سمێڵ گەورە و.. هتدی تێدایە، بەڵام گرفتی سەرەکیی ئەو ڕۆمانە، گێڕانەوەیە. نازانم نووسەر دەیەوێت چی بە خوێنەر بڵێت؟ گەنجێک ماڵ جێدەهێڵێت و لە ترسی باوکی دەچێتە شاری سێبەرەکان و ئیدی لە پاڵ ئەو ڕووداوە سەرەکییە، چەندین ڕووداوی دیکەی لاوەکیی سەیر و سەمەرەش لە کتێبەکەدا هەن کە هیچ پەیوەندییەکی بابەتی و ئاماژەییان بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نییە. چونکە هەر بەشەو بە بابەتێک دەستپێدەکات. ئەمە وێڕای ئەوەی نووسەر لە کتێبەکەیدا، بە زمانێک دەنووسێت کە جگە لەوەی لەڕووی داڕشتنی زمانەوانی و پێکهێنەری ڕستە کەموکورتیی زۆری هەیە، هاوکات هیچ جۆرە شیعریەت و ریتمێکی وشە لە ڕۆمانەکەدا نییە. تەنانەت غەمگین لە هەندێ شوێندا، چەند وشەیەکی بەیەکەوە ناوە و کردوویەتیە ڕستە کە ئاسمان و ڕێسمان دوورن لە یەکتری و هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. سواخدانی زمان، بەوشەی سەیر و نامۆ، کەس ناکاتە ڕۆماننووس. هەڵەیەکی گەورەیە پێمان وابێت، بە تێکدانی بونیادی واتایی وشەو ڕستەکان و پەیڕەوکردنی زمانێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی، ئیدی زمانێکی تازەو دەقێکی تازەمان نووسیوە. ناوەڕۆکی هەر دەقێکی ئەدەبی، لە پاڵ چێژ و جوانی، مانایە. ئەگەر دەقێک مانایەک و ناوەڕۆکێکی بابەتی نەبێت، کەواتە نووسین بە هەموو جۆرەکانیەوە، دادەماڵرێت لە ڕەهەندە فیکری و مەعریفیەکەی. خوێنەری تارمایی بە زمانێک نووسراوە کە لە کاتی خوێندنەوەیدا، هیچ وێنەو دەستەواژە و ستاتیکایەکی زمانەوانی نییە خوێنەر ڕابگرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی لە چەندین شوێن هەڵەی چاپ و هەڵەی ڕێنووس و هەڵەی مانا دەبینرێت. لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا، هەستم بە جۆرێک لە پەلەکردنی نووسەر، بە دەقەکەیەوە کرد. ئەگەر نووسەر مەبەستی ئەوە بێت کە ڕۆمانەکە ناوی خوێنەری تارماییە و هەر خوێنەرێکیش ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە، یانی تارماییەک دەخوێنێتەوە، بە بۆچوونی من بە هەڵەدا چووە. چونکە خوێنەر لە خوێندنەوەی هەر دەقێکدا لەپاڵ چێژ و جوانی، بە دوای ماناو بابەتەوەیە. بۆیە ئەگەر تێکستێکی ئەدەبی (چجای ڕۆمان)، لە دەرەوەی بابەت و ناوەڕۆکەوە بێت، ئایا هیچ جیاوازی هەیە لە نێوان قسەی رووت و وڕێنە؟

لە ڕۆماندا، هێڵێکی درامی گێڕانەوە و ئاماژەکردن هەیە. هەر کاتێک ڕۆماننووس لەو هێڵەی لادا، بێگومان جۆرێک لە ونبوونی مانا و بابەت، لە ناوەڕۆکی ڕۆمان، دێتە ئاراوە. دەشێ لە ڕۆمانێکدا، لە پاڵ ڕووداوی سەرەکی، چەندین ڕووداوی لاوەکیش هەبن، بەڵام دەبێ دواجار، یەکێتیەکی بابەتی و مانایی و زمانەوانی لە نێوان ڕووداوەکاندا هەبێت. لە (خوێنەری تارمایی)دا، زۆر بە دەگمەن خوێنەر هەست بە یەکتربەستنەوەی نێوان ڕووداوەکان دەکات. تەنانەت ئەگەر بەشێکیش لە هەر بەشێکی ڕۆمانەکە لابەرین، ئەوا هیچ لە ناوەڕۆکی نووسینەکە کەم و زیاد ناکات. لەو ڕۆمانەدا، خوێنەر بەر چەندین دەستەواژەو دەربڕینی نامۆ دەکەوێت کە هیچ جوانیەکیان بە ڕۆمانەکە نەداوەو بگرە جۆرێک لە ئاڵۆزیشیان لەڕووی واتاوە، دروست کردووە. ڕۆمان چەند زمانێکی هونەری و شیعریانەی هەبێت، ئەوەندە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ. ئەمە وێڕای ئەوەی کە لەڕووی زمانەوانی و ڕێنووسیشەوە، لە زۆر شوێن دەربڕینەکان، بە هەڵە لەڕووی ڕێزمانییەوە کراونەتە ڕستە. هاوکات چەندین هەڵەی چاپیشی هەیە کە هەندێکیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ تێکدانی مانای ڕستەکان هەبووە. لێرەدا ئاماژە بە چەند هەڵەیەک دەکەین:

**یەکەم:** نووسەر لەلاپەڕە (11)ی ڕۆمانەکەیدا، دەڵێت: (لە دوای شەوی هاونوێنییەکە- کە مەبەستی جووتبوونی دایک و باوکی دلیارە- دۆخی باوکم تەواو گۆڕا. لە هەفتەی یەکەمدا، چەندین جار لەگەڵ دایکم بیریان لەوە دەکردەوە لەناوم بەرن!) ئەگەر بەپێی ئەو گێڕانەوەیەی نووسەر بێت، ئەوا ئەو منداڵە، تەنها دوای هەفتەیەک لە جووتبوونی دایک و باوکی دروست بووە. ئەمە ڕێی تێدەچێ؟ ئەمە لە سەرووی ئەفسانە و مەحاڵیشەوە نییە؟ منداڵ لەنێو ڕەحمی دایکی (نەک زگی وەک ئەوەی نووسەر بە درێژایی ڕۆمانەکەی ئەو هەڵەیەی کردووە) بە هەفتەیەک، هیچ شێوەو ئاسەوار و بوونێکی هەیە؟ پاشانیش چۆن تەنها دوای هەفتەیەک لە جووتبوونی نێوان ژن و مێردێک، دەزانن منداڵیان هەیەو کورپشە تا پیلانی کوشتنی دابنێن؟ هیچ ژنێک بەهەفتەیەک هەست بە زگپڕی خۆی دەکات؟. بە داخەوە بەشێک لە نووسەرانی ئێمە، کاتێ چەند وشەو دەربڕینی سەمەرەیان بەکارهێنا، ئیدی وادەزانن جوانکارییان کردووە و زمانێکی تازەیان داهێناوە، دواتریش بە قەولی خۆیان ڕۆمانیان نووسیوە!

**دووەم:** لە لاپەڕە (17)دا نووسیویەتی: (پیاوانی حزب منداڵەکان دەفرێنن و دەیانبەن). بەومانایەی منداڵەکان دەبەن. بەڵام (فڕاندن) جیایە لەگەڵ (ڕفاندن) کە نووسەر تێکەڵی کردوون. فڕاندن بە مانای هەڵفڕان، بەمانای ئازاد کردن. وەک ئەوەی زۆر جار دەڵێین: کۆترەکانم فڕاندن. بەڵام ڕفاندن بەمانای بردنە، بۆیە وشەی دووەم ڕاستترو ماناداراترە.

**سێیەم:** نووسەر لە لاپەڕە (25)دا نووسیویەتی: (لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانی کە دونیا زیاتر ڕەنگی ڕەساسی بوو) بەیانیان زوو، دنیا ڕەنگی خۆڵەمێشییە، نەک ڕەساسی. بەهەمان شێوە لەو لاپەڕەیەدا نووسیویەتی (هێشتا شار لە خەو هەڵنەستابوو) ئەوەی لە خەو هەڵدەستێ، خەڵکە نەک شار. ئایا جوانتر نەبوو، وشەی خەڵکی بدابایە پاڵ شار؟

**چوارەم:** لە لاپەڕە (24)دا نووسیویەتی: (مرۆڤێکی بەدگومان دەستی بە ئاگر بشوات) با لەوە گەڕێین کە هەر کەسێک دەستی بە ئاگر بشوات چی لێدێت، تەنها دەپرسم، ئەم ڕستەیە، هیچ جوانکاری و شیعریەتێکی تێدایە؟

**پێنجەم:** لەلاپەڕە (31)ی ڕۆمانەکە، (دڵی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەیە، واتە دلیار، دەبێتە جلشۆر. کەچی لەلاپەڕە (32)دا، کتوپڕ دڵی هاوڕێکەیەتی بووە بە جلشۆر!

**شەشەم:** لە لاپەڕە (33)دا نووسیویەتی: (ماریای کچی گەورەی پورە مریەم تا ئەو کاتە نەچوبوو بۆ خوێندنگە) کەچی نووسەر تەنها دێڕێک دوای ئەمە، ئەمجارەیان دەڵێت: ( ماریا بە وردی نامەکە دەخوێنێتەوە). ئەگەر نەخوێندەوار بێت و نەچووبێتە قوتابخانە، چۆن بە وردی (نەک بە درشتیش) توانی نامەکە بخوێنێتەوە؟ ئەگەر مەبەستی نووسەر ئەوە بێت کە ماریا تەنها ئەو ڕۆژە نەچووە بۆ قوتابخانە، ئەوا شێوازی داڕشتنەکەی هەڵەیە. دەبوو بنووسێت: کە ئەو ڕۆژە هێشتا نەچووبوو بۆ قوتابخانە.

**هەفتەم:** نووسەر لەلاپەڕە (36)دا نووسیویەتی: (نرخی ئەو بڕی پارەیەی لە سەری ڕێکدەکەوتین) جارێ بڕی نییە، بەڵکو دەبێ بنووسێت (بڕە پارە)، چونکە لەڕووی زمانەوانییەوە ڕاستترە. پاشان پارە، نرخی نییە، بەڵکو بەهای هەیە. نرخی هەر کەلوپەلێک، بە بەهای پارەکەی دیاری دەکرێت.

**هەشتەم:** نووسەر لە لاپەڕە (36)دا نووسیویەتی: (یەک هەفتەی تەواو) کە وتمان هەفتە، ماناکە دەگات. بۆیە هەفتەی تەواو، هەفتەی ناتەواو نییە، ئەگەر مەبەستی نووسەر هەموو هەفتەکە بێت، ئەوا بە تەنها هەفتە بەسە. ئەگەریش مەبەستی چەند ڕۆژێک بێت لە هەفتە، ئەوا دەبێ ئەو چەند ڕۆژە دیاری بکات. بۆنموونە: دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ... تد.

**نۆیەم:** لەلاپەڕە (38)دا نووسیویەتی: ( وەک ئەوەی پاڵ بە قاچکەکانمەوە بنێن). پێدەچێ غەمگین بۆڵی، زۆر پەلەی بێت، ڕۆمانێک بنووسێت و بڵاوبکاتەوە. بۆیە قاچی کردووەتە قاچک کە دوو مانای جیا لە یەکتریان هە یە. دواتریش ئەگەر ئێمە پاڵ بە کەسێکەوە بنێین، ئایا پاڵ بە قاچەکانییەوە دەنێین؟

**دەیەم:** نووسەر لە لاپەڕە (38)دا نووسیویەتی: ( دەبوایە دۆریەکی وەها بکەم) کە مەبەستی درۆیە. بەڵام ئایا دروستە لە ڕۆماندا، خەڵک فێری درۆکردن بکەین؟

**یانزەم:** لەلاپەڕە (48)دا نووسیویەتی: (شەختەی بێدەنگی ئەو گۆمە ئاوەم شکاند). شەختەی ئاو نا، بەڵکو هی بەستوو دەشکێندرێت. بۆیە دەبوو بنووسێت: شەختەی بێدەنگی ئەو گۆمە بەستووەم شکاند، پاشانیش ئایا شەختە دەنگی هەیە؟

**دوانزەم:** لەلاپەڕە (47)دا نووسیویەتی (دووکەسی ناسیاوم بینی ڕووبەڕووم هات) مادام دوو کەسن، دەبێ بنووسێت: (هاتن) نەک هات.

**سیانزەم:** نووسەر لە لاپەڕە (39)ی ڕۆمانەکەیدا دەڵێت: (پێم ڕاگەیاند کە مۆبایلەکەم لە ماڵەوە بەجێهێشتووە) کەچی لەلاپەڕە (46)دا دەڵێت: (چارم ناچاربوو تەلەفۆنم بۆ ژمارەکە کرد) بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت، ئەو تەلەفۆنەی چۆن و لە کوێ دەست کەوت.

**چواردەم:** لەلاپەڕە (47)دا نووسیویەتی: (کۆڵان کەوتە ژاوەژاوە) کە مەبەستی دەنگە دەنگە. بەڵام ئەوەی دەکەوێتە ژاوەژاوە، کۆڵان نییە، بەڵکو دانیشتووانی کۆڵانەکەیە.

**پانزەم:** لەلاپەڕە (42)ی ڕۆمانەکەدا، خدر پەپوولە، کە کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیە، چەند پیاوێکی هەیە و شەوان لە پارکەکاندا، ڕاوی عاشقەکان دەنێن و کوڕ و کچە عاشقەکان دەگرن. واتە کەسێکی ڕێگر و جەردەیە. کەچی هەمان ئەو خدر پەپوولەیە، لەلاپەڕە (49)دا، دەبێتە سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەیەک و گۆشەنووس. من لێرەدا هیچ ناڵێم، با خوێنەران کۆمێنتی خۆیان هەبێت.

**شانزەم:** نووسەر لەلاپەڕە (51)دا نووسیویەتی: (خەریک بوو لەڕقان بە سەریدا بریشێمەوە!) دەپرسین، ئەگەر یەکێک زۆر تووڕەبێت، لە ڕقان دەڕشێتەوە؟

**هەڤدەم:** لەلاپەڕە (51) نووسیویەتی: (کە غەزەب لە قسەکانی فیچقەی دەکرد). ئێمە دەڵێین، غەزەبی لێدەباری، نەک فیچقە.

**هەژدەم:** لە لاپەڕە (52)دا نووسیویەتی: ( ڕێڕەوەی قسەکانیم گۆڕی). قسە ڕێڕەوی نییە تا بیگۆڕین. کورد دەڵێ: باسەکەم لابرد، یا گۆڕیم.

**نۆزدەم:** لەلاپەڕە (67)دا نووسیویەتی: (سێکسی بێ عشق وەک مەرگەیەکی بێ خوێیە). من نازانم، چی (سێکس) و (عشق) و (مەرگە) و (خوێ) کۆدەکاتەوە؟ ئەگەر نووسەر مەبەستی لە خۆشی بەخشین بێت، ئەوا لە سێکسدا، چێژ هەیە و لە خواردندا، تامکردن هەیە. خۆ سێکس مەرگە نییە، تا تام بکرێ.

**بیستەم:** نووسەر لەلاپەڕە (68)دا نووسیویەتی: (مایۆیەکی پەمەیی ناسک و دڵبەری لە پێ دابوو). بۆ جلوبەرگ، تەنکی بەکاردێت نەک ناسکی.

**بیست و یەک:** لەلاپەڕە (74)دا نووسیویەتی: (سورێکی هێندە تۆخ، وەک خوێن سور بوو). کە گوتمان خوێن، ئیدی ئاماژەیە بۆ ڕەنگی سوور. بۆیە وەک خوێن سوور بوو زیادەیە.

**بیست و دوو:** لەلاپەڕە (74)دا نووسیویەتی: (وەک زەردێنەی هێلکە زەردبوو). زەردێنەی هێلکە تەنها زەردە، خۆ ڕەنگی تری نییە، تا وەک جیا کەرەوەیەک لە ڕەنگەکانی تر ئاماژەی پێ بدەین.

**بیست و سێ:** نووسەر لەلاپەڕە (74)دا نووسیویەتی: (ئاخر دەمی خەڵکی کونێک نییە، یەک تۆپە قوڕی لێبدەین). نووسەر دەبێ بزانێت، تۆپە قوڕ لە هەموو کونێک نادرێت. بۆیە ڕاستییەکەی ئەوەیە: خۆ دەمی خەڵکی کونە دیوار نییە تۆپە قوڕێکی لێبدەین.

**بیست و چوار:** لەلاپەڕە (81)دا نووسیویەتی: (ئەقڵ چی ماوە نەیکات) سەیر لەوەدایە هەر خۆشی وەڵامێکی سەیر دەداتەوە و دەڵێت (تەنیا گووکردن!).

**بیست و پێنج:** لەلاپەڕە (81) دا نووسیویەتی (دەنگێکی غەریب لە ناوەوەمدا دەنگی دەدایەوە). دەنگ، ئەو کاتە دەنگدانەوەی دەبێت و دەزرینگێتەوە کە دەرببڕدرێت. بۆیە کە دەنگەکە لە ناوەوە بووە، چۆن دەنگی داوەتەوە؟

**بیست و شەش:** لەلاپەڕە (81)دا نووسیویەتی: (جامێک ئاوی زەردەخەنەم بۆی پڕکرد). جامی زەردەخەنە چ مانایەکی هەیە؟

**بیست و هەفت:** لەلاپەڕە (90)دا نووسیویەتی: ( نووسینەکانم بە تەتەری تراویلکەیەکی زەغەل دەنێرمەوە). ئایا، نەک گەردێک، بگرە گەردیلەیەک جوانی لەو دەربڕینەدا هەیە؟ با لەوەش گەڕێین، دەپرسین: تراویلکە تەتەری هەیە؟ گریمان لەبەر دڵی نووسەر با وای دابنێین کە هەیەتی، ئایا هیچ تەتەرێک هەیە زەغەل و تەوەزەل بێت؟

**بیست و هەشت:** لە لاپەڕە (55) دا نووسیویەتی: ( بە دەنگێکی نزمی پڕ هەڕەشە). جا کە هەڕەشەیە، چۆن دەنگێکی نزمە؟

**بیست و نۆ:** لەلاپەڕە (52)دا نووسیویەتی: (گومانی ئەوە دەکەم دوای چەند ساڵێکی دیکە چەندین پیاوی دیکەی وەک کارەکتەری ڕۆمانی بەدگومان لەم شارە دروست دەبن). مادام کارەکە گومانکردنە، کەواتە مەرج نییە دروست ببن. لەوانەیە دروست ببن و لەوانەشە دروست نەبن، چونکە کاری گومان هیچ یەقینێکی تێدا نییە.

**سی:** لە لاپەڕە (61)دا نووسیویەتی (سێبەری شل). ئەگەر بەو پێوانەیە بێت، دەبێ سێبەری ڕەق و سێبەری گازییش هەبن!

**سی و یەک:** لە لاپەڕە (61)دا نووسیویەتی: ( کڵپە تیژەکان). کڵپەی تیژ لە کوێ بوو؟ ڕەنگە نووسەر مەبەستی (کەڵبەی تیژ بێت).

**سی و دوو:** لەلاپەڕە (70)دا نووسیویەتی: ( زراوی وەک زەنگوڵی بەرانی پێش مێگەل دەهات و دەچوو) ئەگەر یەکێک زراوی بێت و بچێت، چی لێدێت؟ ئایا زراو لە ترسانا دەڕژێت، یان دێ و دەچێ؟

**سی و سێ:** لە لاپەڕە (79)دا نووسیویەتی: ( وەک مریشکێکی لوت بەرز کە لەسەر هێلکەیەکی پیس گڕکەوتووە). ئایا مریشکی لوت بەرز چ جوانییەکی تێدایە لە دەربڕین؟ دواتریش نووسەر هەردوو وشەی (گڕ) و (کڕ) ی تێکەڵ کردووە. گڕ بەمانای بڵێسەی ئاگر. کڕ بەمانای بێدەنگی. مریشک لەسەر هێلکە (کڕ) دەکەوێت، نەک (گڕ).

**سی و چوار:** لەلاپەڕە (75)دا نووسیویەتی: (بارتەقای باڵای ئاسمان) ئایا بارتەقای بەرزیی ئاسمان جوانتر نەبوو؟

**سی و پێنج:** لەلاپەڕە (115)دا نووسیویەتی: ( بیر لە گۆنای مەمکی چەپت دەکەمەوە) نووسەر وشەی گۆنای تێکەڵ بە وشەی (گۆ) کردووە. مەمک گۆی هەیە، نەک گۆنا. گۆ، سەری مەمکە.

**سی و شەش:** لە لاپەڕە (116)دا نووسیویەتی: (گوێچکەی گوێم مژی) کە گوتمان گوێچکە، خۆی ئاماژەیە بۆ گوێ. خۆ گوێچکە لە هیچ شوێنێکی دیکەی لەشی مرۆڤدا نییە.

**سی و هەفت:** لە لاپەڕە (31)دا نووسیویەتی: (لە سەرەوەی سەربانەکەوە). ئایا کە گوتمان سەربانەکە، سەرەوەی دەوێت؟

**سی و هەشت:** لەلاپەڕە (17)دا نووسیویەتی: (جادوباز و سیحرباز) کە هەردووکیان هاوواتان.

**سی نۆ:** لەلاپەڕە (31)دا نووسیویەتی: (سەیری پارچەکانی ئاسمانم دەکرد) ئایا ئاسمان پارچە پارچەیە؟ تا بە جیا سەیری هەر پارچەیەکی بکەین؟

**چل:** لە لاپەڕە (77)دا نووسیویەتی: (کەچەڵەکان زۆربەیان دەوڵەمەند و خاوەن پارەو سامانی زۆرن) کە گوتمان دەوڵەمەند، مانای وانییە خاوەن پارەو سامانن؟ هیچ دەوڵەمەندێک هەیە، بێ پارەو سامان؟ هیچ هەژارێک هەیە، خاوەن سامان و پارە؟

**چل و یەک:** نووسەر بەبڕوای من، چونکە ڕۆمانەکەی بە پەلە نووسیوە، ئیدی کەوتۆتە هەڵەی سەیرەوە. بەڕادەیەک، تەنها لەیەک لاپەڕەدا، دوو بۆچوونی پارادۆکسی وەهای نووسیوە کە سەر لە خوێنەر تێکبدات. بۆ نموونە: لە لاپەڕە (88)دا دەڵێت: (لە شەقامی چاو حیزان چاو دەگێڕم ژنێک بەم ئێوارە درەنگە ڕاوەستاوە، بەردەوام دەبێت تا دواتر شەو سێکس لەگەڵ ژنەکە دەکات بە شێوەیەکی بێ ویژدانانە هەر وەک خۆی نووسیویەتی). کەچی سەیر لەوەدایە، چەند دێڕێکی کەم دوای ئەمە ئەمجارەیان نووسیویەتی: (ژنەکە هێشتا مێردی نەکردبوو!)کە مێردی نەکردووە، چۆن ژن بووە؟ با لەوەش گەڕێین کە ژن دەستەواژەیەکی گشتییە و زۆرجار لە بری ئافرەت بەکاردێت، بەڵام لەوە سەمەرەتر ئەوەیە، دەڵێت: (ژنەکە ئەزموونێکی زۆری سێکسی و جووتبوونی هەبوو!) ئەو ئەزموونەی لە کوێ بوو کە بە قەولی نووسەر هێشتا شووی نەکردووە؟ یاخود چۆن و بە چ شێوەیەک سێکسی لەگەڵ کراوە.

**چل و دوو:** نووسەر دیسانەوە لەلاپەڕە (88) دا کەوتۆتە هەڵەوە: ( ژنێک بەم ئێوارە درەنگە ڕاوەستاوە، گومان دەکەم چاوەڕێی کەسێک بکات. نیو کاتژمێرە ڕاوەستاوە. چاوەڕێی چی؟ دواتریش بەم شەوە درەنگە، چاوەڕێی چی دەکات). ئایا لەنێوان ئێوارەیەکی درەنگ، بۆ شەوێکی درەنگ، زەمەن تەنها نیو کاتژمێرە؟

**چل و سێ:** نووسەر لەلاپەڕە (145)دا نووسیویەتی: ( سەیری ڕوخساری بۆچوونی تازەو بۆچوونەکانیان بەگشتی بکەن) ئایا بۆچوون ڕوخساری هەیە، تا سەیری بکەین؟ مرۆڤ سەیری بۆچوون ناکات، بەڵکو گوێی لێدەگرێت.

**چل و چوار:** نووسەر لەلاپەڕە (10)دا نووسیویەتی: (فەزای هەڵفڕینی هەنگاوەکان) ئایا هەڵگرتنی هەنگاوەکان، لە فڕین جوانتر نەبوو؟

وێڕای ئەمانەش، نووسەر لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەیدا، ڕەچاوی چۆنیەتی نووسینی ڕێنووسی وشەکانی نەکردووە. لە تەنیا لاپەڕەیەکدا، بە دوو شێوە، ڕێنووسی یەک تاکە وشەی نووسیوە. بۆنموونە:

لاپەڕە (53) دێڕی یەکەم (گوتم) دێڕی دووەم (نەگووتم).

لاپەڕە (7) دێڕی سێیەم (دەسبیحێک) دێڕی چوارەم (تەسبیحێک).

لاپەڕە (54) دێڕی دەیەم (ژوان) دێڕی یانزەم (ژووان).

لاپەڕە (61) دێڕی دەیەم (توند) دێڕی یانزەم (توووند).

لاپەڕە (66) کەسی بەرامبەر/ کەسی بەرانبەر.


لاپەڕە (112) دێڕی کۆتایی (سوتان)

لاپەڕە (113) دێڕی هەفتەم (سووتان).

لاپەڕە (67) دێڕی چوارەم (شەونغونی) دێڕی شەشەم (شەوونغونی). ئەمە لە کاتێکدا، وشەکە شەونخونییە.

ئەمانە بەشێک بوون لەو سەرنجانەی لە میانەی خوێندنەوەی ڕۆمانی خوێنەری تارمایی، وەک خوێنەرێکی ئاسایی ئەدەب، نەک نووسەر و ڕەخنەگرێک، کەوتنە بەرچاوم. دڵنیاشم ئەگەر کاتم هەبووایە و زۆرتر لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بام، هەڵەی زیاتریشم دەکەوتنە بەرچاو. بەهیوام، نووسەر لەمەودوا ( ئەگەر نیازی هەبێت هەر ڕۆمان بنووسێت!) وردتر و بە سەلیقەی زیاترەوە بنووسێت.






# ئینتەرنێت وەک کایەیەکی گەرموگوڕ



سەنگەر زراری



ئەو پرسیارەی زۆر دووبارە دەکرێتەوە ئەوەیە: ئایا ئینتەرنێت و ئەو شاشە ساردوسڕەی کۆمپیوتەر، دەتوانن جێ بە کتێب و کاغەزی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لێژ بکەن؟ یان کاغەز هەرگیز بەهای خۆی لەدەست نادات؟ ئەم پرسیارە لە دوای پێشکەوتنی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا هەزاران لاپەڕەی لەسەر پڕکراوەتەوە و گفتوگۆی زۆری لەبارەوە دەکرێت.

ئەوانەی تەمەنێکی زۆری خۆیان بە (نووسینەوە بە دەست) و ڕەشکردنەوەی سەدان کاغەز و نووسینەوە و پاکنووسکردنی زۆربەی بابەت و کتێبەکانیان بەدەست، بردووەتە سەر، تا ئێستاش لەو بڕوایەدان کە کاغەز بەهاکەی لەدەست نادات و تەنانەت هەندێ لە گەنجەکانیش کەوتوونەتە دوای ئەم قسەیە و دووبارەی دەکەنەوە، بەڵام ئایا لە واقیعدا وایە؟

ئینتەرنێت ئەو ئامێرە سیحرییەیە کە نەک لە ڕابردوویەکی دوور، بەڵکو دوو سێ دەیە لەمەوبەر گەر باسکرابا کە بەو شێوە بەرفراوانە پەیوەندییەکان داگیر دەکات و بڵاودەبێتەوە، وەکو خەون و خەیاڵی زانستی دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئێستا (بە تایبەتی ئەگەر تەنها باسی پرۆسەی نووسین بکەین و هەموو لایەنەکانی دیکەی پەیوەست بە ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر فەرامۆش بکەین، یان بۆ کاتێکی دیکەی هەڵبگرین) ئەوا دەبینین زوڵمێکی گەورە دەکەین ئەگەر بڵێین کاغەز هەمان سیحر و چێژی جارانی ماوە، ڕەنگە بۆ ئەو بەتەمەنانەی کە تازە دەستیان لەوە شوشتووە لە جیاتی قەڵەم، پەنجە بە دوگمەکانی کیبۆردەوە بنێن، ڕاست بێ و کاغەز و نووسین بە دەست هەمان سیحری جارانی مابێ، بەڵام بە بۆچوونی من، ئەم قسەیە لە بنەمادا تەنیا نوستالژیا و دەربڕینی وەفا و سۆزێکە بۆ ڕابردوو، نەک شتێکی دیکە. بە تایبەتیش بۆ گەنجەکان کە تەمەنێکی کەمیان بەبێ کۆمپیوتەر بینیوە، یان هەر نەیانبینیوە، تەنانەت هەندێ لەوانەش کە بە تەمەنن، بەڵام چالاکن و زوو زوو بە خۆیان نالێن (پیری و هەزار عەیب!!)، ئەوانیش کەوتوونەتە خۆ و ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر بۆ کارەکانیان بەکاردەهێنن.

ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر، تەنانەت ئەوانەش کە خوێندەوارییەکەیان تەنها لە ئاستی لێکجیاکردنەوەی پیت و وشەکاندایە، ڕۆژانە بە دیار ئینتەرنێتەوە دادەنیشن و تەماشا دەکەن بزانن چی لە دنیا دەگوزەرێ؟! نووسەران و ڕۆژنامەنووسان بێ ئەوەی دەیان لاپەڕە ڕەش بکەنەوە و دواتر پاکنووسی بکەن و چەندان جار لەسەر کاغەزی دیکە بینووسنەوە، بابەتەکانیان بەبێ کاغەز، لەسەر کۆمپیوتەر تایپ دەکەن و بە ئاسانی پێیدا دەچنەوە، هەروەها دەتوانن کتێب و بابەتەکانیان، ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک لە هیچ شوێنێک بە شێوەی کاغەزی، بۆیان بڵاونەکرایەوە، خۆیان بەبێ هیچ سانسۆرێک و زۆر بە خێرایی، دەتوانن بە شێوەی دیجیتاڵی بڵاوی بکەنەوە و بە خوێنەرانی بگەیەنن، لەوەش زیاتر دەتوانن لە ڕێگای ئیمەیڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ڕاوبۆچوونی خوێنەران لەسەر بابەت و بۆچوونەکانیان بزانن و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن، واتا خاڵێکی دیکەی ئیجابی کاردانەوە (فیت باگ)ی خوێنەرانە.

ئەگەر جاران تەنها ڕێژەیەکی کەمی خوێنەر دەستیان بە نووسەرەکان ڕاگەیشتبێ و توانای پرسیارکردن لە نووسەران لەلایەن خوێنەرەوە سنووردار بووبێت، ئەوا ئێستا ئەم کارە زۆر ئاسانە و هەمیشە کارلێک لە نێوان خوێنەر و نووسەراندا هەیە. ئەمەش چێژێکی دیکەیە کە ئینتەرنێت بە خوێنەری دەبەخشێ و لە بوونەوەرێکی پاسیڤەوە، دەیکاتە وەرگرێکی ئەکتیڤ و بەشدار لە گفتوگۆ و نووسینەکان. زۆرجار ئەگەر خوێنەرێکی جددی بابەتێکی خوێندبێتەوە و بە دڵی نەبووبێ، یان تێبینی زۆری لەسەر هەبووبێ و تەنیا ئەوەندەی لە دەست هاتبێ کە لەبەرخۆیەوە ورتە ورت بکات، یان بۆ دوو سێ برادەری دەوروبەری خۆی باس بکات، ئەوا ئێستا هەمان خوێنەر، دەتوانێ ورتە ورتەکانی بە فۆنتێکی ڕوون بۆ نووسەرەکەی بنووسێتەوە و پێی بڵێ: "لێرە بوەستە و ئێمە باوەڕ بەم دێڕە و بەو دێڕەت ناکەین. ئیتر تۆ ناتوانی بەبێ مامەڵە و سەودا، هەموو شتێکمان پێ بفرۆشی".

هەر بەهۆی ئینتەرنێتەوە، خوێنەران و نووسەران و ئەکادیمی و قوتابیان، دەستیان بە گەورەترین کتێبخانەکانی دنیا ڕادەگات و نووسینی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی و پەیداکردنی سەرچاوە زۆر ئاسان بووە، ئەمەش سوودێکی دیکەی گەورەی ئینتەرنێتە بۆ نووسەران و خوێنەران کە ئەگەر لە ڕێگای ئەم شاشە ساردوسڕەوە نەبێ، ئەم هەموو سەرچاوە و کتێبە بەو ئاسانییە دەستناکەون.

ڕاستە خوێنەر وەکو جاران جددی نییە و بابەتی درێژ (بە نموونە ڕۆمان) خوێنەری کەم بووەتەوە و خەڵک تەنیا بابەتە کورت و خێراکان دەخوێنێتەوە، بەڵام دەکرێ ئەمە وەک سروشتێکی ئەم سەردەمە وەربگرین، نەک شین و واوەیلا بۆ ساڵانی ڕابردوو بکەین.

ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە من دژ بە کاغەز، بەرگری لە شاشەی کۆمپیوتەر دەکەم، بەڵکو کاغەز جۆرە چێژێکی هەیە و یەکێکم لەوانەی زۆرترین چێژی لێ دەبینم و تەنانەت زۆر جار بابەتی ماڵپەڕەکان پرێنت دەکەم ئینجا دەیانخوێنمەوە نەک لەسەر ماڵپەڕەکە، بەڵام دەبێ دانیش بەوەدا بنێین کە ئینتەرنێت زۆرترین وەرگر (خوێنەر/بینەر)ی لە خۆی کۆکردووەتەوە و ڕێژەیان زۆر لەوە زیاترە کە بە دیار کاغەزەوە خەو دەیانباتەوە، واتا ئینتەرنێت وەک باس دەکرێت شاشەیەکی ساردوسڕ نییە، بەڵکو شاشەیەکی گەرموگوڕە و خەڵکێکی زۆری بەیەکەوە کۆکردووەتەوە.

بۆ ئازاد سوبحی

# تۆش پیاوێک بوویت مەدهۆش...



ئەنوەری ڕەشی عەولا/ لەندەن

تۆش پیاوێک بوویت کەمدوو، وەکو حیکمەتی ڕۆشنایی
نەرم، وەکو دڵی ئاو
سەنگین، وەکو کەسێتی خاک
خۆشڕوو و دڵاوا، وەکو شنەی دەم بەیان

تۆش پیاوێک بوویت مەدهۆش، لە جنسی غەریبی
بڕۆ، نە هەوا کەڵکی هەڵمژین و
نە خۆر کەڵکی هەڵاتن و
نە خاک کەڵکی پیاسەکردنی وەسوەسەکان و
نە باران کەڵکی بارین و
نە ژین کەڵکی ژیانی پێوە ماوە
تۆش بڕۆ.....وەکو تەلیسمی ئەستێرە ڕێدەرببە بە
نێو دڕکەزی شەوەزەنگدا
بێدەنگ.. بێدەنگ
گۆرانی و ڕازی گوڵەمێخەک بچڕە
لە مێرگێکی مەحزون و دڵتەنگدا
...
هاوڕێ، هێدی.. هێدی، وەکو لەرەی هیجرەتی دڵت
بڕۆ
نەغمەی بارانە ئەغیارەکان، دەبیستین لە تۆدا
جریوەی تیشکە خرۆشاوەکان، دەبیستین لە تۆدا
نوزەی گەڵا وشکەوەبووەکان، دەبیستین لە تۆدا
هەنسکی ئێوارەیەکی لێوڕێژ لە تەنیایی،
دەبیستین لە تۆدا
هۆرەی سەفەرە بە سفت و سۆکانی سەبووری،
دەبیستین لە تۆدا
ژار و ژەنگ و بێچارەیی ژانی کەرکوکیش،
دەژنەوین لە جوگرافیای گیانی تۆدا





گۆران محەممەد

# گەشت و (گوو)زار

لە سۆنگەی دڵسۆزیمەوە بۆ حکومەت، بەرەچاوکردنی گیرفانی بەتاڵییەکەی، پێشنیازیان بۆ دەکەم یەک عانەی قەڵپیش لەو شتە قۆڕەدا سەرف نەکەن کە پێیدەڵێن "گەشتوگوزار"، ئاخر ئەو شوێنەی گوایە دەستەی گەشتوگوزارە، بکرێتە خانەی بەساڵاچووان و کارمەندەکانیشی بە بەڕێوەبەرەوە لە خزمەتی پیرەکانی ئەم وڵاتەدا بن، زۆر لەو کارە بێهوودەیەی ئێستا دەیکەن باشترە.


کام گەشت و کامە گوزار؟ ئاخر سادەترین چوونە سەیران لە کوردستاندا، وەک پەیوەندیکردن بە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشەوە وایە. سەیرانکەر دەبێ وێڕای جلوبەرگی توندوتۆڵ، پێڵاوی بەرگەگر و کێوبڕ، هەروەها بایی ئەوەش نان و ئاوی پێبێت پەکی نەکەوێت، ئێ توخوا ئەمە سەیرانە یان دەرچوونە بە مەفرەزە.

دەستەی گەشتوگوزار شەرم ناکەن لەوەی هەر دەم نا دەمێ باس لە پلانی ستراتیژی بۆ گەشتوگوزار لە کوردستاندا دەکەن، ئەو پلانەی پتر لە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران دەچێ؟ ئاخر کەس نازانێ بە دروستیی مەسەلە چییە و هەموو خەڵکیشی پێوە سەرقاڵە. ئەوە خێرە ئەم پلانە ستراتیژییەتان ئاوا قایم هەڵگرتووە و بەکاری ناخەن؟ ناشێ بترسن پلانەکان بە چاوەوە ببێ؟ ئەوە چ پلانێکە تا ئێستا میزخانەیەکی بۆ گەشتیارێک جێبەجێ نەکردووە؟ خۆ گەشتوگوزار لە کوردستاندا تەنیا سەیران و یاپراخ خواردن و گۆشت برژاندنە، ئەو خەڵکەی بۆ ئەوەش دەچن ئەگەر تەنگاو ببن، ئەوە لە سایەی پلانە ستراتیژییەکەی گەشتوگوزارەوە یان دەبێ بە خۆیاندا بکەن، یانیش لە بن بەردێ خۆیان بەتاڵ بکەنەوە. کابرا لە فەلووجەوە دێت و لە فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەڕوات، دەستە ئەمە بە گەشتیار حیساب دەکات، هیچ دوور نییە هەندێ داعش کە دزەیان بۆ ناو کوردستان کردووە، لە کن دەستەی گەشتوگوزار، گەشتیار حیساب کرابن، ئەگەر نا پێستی روویان هێندە قایم نەدەبوو باسی سەتان هەزار گەشتیار بۆ کوردستان بکەن.

کەسێک، تەنیا یەک کاژێر لە ئەنتاڵیاوە دووربێت، دەبێ بە وریاییەوە باسی پلانی گەشتوگوزار بکات، ئاخر خەڵک بۆ بێنە کوردستان بۆ گەشتوگوزار؟ لەبەر خزمەتگوزارییە زۆر و هەرزانەکانی؟ کەسێک کە بتوانێت بە پارەی دوو شەو مانەوە لە هۆتێلێکی کوردستان، دە رۆژ لە قەراخ دەریا بخوا و بخواتەوە و بنوێ، ئیتر خۆ خوا لێی نەشێواندووە بێتە ئێرە.

یان لەبەر دەریا و رووبارە رازاوە و پڕ خزمەتگوزارییەکان بێن؟ ئاخر لە جێیان خەڵک بەپێی پەتی لە دەم دەریا دەسووڕێنەوە، لە کوردستانیش دوو سێ دەریاچە هەن، ئاسانترین رێگە بۆیان بە تراکتۆرە.

کارمەندانی پێشوازیی هۆتێلەکانی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی گوایە لە ناوچەی گەشتیارین، زۆربەیان دەڵێی لە بری ئەوەی گەشتوگوزاریان خوێندبێت، لە دژە تیرۆر مەشقیان پێکراوە، ئاخر سەرباری مڕومۆچی، پرسیاری وات لێدەکەن گومان لە خۆت بکەی، ئاخر لە کوردستاندا هەموو گەشتیارێک جێی گومانە تا پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ. لەکن هەموو خاوەن هوتێلەکانی کوردستان، هەموو پیاوێ ژنهەڵگر و ژنبازە ئەگەر بە عەقدی زەواج نەیسەلمێنێ وا نییە.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# رێگەی سەربەخۆیی بە شنگالدا تێدەپەڕێ

لە سەروبەندی سەفەری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەمریکا، دووبارە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بووە یەکێک لە مژارەکان. ئەڵبەتە ئەوە شتێکی تازە نییە و بە تایبەتیش کە پێش سێ ساڵ بارزانی دوای گەڕانەوەی لە کۆشکی سپی، هەمان شتی بە شێوازێکی جیا تەرح کرد. ئەگەرچی بیانووەکە لابردنی مالیکی بوو، بەڵام بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەگەر بەغدا درێژە بەو مامەڵەیەی لەگەڵ کوردستان بدات، ئەوا رێگەی دیکە هەیە. ئەوێ رۆژێ شەریک و بڕبڕەی پشت (یەکێتی) پشتی تێکرد و نەیهێشت مالیکی لابچێت. مالیکی رۆیشت و پرسی سەربەخۆیی کوردستان هەر گەرمە.

ئەگەر بەشێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ و لەدەرەوەڕا سەیر بکرێت، ئەوا زەحمەتە کەسێک بتوانێ لە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا، حوکمێکی یەکلاکەرەوە بدات و مەسەلەکە وەکو رەش و سپی ببینێ. لێرەدا ناکرێ شتەکە ئەوەندە سادە بکرێتەوە کە یەکێک ببێ بە زاڵم و ئەوی دیکە مەزڵووم. بۆیە قەت ناکرێ چاوەڕوانیی میللەتیش سەبارەت بە هەڵوێستی دنیا لەوبارەیەوە ئەوەندە بە سانایی وەربگیردرێت. لە سیاسەتدا، رەش و سپی نییە و تەنانەت رەساسیش پەنجا تۆنی هەیە!

بەغدا و هەولێر لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا هەردووکیان تا سەرئێسقان لەیەکتری بە فێڵ بوونە و هەموو هەنگاوەکانیشیان بەرامبەر یەکتری تاکتیکی بوونە و رۆژ بەڕێکردن بووە. بۆیە هەق و ناهەقیش بە ئاسانی بزر بووە. لەلایەک کورد سەدان ساڵە بە دروشم عەودالی سەربەخۆییە و عارەبیش نایەوێ بستێک لەو خاکەی پێی بەخشراوە لێی جیابکرێتەوە. ئەگەر ئەوە هاوکێشەی نێوان هەولێر و بەغدا بێت، ئەدی زیهنیەتی مامەڵەی هەولێر لەگەڵ خۆی چۆنە؟ کورد کە داوای سەربەخۆیی دەکەن، ئایا هەمان مافیش لەناو خۆیان بە پێکهاتەکانی ناوخۆیان رەوا دەبینن؟ یان ئەوەتا خووی بەغدا، تاران، شام و ئانکارایان گرتووە؟

نموونەیەکی ئاسانی ئەو مەسەلەیە کە رەنگدانەوەی زیهنیەتی حیزبە کوردییەکانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سەربەخۆییدا، مژاری پێکهێنانی لیژنەیەکی بیست و یەک کەسییە بۆ ئامادەکردنی دەستوور کە چەند هەفتەی داهاتوو زۆر لەوە زیاتریش باسی دەکرێت. ئەگەر دەستوور دەستووری وڵات بێت و ئەو وڵاتەش بیەوێ بە هەموو پێکهاتەکانی بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاو باوێت، ئەوا کورد، تورکمان، ئەرمەن، کلدانی، ئاشووری، ئێزدی، شەبەک و تەنانەت عەرەبی ناو کوردستان، دەبێ بە رێژەی یەکسان لەو لیژنەیەدا نوێنەریان هەبێ و لیژنە لەسەر ئەساسی حیزبە کوردییەکان و بەرژەوەندیی حیزبییان لە دەستووردا پێکنەهێنرێ. نەتەوە غەیرە کوردەکان، حیسابی حیزبێکی کارتۆنیی کوردییان بۆ ناکرێ و بەو تابلۆیەش دەیانەوێ شەنگال بەشێک بێت لە کوردستان و کەرکووکیش بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە غاردان بێتەوە سەر ئەو هەرێمە حیزبییە کوردییە! ئەوە ئیزدیواجیەتی سیاسەتی ناوخۆیی کوردە لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی، ئەگەر ئەو مافە و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ کورد لە وڵاتی بەناو عێراقدا رەوا بێت، ئەوا دەبێ بزانێ ئەو مافە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکەش دەگرێتەوە. دەستووری حیزبی ناتوانێ ببێ بە گارانتیی مانەوەی کوردستان بە یەکگرتوویی، چونکە ئەگەر پێکهاتەکانی کوردستان بە مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکانەوە نوێنەرایەتییەکی راستەقینەیان لەو بابەتەدا پێ نەکرێت، ئەوا هەم لەلایەک حیزبە کوردییەکانی ناو کوردستان بە کەیفی خۆیان بەکاریان دێنن و، هەمیش بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی وڵاتان و ئەملا و ئەولا.

بۆیە بەرلەوەی کورد بیر لە سەربەخۆیی کوردستان بکەنەوە، لە قۆناغی یەکەمدا زۆر گرنگە بتوانن رەزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەستەبەر بکەن و مافی تاکەکەسی و بەکۆمەڵیان لە دەستووردا جێبکەنەوە. کورد خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات کە پێکهاتەیەک بیەوێ لێی جیابێتەوە یان لەدژی بوەستێتەوە. ئەگەر پێکهاتەکانی کوردستان مامەڵەیەکی تەندروستیان لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا ئەستەمە کوردستان بەو حاڵەیەوە دەربازی قۆناغێکی دیکە بێت.

مەسعود یەڵماز کاتێک لە نەوەدەکاندا سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو، قسەیەکی زۆر مێژوویی هەبوو، دەیگوت: "رێگەی دەربازبوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا بە دیاربەکردا تێدەپەڕێ"... ئەمڕۆش ئێمە لەبەردەم هەمان واقیعداین. رێگەی پەڕینەوە بۆ سەربەخۆیی، چەند پێویستی بە رەزامەندیی سلێمانی و کەرکووک هەبێت، هێندەش پێویستی بە شەنگال و عەنکاوە و تەعجیل هەیە.



عەبدوڵڵا کەسکین

# هەولێر و دیاربەکر لەژێر سێبەری نێچیرڤان و ئۆجەلاندا

ئەربیل (کورد بە هەولێر ناوی دەهێنن) شاری نێچیرڤان بارزانییە. دیاربەکریش (ئێستا پێیدەگوترێ ئامەد) شاری عەبدوڵڵا ئۆجەلانە.

هەندێک شار هەن دوو ناویان هەیە، وەک ئەربیل و دیاربەکر. کورد دەڵێن هەولێر، بەڵام تاوەکو سەردەمی ئەسکەندەری گەورە، ئەربیل (ئەرەبێلا)ی پێدەگوترا. ئەوەی نەڵێت ئامەد کوردایەتییەکەی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، لەکاتێکدا لە کەلتووری نووسراو و زارەکیی کورددا ناوی شارەکە (دیاربەکر)ە.

"ئەو شارەی کە دیاری — بەکرە" لە دڵی هەموو کورددا تەختی داناوە. پایەتەختی دیرۆکیی کوردستانە، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا تاجەکەی لەلایەن هەلێرەوە لێوەرگیرا.

لەهەولێر بە پێش هەر باڵەخانەیەکی جواندا تێپەڕی دەڵێن "ئەوە هی کاک نێچیرڤانە". لە دیاربەکریش لە هەر شوێنێک خانوویەکی خۆش دروستبکرێت، دەڵێن "هی ئۆجەلانە".

لەسەر شەقامێکی نزیک پەرلەمان دەرۆیشتین، شۆفێرەکە گوتی "شەقامی کاک نێچیرڤانە". واتە جگە لەو کەسی دیکە ناتوانێت پێیدا بڕوات؟ نەخێر هەموو کەسێک بەکاریدەهێنێت، بەڵام کە دەچێت بۆ پەرلەمان بەو رێگەیەدا دەڕوات.

لە دیاربەکر لە نزیک سەیرانتەپە بەرەو نێوشار دەڕۆیشتم، لە بەرامبەر فەیلەقی سەربازیدا پارچە زەوییەک هەیە. ئەوەی تەنیشتم بە بێدەنگی گوتی "ئەڤە ئی سەرۆکە"، "کاتێک ئۆجەلان لە تاپۆ فەرمانبەر بووە وەریگرتووە، هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە، کە ئازادکرا دەکرێتە کۆشک".

یەکێکیان کوردی کۆنەو عاشقی شیعری فارسییە بە ئەندازەی ئەزبەری بەسەریدا زاڵە، ئەویتریان وێڵی رێچکەی هزری هاوچەرخە و دوای زەمەنی ونبوو کەوتووە.

یەکێکیان ژیانی تائێستای لەسەر مێزی گفتوگۆ بەسەربرد و لەسەر هیچ مێزێک بەدەستی بەتاڵ هەڵنەستاوە. ئەویتریان بۆ ئەوەی لە سەرێکی مێزەکەدا دانیشێت سەری سپیکرد.

یەکێکیان تەلەڤزیۆنێکی دامەزراند کە جگەی لە خۆی کەس قسەی لێوە نەدەکرد. ئەوی دیکە رێنمایی کرد بۆ دامەزراندنی تەلەڤزیۆنێک، لەو رێگەیەوە جگە لە خۆی هەموو کەس قسە دەکات.

هەردووکیان مەراقیان شارە، یەکێکیان بەر لە 15 ساڵ مۆنگرافێکی دەربارەی شام خوێندووەتەوە، ئەویدیکە هەوڵی دەدا بناغەی فیکری لەسەر سۆمەریی کۆن بنیات بنێت.

هەولێر شارێک نییە پاشان چاوی هەڵهێنابێت و خیانەت لە داوونەریتە کۆنەکانی بکات. لە پاڵ هەر مزگەوتێکدا بناغەی کڵێسایەک هەڵدەکەنرێت. دیاربەکر لە بابەتی رووبەڕووبوونەوەی رابردوویدا بوێرانە هەڵسوکەوتی کرد. کڵێسا کۆنەکانی نۆژەنکردەوە، دەسپێکێکی جوانی هەڵبژارد، هەوڵیدا فرەزمانی جێبەجێ بکات.

ئەربیل پەناگەی سەدان ساڵەی شاڵاوەکانی راپێچکاری و وەدەرنانە. دوورگەیەکی ئارامە بۆ ئەوانەی کە لە سوننەستان و شیعەستاندا خۆیان پێ نەگیرا. هەرچەندە بەسەرزارەکی گۆڕانکارییەک بەدی بکرێت، دیاربەکر شارێکە بە بابەت ئەو ئاراستەیەی کە بەڕووی دەرەوەدا نیشانی دەدات و بۆ ناوخۆ کەمێک دەست نووقاوە.

ئاسمانی ئەربیل کە پێشتر جگە لە فڕۆکە جەنگییەکان فڕۆکەی دیکەی نەدەبینی، ئێستا لە چەندین شاری جیهانەوە فڕۆکەی لێ دەنیشێتەوە. بەڵام دیاربەکر کە خاوەن پۆتانسیالێکی فراوانە، ئێستاش خاوەن فڕۆکەخانەیەکی سەربازییە و رۆژانە دەنگی ئەو فڕۆکە سەربازییانەی کە چەندین جار لێی دەنیشنەوە کەڕو کاست دەکەن.

سی ساڵ لەمەوبەر هەردوو شارەکە هاوشێوەی قەسابخانەیەک بوون، یەکێکیان ئەنفال، ئەویدی تارمایی کودەتای دوانزەی ئەیلول باڵی بەسەردا کێشابوو. یەکێکیان بە مجەمەعەکانی (کۆمەڵگەی نیشتەجێی زۆرەملێ) و ئەویتریان بە بەندیخانەکانی ناسرا. لە جێی یەکێک لە سەربازگەکانی هەولێر، یەکێک لە گەورەترین پارکەکانی جیهان بنیاتنرا، بەندیخانەکانی دیاربەکریش بڕیارە بکرێنە خوێندنگە یان مۆزەخانە، بەڵام ئەوەیان هێشتا روون نییە!

لە ئەربیل چێشتخانەی رۆژهەڵاتی دوور، بازاڕیان گەرمە، لە رێستۆرانتە چینییەکەی نهۆمی 21ی هۆتێلی دیڤان کە خواردنی چینی سووشی دروستدەکات، یەک مێزی بەتاڵ نابینی. دیاربەکر هێشتا بە دیداری سووشی ئاشنا نەبووە، بەڵام ئەو منداڵانەی کە لە ماڵەوە ساوەریش ناخەنە سەر ئاگر، لە رێستۆرانتەکانی چین و ژاپۆن چێشتلێنەرن.

"شاری قەڵاو منارە" ئەربیل وەک دوبەی لێدێت و دەبێتە شارێکی میکانیکی، بە کۆنکرێتبوونی دیاربەکریش قەدپاڵی شاخی کرکلەری نزیک شارەکەی تەنیوە.

یەکێکیان لە دیدی توێژی مامناوەند و ئەویتریان لەلای ژنان پەسەندە. ئەمیان سەدان ملیۆنێری پێگەیاند. ئەویان سەرەتا کۆمەڵە و سوپای ژنان، دواتر پارتی ژنانی دامەزراند و بە سەرۆکی فەخری هەڵبژێردرا.

لە هەولێر زۆرتر گوێت لە دەستەواژەکانی (بودجە و مووچە) دەبێت. ئەو باڵاخانانەی کە زۆرتر بەرچاو دەکەون بریتین لە مۆڵەکان، شارەکانی نیشتەجێبوون، باڵەخانە بەرزەکان و رێستۆرانتەکان. لە دیاربەکر سەرەڕای باڵەخانەکان، جگەرچییەکان بە رادەیەکی بەرچاو لە پێشەوەن.

لەکاتێکدا لە کوردستان شەڕی مان و نەمان بەردەوامە و سەرۆکەکەی لەم سەنگەرەوە بۆ ئەو سەنگەر دەڕوات، وەک بڵێی هەولێر سەر بە هەسارەیەکی دیکە بێت، کاریگەرییەکانی شەڕ زۆر هەستی پێناکرێت. لە دیاربەکر سەرەڕای ئەوەی لە بەرامبەر هەر وشەیەک سزات بەسەردا دەبڕدرێت و لە عینادیی تابلۆکانی: "ئەی هاووڵاتی بە تورکی قسە بکە" کە لە هەموو سووچێکدا هەڵواسراوە، دەستبەرداری زمانی کوردی نەبوون، بەڵام ئەو سەرۆکەی کە بە دەنگی زۆرینە هەڵبژێردرا، ناتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات.

لە مێژووی هەردوو شارەکەدا زمانی کوردی بەو ئاستەی ئێستا زۆر سەروەر نەبوو، لە هەولێر کوردی زمانی فەرمییە، بەڵام ئەگەر وابڕوا ئینگلیزی جێ بە کوردی لێژ دەکات.



عەبدوڵڵا رێشاوی

# عەرەبیش لەسەر هێڵن

ئێستا لەناو رای گشتیی عەرەبی عێراقدا بە شیعە و سوننەوە، دابەشبوونی عێراق ئەو حەرامە گەورەیە نییە کە نەوێرێ باسی بکات، بەپێچەوانەی جارانەوە.

ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە عێراقیەکاندا قسەوباسی گەرم و لۆژیکی هەیە لەسەر جیابوونەوەی بەشە ناکۆکەکانی عێراق لەیەکدی، وەک رێگایەکی گونجاو بۆ کۆتاییهێنان بە خوێنڕێژی لە عێراقدا.

لە سەرەتاوە تاکە پێکهاتەیەک کە خوازیاری جیابوونەوە بوو تەنیا کورد بوو، بەڵام ئێستا لەناو عەرەبی سوننە و شیعەی عێراقیشدا جیابوونەوە وەک بژارەیەکی عاقڵانە تەماشا دەکرێ.

بێگومان پاڵنەری نەتەوەیی هۆکاری پشت خواستی جیابوونەوەیە لای کورد، بەڵام ئاخۆ چی وای لە عەرەبی سوننە و شیعە کردووە جیابوونەوە لە حەرامێکی نیشتمانییەوە بگۆڕن بۆ بژارەیەکی سیاسی و نیشتمانی؟ بۆ ئەمە دوو هۆکاری سەرەکی هەن:

1 - شکستی شیعە لە دروستکردنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی راستەقینە کە شیعە و سوننەی عێراق لەخۆبگرێت، دەستپێکی سەرهەڵدانی ئەو خەیاڵەیە لای عەرەبی سوننە کە پێویستە بیر لە جیابوونەوە بکەنەوە.

کاردانەوەی توندی سوننەکان و دواجار هاتنی داعشیش بۆ ناو گۆڕەپانی ململانێکانی عێراق، سەرەتای چەکەرەکردنی قەناعەتی دابەشبوونی عێراقە لەلای شیعەکان.

سوننەیەک کە گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی چیدی توانای مانەوەی نییە لە بەغدادەکەی رەشید، ئیدی چۆن بیر لە جیابوونەوە لە عێراق ناکاتەوە؟ ئیدی عێراق بۆ ئەو عێراقەکەی جاران نییە، بۆیە هەندێک لە سوننەکان پێیانوایە عێراق لە واقیعدا دابەش بووە.

زۆر لە شیعەکان بێتاقەت بوون لە شەڕکردن لە ناوچە سوننییەکان و پێیانوایە خوێنی گەنجەکانیان بەفیڕۆ لە ناوچەیەکدا دەڕژێت کە ناوچەی ئەوان نییە.

ئەو باجەی شیعەکانی عێراق لە شەڕی داعشدا لە ناوچە سوننیەکان دەیدەن بە خوێن و گیان، کەم نییە و دەگوترێ گۆڕستانەکانی کەربەلا و نەجەف بە ئەندازەی شارەکان گەورە بوون.

هاتنی داعش دابەشکردنی عێراقی کردە دیفاکتۆ، رای گشتیی سوننە و شیعەی عێراقیش ئەو دیفاکتۆیە بەچاوی خۆیان دەبینن و چیدی ناتوانن بەخەیاڵدانی نیشتمانی یەکپارچەی عێراقی بیربکەنەوە.

زانایەکی ئایینیی شیعە (ئوسامە ئەلئەسەدی) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک دەپرسێت "هیچ عێراقیەکی شەریف هەیە دابەشبوونی عێراقی پێ باش بێت؟" ئەو کۆمێنتانەی بۆ ئەو پرسیارە رۆیشتوون پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئەو بوون بە سەدو هەشتا پلە.

هەندێک کە دیاربوو سوننە بوون، بۆیان نووسیبوو "بەڵێ، چونکە لە سایەی حوکمی ئێوەدا دابەشبوونی عێراق بووە بە دیفاکتۆ، ئێوە هیچ بژارەیەکتان بۆ پێکەوە ژیان نەهێشتەوە".

هەندێکی دیکەش کە دیاربوو شیعە بوون، نووسیبوویان "یا شێخ تاکەی لە پێناوی یەکێتیی خاکی عێراقدا ئەم هەموو خوێنە بڕژێن؟ گەنجەکانمان لە نەجەف و کەربەلا و بەسرەوە دەڕۆن لە تکریت و بێجی و سەلاحەدین و مووسڵ گیان دەسپێرن".

2- یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی قەناعەتی دابەشکردنی لەلای شیعە و سوننەی عێراق دروستکردووە، بوونی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێشچوونیەتی بەتایبەتی لەلایەنی ئاسایش و ژیانەوە.

شیعە و سوننەی عێراق وەک دەوڵەت تەماشای هەرێمی کوردستان دەکەن، ئیرەیی بەو بارودۆخە سەقامگیرە دەبەن کە لە هەرێمی کوردستان دروستبووە و خوازیاری سەقامگیری و ئاسایشێکی لەو شێوەیەن.

عەرەبی عێراق بە سیاسی و خەڵکی ئاساییەوە باوەڕی تەواویان بەوە هەیە کە چیدی باکووری وڵاتەکەیان نابێتەوە بە باکوورە خۆشەویستەکەی جاران.

ئەوان ناتوانن وێنای ئەوە بکەن کە جارێکی دی ئەم رووبەرە گەورەیەی وڵات لەلایەن بەغداوە بەڕێوە ببرێتەوە، دەزانن ئەو عەیامە گوزەشت.

عەرەبی شیعە و سوننەی عێراق بێ هیوا بوون لە نەخشە کۆنەکەی عێراق، بۆیە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی نوێ ئامادەن و هاتوونەتە سەر هێڵ.

عەلی حوسێن کەریمی

# ئازاری شوناس و تراژیدیای مێژوو

ئێوارەیەکی سارد بوو، بایە بەهێزەکەی شاری گلاسگۆ لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئێوارە بەهێزتر دەبوو. منیش بەخەیاڵی تێپەڕکردنی چەند کاتژمێری تر بووم لە کارەکەم، بۆ ئەوەی ئەو رۆژەی کارکردنم بەکۆتا بهێنم.

لە ئەمسفێیەکی هێمندا کە سەرقاڵی بەڕێکردنی کڕیارەکان بووین، یەکێکیان پرسیاری ئەوەی لێکردم کە خەڵکی چ وڵاتێکم؟ منیش گوتم کوردم. کەچی هەر نەیدەزانی کورد چییە.

منیش لەکاتی روونکردنەوەکەمدا سەبارەت بە کورد و مێژووەکەی، باسی دابەشبوونی نیشتمانی کوردم بۆ کرد کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێوەیەکی سیستەماتیک و پلان بۆ داڕێژراو دەستپێدەکات. کاتێک هاتمە سەر کاریگەریی بەهێزی بەریتانیا لەدابەشکردنی کوردستان، بەشێوەیەکی دیار نیگەرانیی ئەوەم لە چاوەکانیدا بینی کە بە نێگەتیڤ باسی کاریگەرییەکانی بەریتانیام لە خاکی کوردانداا کرد. بەڵام خۆشی ئاگاداری ئەوە نەبوو کە سکۆتلەنداکەی ئەویش لە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکارانەی ئینگلیزەکان رووبەڕووی قڕکردنێکی بەهێز بوونەتەوە.

منیش ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە وڵاتەکەی تۆش رووبەڕووی داگیرکاریی ئینگلیز بووەتەوە، ئەو گوتی بەڵێ، بەڵام ئەوە زۆر لەمێژە.

منیش گوتم :بەڵێ ئەوە زۆر لە مێژە، بەڵام شایەنی لەبیرکردن نییە. رژانی خوێنی هاونیشتمانیەکانت بەرامبەر هێرشی داگیرکاری کارێکی مەزنە لە مێژوودا بەبەرزی تۆمار دەکرێت.

بەڵام وا دیار بوو کاکی سکۆتی ئەوەندەی دەیەویست شانازی بە بەریتانیبوونی خۆیەوە بکات، ئەوەندە بیری لە سکۆتیبوونی خۆی نەکردبووەوە.

بەڵام ئەمە لە ئەنجامی سیاسەتی قڕکردنی هەرێمەکان بوو لە لایەن حکومەتی ناوەندیی لەندەنەوە.

دوای سەد ساڵ لە دابەشکردنی خاکی کورد، ئێمە نەوە دوای نەوە ئازار دەچێژین، بەڵام ئەوەی کە پێویستە لەبیر نەکرێت، قڕکردن و سووتاندن و کیمیاباران و وێرانکردنی گوند و شارەکانمانە کە تەنها کوردبوون هۆکاری ئەم هەموو کارەساتە بوو.

لە بیرمە یەکەم رۆژی چوونم بۆ کۆلێژ لە بەریتانیا، مامۆستاکەم بە قوتابییە هاوپۆلەکانمی گوت ئەمە ئێرانییە. کە دواتر پرسیاریان لە خۆم کرد، گوتم کوردم.

بەڵام ئەو کاتەی وەک ئێرانی ناسێنرام، ئازارێک رایچڵەکاندم کە هەرگیز وەسف ناکرێت. تەنانەت پرسیاری ئەوەش بەخەیاڵمدا هات کە بۆچی دەستبەرداری کۆلێژ نەبم. واتە بەهاداریەت و نرخی خەونەکان کاڵ بوونەوە.

دوای چەند رۆژێک لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانم لە کوردستان بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد. دەمویست ئەوەی بۆ روونبکەمەوە کە ئازاری شێواندنی شوناس و ناسنامە و بێ دەوڵەتی زۆر ئازاربەخشە. کەچی هاوڕێکەم دەڵێ تۆ باسی فیکری پەکەکە دەکەی.

دواتر لەوە تێگەیشتم کە ئێمەش لە سەرەتای رۆچووندانین بەرەو قەیرانێکی گەورە.

هەمان ئەو هاوڕێیەم، چەند رۆژێک پێش ئێستا قسەم لەگەڵ کردەوە، باسی شەڕی داعش و کاریگەرییەکانی ئەو رووداوانەی لەسەر کۆمەڵگای کوردی کرد. گوتی نەبوونی دەوڵەت بۆ کورد کارەساتی لەم شێوەیە بەرهەم دێنێ. خاکەکەت دەکاتە شوێنی هێزە تیرۆریستەکان. پاشان گوتی بوونی دەوڵەت وات لێدەکات کە لەسەر ئاستی جیهان مامەڵەیەکی دیکەت لەگەڵ بکرێت وەک ئەوەی ئێستا لەگەڵ کورد دەکرێت.

منیش ئەو کاتەم بیرکەوتەوە کە ماوەیەکی زۆر بەر لەم رووداوانە دەمویست ئەوە بۆ هاوڕێکەم روونبکەمەوە کە بێ دەوڵەتی و ئازاری شوناس تراژیدیای ژیان بەرهەم دەهێنێت، دەمویست پێی بڵێم داڕنینت لە بنەچە و بەبەرداکردنی شوناسێکی دیکە زۆر ئازاربەخشە.

گەر ئەمڕۆ بۆ سکۆتیەک بەریتانیبوون شانازی بێت کە لە کاتێکدا زمان و کەلتووری خۆیان زیاتر لە سەدا نەوەت دۆڕاندووە، ئەوا بۆ کورد گەر سەد لە سەدی کەلتوور و زمانی خۆیان لەدەستبدەن، ئەوا هەر نابێتە ئەو رەحمەتەی کە هیوای بۆ دەخوازن.

بۆیە ئاگاداربوون لە مێژووی وڵاتەکەت و رۆچوون بەناخی رووداوەکاندا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە رابردووی نیشتیمانمان چۆن بووە.

ئەوەی لە ئەنجامی جیانەبوونەوەی سکۆتلەند هۆکار بوو، هۆکاری بێ ئیرادەکردنی خەڵکەکە بوو لەلایەن بەریتانیای کاپیتالیستەوە.

من زۆر لەوە دەترسێم رۆژێک بێت نەوەکانی ئێمەش ئاوا بێ ئیرادە بکرێن. بە دەنگدانی خۆیان بڕیاری مانەوە بدەن لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەر. پێوستە نەوەکانمان لەوە تێبگەن کە سەرەتای رێگاکان لە کوێوە دەستپێکردووە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



سوهێر قەیسی

#RanjiShahidan

# پشتیوانییەک بۆ خانەوادەی شەهیدان

دەڵێن فریشتەکان لەپاش رۆیشتنی یەک لەدوای یەکی پێغەمبەران ئیدی ئاسەوارێکیان لەسەر زەوی نەما، بەڵام من هەندێ جار لەژیانی خۆمدا فریشتەی لەجۆری دیکەم بینیون، یان لەبارەیانەوە شتم بیستووە.. زۆر شتم لەبارەی ئەو پیاوانە بیستووە کە خوداحافیزی لە کەسوکاریان دەکەن و پشت لە منداڵەکانیان و پارچەی جگەریان دەکەن بۆئەوەی رووبکەنە گۆڕەپانی شەڕ و بەرەورووی تیرۆریزم ببنەوە. ئەو پیاوانەی سنگی خۆیان دەکەنە قەڵغان بۆئەوەی نەهێڵن گوللەی رێکخراوێکی دزێو بگاتە خاکی نیشتمانیان.. هەندێ لەوانە کە دوایین جار لەماڵ دەرچوون بەرەو گۆڕەپانی شەڕ، وێنەیەکی منداڵە بچووکەکەیان لەگیرفانیان ناوە.. هەندێکیشیان دوعایەک کە دایکیان لەگیرفانی چاکێتە عەسکەرییەکەی ناون. ئا بەمجۆرە رۆحی خۆیان خستووەتە سەر دەستیان و یادگارییەکانیان لەنێو دڵی خۆیان حەشارداوە و وەک جەنگاوەر رۆیشتوون.

فەلسەفەی خۆبەقوربانیکردن خوێنەری ئازیز برێکی یەکجار زۆر بەخشندەیی تێدایە. تۆ لەوە بەخشندەتر نابینیتەوە کە قوربانی بەگیانی خۆی دەدا لەپێناوی بیروباوەڕ و نیشتمانەکەی.. لە شەهید بەخشندەتر نادۆزینەوە، هەربۆیە ناتوانین بە هەرچی مەدح و سەنا هەیە پاداشتی بکەین، بەڵام دەتوانین دڵنەوایی خێزانەکەی بکەین و دڵنیا بکەینەوە و فرمێسکی منداڵەکانی بسڕین، ئەمە لانیکەمی ئەوەیە کە لەدەستمان دێت.

تۆڕی میدیایی رووداو چەند رۆژێ لەمەوبەر دەستی بە کەمپینێکی گەورە کرد بۆ دەستگیرۆیی خێزانی ئەو پێشمەرگە شەهیدانەی گیانی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوەی داعشی مەلعوندا بەخشی. توێژێکی گەورەی خاوەن کارو سەرمایە و کەسایەتییە گرنگەکان بەپیر ئەم کەمپینەوە هاتن کە ئەمە بۆ من هەواڵێکی زۆر خۆش بوو.

بەڵام هێندەی ئەو دڵخۆشیەم ئازاریشم چەشت لەوەی لە سەرانسەری عێراق بەگشتی کەمپینێکی ئاوا بۆ هاوکاریکردنی خێزانی شەهیدان نابینی.. خۆ شەهیدانی ئەوانیش زۆر زۆرن، تەنیا سوپای عێراق نییە کە شەهیدی بەخشیوە، کوڕانی هۆزەکان و ئەوانەی بە ناحەق کوژران، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵکوژییەکەی سپایکەر روویدا، هەریەک بەشێوازی خۆیان بەرەورووی تیرۆر بوونەتەوە.

من لێرەدا دەپرسم: کێ ئەو ئاگری ناسۆرە خامۆش دەکا کە لەدڵی دایکی شەهیدێکدا هەڵبووە؟ چی بەسەر ئەو خێزانە دێ پاش ئەوەی تاکە بەخێوکەریان لەپێناوی وڵات دەبەخشن؟

پرسیارەکەم بۆ هەموو ئەوانەیە کە دەتوانن یارمەتیەک پێشکەش بکەن و نایکەن.

ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نییە؟



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# فەتحکردنەوەی ئامەد

پاش مانگێکی دیکە باکووری کوردستان بەشداری لە هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازدا دەکات. لەوەدا چارەنووسساز کە دەبێ روونی بکاتەوە پشتیوانی لە بەردەوامیی سیاسەتەکانی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار دەکات یان بەپێچەوانەوە دەبێت. لێرە لە ئامەد پێشبینییەکان لە بەرژەوەندیی بژارەی دووەمدان.

چەند رۆژێکە هاتوومەتە ئامەد. هێشتا ئاگردانی پڕوپاگەندەی ئەو لایەنانەی بەشداری لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی سەرەتای مانگی داهاتوودا دەکەن گەرم نەبووە. هەریەکە لە پارتی دیموکراسیی گەلان (هادەپ) و پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) شەڕی بەرزکردنەوەی ئاڵای سەرکەوتن لەسەر قەڵای ئامەد دەکەن. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەو هەڵبژاردنانە لە سەروبەندی یادکردنەوەی "فەتح"کردنی ئامەد لەلایەن موسڵمانانەوە لە مێژوویەکی کۆندا بەڕێوەدەچن. شار پڕە لە پۆستەری گەورە کە دیمەنی شمشێر بەدەست و ئەسپسوارانی سەردەمی زوویان لەسەرە و قورئانێکیان بەدەستەوەیە، لەسەریشیان نووسراوە "فەتحا ئامەدێ". ئەمە بۆیە سەیرە چونکە لە چەند رۆژی رابردوودا ئەردۆغانیش هاتە ئێرە و قسەی بۆ خەڵک کرد. لەکاتی قسەکردنیدا قورئانێکی بەدەستەوەبوو و باسی ئەوەی کرد کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەواندا قورئان کراوەتە کوردی. لە ئامەد کوردبوون تامی خۆی هەیە. جاران لێرە بەتورکی قسەکردن ئاساییترین شت بوو، ئێستا کە یەکێک بە تورکی قسە دەکات، مافی ئەوەت هەیە لێی تووڕە بیت و بڵێیت: "تۆ کرمانجی نازانی وا بەتورکی قسە دەکەی؟" کەسی بەرامبەریشت سووردەبێتەوە و یەکسەر دێتەوە سەر راستەڕێی بەکوردی قسەکردن. لە باشووری کوردستان کاتێک گۆرانییەک یان سروودێکی شۆڕشگێڕی لێدەدرێت، هەندێک گەنج بێزار دەبن. لێرە بەپێچەوانەیە، بۆ سروودێکی وەکو "سەرهلدان ژیانە" چاوەڕێ بکە دووسەد گەنج لەسەر شەقام رەشبەڵەک بکەن و هەلهەلە لێبدەن.

لەنێو بازاڕی ئامەد لایەنگرانی هادەپ و ئاکەپە بڵندگۆیان لەسەر ئۆتۆمبێلەکانیان داناوە و هەریەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنن. ئاکەپەلییەکان سروودی پێداهەڵگوتن بە ئەردۆغان دەڵێن، هادەپلییەکانیش بە دەنگی بڵندتر "رێبەر ئاپۆ، سەرۆک ئاپۆ.. ئاپۆ.. ئاپۆ.. ئاپێ مە" دەڵێنەوە. ئەو دوو پیاوەی ئێستا سیمبۆلی بەڕێوەبردنی پرۆسەی ئاشتین لە باکووری کوردستان، بەبێ شیر و تیر لەیەکسوون ناویان لەسەر شەقامەکانی ئامەد دەهێندرێت.

لەو چەند رۆژەدا لەگەڵ زۆر کەس لە هەردوولا قسەم کردووە. لایەنگرانی هادەپ بەوە دڵخۆشن کە کاندیدەکانی ئاکەپە لە ئامەد لاوازن. ئەوان بەگاڵتەوە دەڵێن: "خۆشمان بۆمان داناباان هەر ئەو کاندیدانەمان دادەنان کە دایانناون!" لایەنگرانی ئاکەپەش دەڵێن: "چیدیکە ناهێڵین پرۆژەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لەلایەن بەرپرسانی سەر بە هادەپ لە ئامەد گەندەڵییان تێدا بکرێت". ئەوان دەڵێن "ئەگەر هادەپ راستدەکات و نوێنەری شۆڕشێکە لە شارە کوردییەکانی تورکیا، بۆچی بەرپرسانیان لە گرانبەهاترین و خۆشترین ناوچەکانی ئامەد دەژین؟".

وەک گوتم هێشتا ئاگردانەکە داغ نەبووە، بەڵام خەڵکی ئامەد بەگشتی گلەییان لە بێبەڵێنییەکانی ئاکەپە هەیە. دەشزانن ئەو رەخنانەی لەبارەی گەندەڵییەوە لە بەرپرسانی هادەپ دەگیرێن راستن، بەڵام وەکو باشووری کوردستانی ساڵانی سەرەتای دوای راپەڕین دەڵێن: "ئەزموونێکی ساوا هەیە و دەبێ جارێ ئەوە بپارێزین". بۆیە دەبێ تا مانگی داهاتوو چاوەڕێ بین و بزانین "برایان"ی ئەردۆغان لەسەر قەڵای ئامەد بانگی "فەتحکردن" دەدەن یان "هەڤاڵان"ی ئۆجەلان لەسەر هەمان قەڵا سروودی "سەرهلدان ژیانە" دەڵێنەوە و هەلهەلە لێدەدەن.



دانا نەوزەر

# حەلی نییە یان بەدیل؟

ئێستا وا باوە ئەگەر کەسێک لە شتێکدا زۆر باش بێ، دەڵێن "بەخوا فلان کەس حەلی نییە". بۆ نموونە ئەگەر قسەی زۆر خۆش بێ یان زۆر قۆز بێ، پێی دەڵێن حەلت نییە. هەندێکیش بزوێنەکە قوت دەدەن و دەڵێن: حلت نییە. بەڵام ئەم دەستەواژەیە هێشتا لەسەر جادەکانە و نەهاتووەتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە. لەجێی ئەوە دەستەواژەیەکی دیکە بەکاردەهێنرێت کە بریتییە لە "بەدیلی نییە".

لەڕاستیدا حەل و بەدیل دوو شتی جیاوازن. کەسێک دەکرێت حەلی نەبێت، بەڵام بەدیلی هەبێت. پێچەوانەکەشی راستە. بۆ نموونە، مێسی حەلی نییە، بەڵام بەدیلی هەیە. مێسی کە هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەیە، کلیلی بەشێکی زۆری سەرکەوتنەکانی ئەو یانەیەیە، بەڵام بەرشلۆنە بەبێ مێسیش هەر یەکێک دەبێت لە یانە پاڵەوانەکانی ئیسپانیا و ئەوروپا. بەهەمان شێوەش، ئەستێرەی مێسی لە بەرشلۆنە درەوشاوەتەوە، بەڵام لە هەر یانەیەکی دیکەش بێت دەتوانێت ئاستی نایابی خۆی پێشکەش بکات و زۆرن ئەوانەی تامەزرۆی ئەوەن مێسی لە ریزەکانیاندا ببینن. دواجار ئەوەی وایکردووە مێسی لە بەرشلۆنە بێ گرێبەستێکە. ئەم گرێبەستە تا ئەوکاتەی مێسی ئاسوودە بێ و یانەکەش لە توانا و ئەدای ئەو رازی بێ، بەردەوام دەبێ.

دوو لاپەڕەی دیکەش باسی مێسی و بەرشلۆنە بکەم خوێنەر دەزانێت کە ئەسڵی مەتڵەب چییە. باس باسی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئارگیومێنتەکانی بێ بەدیلیی سەرۆک بارزانییە. بەڵام لەڕاستیدا ئەو پێشەکیە پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بنووسم.

وەک هەموو بابەتەکانی دیکە، کورد خاوەنی هەزار و یەک بۆچوونە لەسەر بابەتی بێ حەلی و بێ بەدیلیی بارزانی. لایەنگرانی ئەو کە زۆرینەیان پارتیەکانن، ئەو بەبێ حەل و بێ بەدیل دەزانن. هەرگیز نایانەوێ بیر لە ئەگەری ئەوەش بکەنەوە کە جگە لە بارزانی کەسێکی دیکە سەرۆک بێت. ئەوان لەمەدا زۆر جیاواز نین لە حیزبەکانی دیکە. حیزبەکانی تریش کەم تا زۆر سەرۆک و کەسە یەکەمەکانیان بەبێ بەدیل و بێ حەل و بێ مەسیل دەزانن. جگە لە یەکگرتووی ئیسلامی هیچیەک لە حیزبە دیارەکانی کوردستان کەسی یەکەمی خۆیان نەگۆڕیوە و نیازیشیان نییە بیگۆڕن. هەریەک لەو حیزبانە پێیانوایە کەسی یەکەمیان بێ بەدیلە و ئەگەر ئەو بڕوات دوور نییە حیزبەکانیان تووشی قەیرانی ناوخۆیی گەورە ببنەوە. نموونەی یەکگرتووش ئەگەرچی نوێیە لەو رووەوە کە کەسی یەکەم گۆڕاوە، بەڵام نموونەیەکی ئەوەندە سەرکەتوو نییە چاوی لێبکرێت، یەکگرتوو لەدوای گۆڕینی کەسی یەکەمییەوە بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت.

هەندێک دەڵێن هەمان ئەو بیانووەی حیزبەکان هەیانە بۆ نەگۆڕینی کەسی یەکەمیان، بۆ کوردستانیش گونجاوە و ئەگەر بارزانی بڕوات کوردستان تووشی کێشەی گەورە دەبێت. هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئەو ئارگیومێنتەی بۆ حیزبەکان بەکاردەهێنرێت بۆ کوردستان گونجاو نییە، چونکە کوردستان زیاد لە پارت و لایەنێکی تێدایە و رای جیاوازیان هەیە لەسەر ئەوەی ئایا بارزانی بێ بەدیل و بێ حەلە یان نا. حیزبەکانی دیکە دەکرێت قسەیەکی جیاوازیان هەبێت لەسەر بێ حەلیی بارزانی و رەخنەشیان هەبێت لە ئەدای ئەو، بەڵام تا ئەوکاتەی بەدیلێکی فیعلی بۆ بارزانی پێشکەش نەکەن، ناتوانن دژایەتی ئایدیای بێ بەدیلیی بارزانی بکەن.

ئارگیومێنتی دەستووری و یاسایی دژ بە درێژکردنەوە یاخود دووبارە هەڵبژاردنەوەی بارزانی وەک سەرۆک ئارگیومێنتێکی لاوازە. هەموو پارتە سیاسییەکان باش دەزانن کە لاستیکی یاسا و دەستوور بەدەستی خۆیانەوەیە و دەتوانن چۆنیان بوێ وا رایکێشن. پێشکەش نەکردنی بەدیلێک بۆ بارزانی و خۆشاردنەوە لە پشت ئارگیومێنتی یاساییەوە مانای ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکە جددی نین لە دژایەتیکردنی مانەوەی بارزانی وەک سەرۆک. بەڵام هەر لایەنە و چاوەڕوانی سازشێکە لە پارتی. هەندێک دەکرێت چاوەڕێی پۆستی زیاتر بن و هەندێکیش چاوەڕوانی گۆڕینی سیستەمی سیاسین لە دەستووردا لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانی و هەندێکی دیکەش داوای تریان هەیە کە پەیوەستە بە کۆی هاوکێشە ئیقلیمییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام دواجار کەسیان هێڵی سووریان نییە.

ئەوانەی لە سروشتی کۆمەڵگە و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شارەزان، دەزانن کە بارزانی بێ حەل بێ یان بێ بەدیل یان وا نەبێ، وەک سەرۆک دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر لە سەرۆکایەتیش نەمێنێت و تەنها دیوەخانێکی بۆ بمێنێتەوە، ئەوا دیوەخانەکەی لە سەرۆکایەتی هەرێم گرنگتر دەبێت. لەپێناوی دروستنەبوونی کێشە و گرفتی لابەلاشدا وا باشترە لایەنەکان لەجێی مانەوە و نەمانەوەی بارزانی شەڕی نووسینەوەی دەستوورێکی مۆدێرن و سازگار لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا بکەن. دەستوورێکی بێ حەل کە بۆ سەدان ساڵ دوای ئێمە و بارزانیش بمێنێتەوە.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# کۆنگرێس و پێشنیازکردنی عێراقێکی جیاواز

لە نووسینێکی ئەم مانگەیدا بۆ گۆڤاری "کاروبارەکانی دەرەوە"، دنیز نەتالی هەمان بیرۆکەی ئیدارەی ئۆبامای لەسەر بارودۆخی عێراق دووبارەکردەوە. هەرچەندە، نەتالی دانی بەوەدا نا کە کورد دەیان ساڵە لە دژی ئیسلامیە توندڕەوەکان دەجەنگێن و هاریکاریی درێژخایەنیان لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە و هاوبەشێکی بەکردەوە و پابەندن لە شەڕی داعش. نەتالی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە کورد توانا و خواستیان نیشانداوە لە هاریکاری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لایەن بە ئەمریکا و و ئێران و میلیشیا شیعە و سوننەکان و خۆبەخشە ئێزدی و مەسیحییەکان و هاوتا کوردەکانیان لە پارتی کرێکارانی کوردستان لە شەڕی دژی داعش. هەروەها دانی بەوەشدا نا کە کورد بەشی زۆری ناوچەکانی خۆیان لەدەستی داعش دەرهێناوەتەوە (بەشێک لەو ناوچانە کێڵگەی نەوتیان تێدا بووە، ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی هەندێک لە سەرچاوەی داهاتی داعش).

سەرەڕای هەموو ئەمانە، هۆشداری دەدات لەوەی کە کورد دەستکەوتی زیاد لە قەبارەی خۆیان بەدەستهێناوە. ئەوەی وەبیر خوێنەران هێناوەتەوە کە هاوکاریی ئەمریکییەکان بۆ کوردی سووریا (ئەگەرچی زۆر سنووردار بووە، بەڵام شایەنی باسکردنە) بووەتە هۆی دروستبوونی نارەزایی زۆر لە تورکیا. کوردی عێراق عەرەبەکانیان کردووەتە دوژمن بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک، هەروەها هێزە کوردییەکان مافی هەندێک لە عەرەبە سوننەکانیان پێشێل کردووە بە رێگریکردن لە گەڕانەوەیان بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کرابوون یان جیاکارییان لەبەرامبەر دەکەن لە خاڵەکانی پشکنین. هەروەها دەشڵێ کە پارتە کوردییەکان پارچە پارچەن و وەفاو بەڵێنیان جێی پرسیارە.

نەتالی هەموو ئەمانە وەک بیانوو بەکاردەهێنێ بۆ سیاسەتێک کە تێیدا نابێت ئەمریکا هاوکاریی سەربازی بێ قەیدوشەرت بۆ کورد دابین بکات، بەڵکو دەبێ هەموو هاوکارییەکانی لەڕێی بەغداوە بێت. دەبێت ئەمریکا داوا لە کورد بکات ئەو چەکانە لەدژی هاووڵاتیانی سوننە بەکارنەهێنن و هەروەها بەرپرسانی کورد هاریکاری لەگەڵ بەغدا و عەرەبە سوننەکان و کەمینەکانی دیکە بکەن. نەتالی دەڵێ: پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن هەڵسوکەت بکەن نەک وەک هێزێکی ئەمنی یان سیاسیی درێژخایەن بۆ بەرژەوەندی گرووپێکی دیاریکراو.

رەنگە هەموو ئەمانە وێنەیەکی وردمان بدەنێ لەسەرئەوەی کە چۆن کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە شتەکان دەڕوانن لە عێراق. بەڵام، پێچەوانەکە ئەوەیە کە ئۆباما و دیپلۆماتکارەکانی هیچ قەیدو شەرتێکیان لەسەر هاوکارییە سەربازییەکان بۆ بەغدا دانەناوە. دواجار کە تەماشام کرد، میلیشیا شیعەکان لەڕێی سوپای عێراقەوە چەکی ئەمریکی زیاتریان پێدەگات وەک لە کورد و هەڵسوکەوتیشیان زۆر خراپترە لەبەرامبەر هاووڵاتیە سوننە عەرەبەکان، بەڵگەش ئەوەیە کە عەرەبە سوننەکان ئەگەر بۆیان بکرێت بەلایانەوە باشترە بڕۆنە کوردستان. لەڕاستیدا کورد 10%ی ئەو هاوکاریانەیان پێدەگات کە دەدرێنە بەغدا (ئەمە جگە لەوەی کە میلیشیا شیعەکان زۆر پارچە پارچەن و وەلائیان زۆر جێی گومانە). زیاتر لەوەش، ئایا هیچ کەسێک هەستدەکات بەوەی کە ئێران و دەستوپێوەندەکانی وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن لە ناوچەکە هەڵسوکەوت دەکەن؟ ئەگەر ئەمریکا و باقی رۆژئاوا هاوکاری هاوپەیمانەکانیان نەکەن، ئەوا هاوپەیمانەکانیان لەدەست دەدەن بۆ هاوپەیمانی خەڵکانی تر.

وا دەردەکەوێت کە کۆمارییەکان لە کۆنگرێس لەگەڵ چەند دیموکراتێک زۆر باشتر لە ئیدارەکەی ئۆباما لە بارودۆخەکە گەیشتبن. بەم دواییە، پرۆژە یاسایەکی بەرگرییان لەڕێی کۆمیتەی کاروباری سەربازی پێشنیاز کرد کە رێ بە پرچەککردنی راستەوخۆی هێزەکانی پێشمەرگە و هۆزە عەرەبە سوننەکان و پاسەوانانی نیشتمانی سوننە دەدات. لاپەڕە 266ی پرۆژە یاساکە کە (هەموویم خوێندۆتەوە) پێشنیاز دەکات کە کورد و سوننە وەک دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بەمەبەستی دابینکردنی هاوکاری سەربازی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە چیتر ئەو هاوکاریانە لەڕێی بەغداوە نانێردرێت بۆیان. پرۆژە یاسا پێشنیازکراوەکە داوا دەکات لانیکەم 25%ی ئەو هاوکاریانە بدرێتە هەرێمی کوردستان و سوننەکان. ئەگەر بەغدا رێگری لەو هاوکاریانە بکات و بەردەوام بێت لە ناردنی ئەو هاوکاریانە بۆ میلیشیا شیعەکان و ئەگەر ئەو میلیشیایانە بەردەوام بن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ یان ئەگەر بەغدا هەنگاو نەنێ بۆ بەشداركردنی سوننە و کورد و لایەنەکانی دیکە لە دەسەڵات، هەموو هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ بەغدا رادەگیرێت و دەستبەجێش 60%ی هاوکارییەکان دەنێردرێت بۆ کورد و هاوپەیمانە سوننەکانیان.

ئەم تێڕوانینە زۆر جیاوازە لە سیاسەتی حاڵی حازری ئیدارەکەی ئەمریکا کە بریتییە لە "هاوکاریکردنی دوژمنەکانی و پشتگوێخستنی هاوپەیمانەکانی". رەنگە ئەندامانی کۆنگرێس لە ئۆباما و راوێژکارەکانی و بەرپرسانی وەزارەتەکەی دەرەوەی باشتر لە بارودۆخەکە گەیشتبن. زمانی پرۆژە یاساکە ئەوەندە توندە کە موقتەدا سەدری وا لێکرد بە هەڕەشە وەڵام بداتەوە. موقتەدا گوتی ئەگەر ئەو پرۆژە یاسایە تێپەڕێندرێت ئەوا میلیشیا چەکدارەکانی ئامادە دەکات "بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و دەرەوەی عێراق".

بێگومان، حاڵی حازر زۆرینەی ئەو چەکانەی واشنتن دەینێرێت بۆ عێراق، دەگاتە دەست هاوڕێکانی میلیشیای سەدر.



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# سۆرمانجی

لە دواییین هاودیتنم لەگەڵ کەسایەتییەکی باکووری کوردستان کە ماوەیەکە لە هەولێر دادەنیشێ. هەوڵماندا بە کوردی قسە بکەین. ئەو تۆزێک سۆرانی تێکەڵی قسەکانی خۆی کرد، منیش هەندێک کرمانجی. شێوەزارێکی هێندە ناسک پەیدابوو، زۆر بەئاسانی لەیەک گەیشتین بەبێ بەکارهێنانی هیچ زمانێکی بێگانە. هەردوو لە کانگای دڵمانەوە ویستمان ئەم شێوەزارە ناوبنێین 'سۆرمانجی'.

مەسەلەکە ئەوەیە کە لە ناوەندی سەرقاڵبوون بە بابەتە رۆژانەکانی ژیان، گێرمە و کێشمە سیاسییەکان و رۆژەڤی دەستکردەوە، خەمە گەورەکانی گەل و وڵاتمان لەبیردەچێتەوە.

بەڵام ئەو خەمانە هەموو لە جێی خۆیانن و ئایندەی کوردستان بەندە بە چارەسەرکردنیانەوە. یەکێک لە گەورەترینی ئەو خەمانە نەبوونی 'زمانی هاوبەش'ە.

لەو باوەڕەدام، سەدان وتار لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام یەک هەنگاوی کرداری نەنراوە.

ئەگەر بمانەوێت وڵات بنیات بنێین و ببینە خاوەنی دەوڵەت، یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکان کە پێویستە بینێین، یەکخستنی زمانی کوردییە.

کاتێک سەرنجی نەخشەی سیاسی کوردستان دەدەی، بەدەر لە کەرتبوونەکانی شەڕی چالدێران و جەنگی یەکەمی جیهانی، دابەشبوونێکی سروشتیی دیکە هەیە.

ئەم دابەشبوونە سروشتییە، کورد کەرت دەکات بەسەر کرمانج و سۆران. زێی گەورە سنووری ئەم کەرتبوونەیە.

کاریگەرییەکانی ئەم کەرتبوونە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بەڕوونی دیارە. کوردانی سۆرانی دیالێکت لە ئێران بن یان عێراق، خاوەنی دەیان خاڵی هاوبەشن، کوردانی کرمانجی دیالێکتیش، لە عێراق بن یان تورکیا یان باکووری کوردستانی ئێران یان سووریا بەهەمان شێوە خاوەنی یادەوەرییەکی گشتی هاوبەشن. بەڵام سەدان هێڵی جوداکردنەوە ئەم دوو پێکهاتە کوردییە لەیەک دادەبڕن.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دوو ئیدارەیی و دوو پارچەیی و دوو سیاسەتی هەرێمیش هەر ئەو جیابوونەوە دیموگرافییەیە.

ئەم دووبەرەکییە لە سەرەتای مێژووەوە یەکێک بووە لەو تەحەددا گەورانەی هاتوونەتە رێگەی کورد و قەدەری ئەم وڵاتەیان بەم جۆرە بردووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای نەوەدەکانەوە هەتا ئێستاش هیچ شتێکی نەکردووە بۆ نەهێشتنی ئەم دووبەرەکییە. بەپێچەوانەوە، بە بەکارهێنانی کرمانجی بۆ کاروباری فەرمی و خوێندن لە دهۆک و دەوروبەری و بەکارهێنانی سۆرانی بۆ هەمان مەبەست لە هەولێر و سلێمانی و گەرمیان ئەم پەرتبوونەی قووڵتر کردەوە.

ئەگەر لەم بارەیەوە هەنگاوێک نرابێت، ئەو هەوڵە بووە کە میدیای کوردی سەربەخۆیانە داویەتی لەڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو دیالێکتەکە. ئەم هەوڵە چەندێک سەرکەوتوو بووە، ئەوە جێی پرسیارە.

دەبێت لەم قۆناغەدا کورد بڕیاری خۆی بدات. ئایا دەیەوێت ئەو کەرتبوونە مێژوویییە بەردەوام بکات هەتا ئەبەد یان پێچەوانەکەی مەبەستە؟

بەبۆچوونی من، تەنها رێگە بۆ بنیاتنانی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی، دروستکردن و بڵاوکردنەوەی زمانێکی هاوبەشە. هەتا بەیەک زمان قسە نەکەین، قەت ناتوانین لەیەک تێبگەین و هاوهەست و هاوتێگەشتن بین لەگەڵ یەکدا.

من ناڵێم، سۆرانی بسەپێنین بەسەر کرمانجیدا، یان کرمانجی بسەپێنین بەسەر سۆرانیدا. با هەردوو پارێزگاری لەخۆیان بکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا، زمانێکی هاوبەشمان هەبێت کە لە خوێندن و دامودەزگا فەرمییەکاندا بەکاربهێنرێت.

بەکورتییەکەی دەڵێم، کاتێک فەرمانگەیەکی سلێمانی نووسراوێکی نارد بۆ فەرمانگەیەکی دهۆک یان بەپێچەوانەوە، با بتوانن لێی تێبگەن بەبێ وەرگێڕ! دەڵێم، ئەو کتێبەی خوێندکارێک لە گەرمییان دەیخوێنێت، هەمان کتێب بێت لەگەڵ ئەوەی بادینان. نووسراوی سەر شەقامەکان هەمان زمان بن. نەک لە 100 کیلۆمەتر رێدا چوار زمان بگۆڕن.

هەتا کوردی نەبێت بە یەک، کورد نابێت بەیەک. کەوابوو دەست بخەنە سەر ویژدانتان و کارێک بکەن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت نەوەکانمان لەیەک تێبگەن.

ئاسۆ

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




جابری بۆ (ڕووداو):
## هەواداری کوردم زۆرن

« 19

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : سالّح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵلا قرگەیی
**دیزاینەران** : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




Empire World
Building the Future

Empire World:
Empire Business Complex C4, Erbil, Iraq
Tel: +964 (0) 66 257 6006 - +964 (0) 66 257 6007
info@empireiraq.com - www.empireiraq.com